سربست مصطفى رشيد آميدي



# کورتەیەک لە بارەی سیستەمەکانی هەڵبژاردنەوە

## ”عێراق وەکوو نموونە”

## لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بەراوردکارییە

**ئاسۆ کەریم**

لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوە بو کوردی

2023

# کورتەیەک لە بارەی سیستەمەکانی هەڵبژاردنەوە

## ”عێراق وەکوو نموونە”

## لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بەراوردکارییە

**سەربەست مستەفا ڕەشید ئامێدی**

**ئاسۆ کەریم**
لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوە بو کوردی

بەرگ و دیزاین:
**عصام حجي طاهر**

چاپا ئێکێ / 2023
چاپکری : 300 دانه
ژمارا سپاردنێ :  (D-/ 2466 /23)
ل ڕێڤەبەریا پەرتووکخانەیێن گشتی ل پارێزگەها دهۆکێ
چاپخانەیا: تەهران - ئیران

دهۆک / کوردستان

**مافێن چاپکرنێ دپاراستینە**
**ڕێ ل دوبارەکرنا ڤێ پەرتووکێ یان ژی پشکەك ژێ، ب هەر ڕەنگەکی نە یا دەستویردایە، بتنێ ب ئاگەهدارکرنا پێشوەخت یا نڤیسەری.**

**e-mail: sarbaststep@gmail.com**



# کورتەیەک لە بارەی سیستەمەکانی هەڵبژاردنەوە

## ”عێراق وەکوو نموونە”

لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بەراوردکارییە




## دیاری

بۆ هەمی ڤەکۆلەر و تایبەتمەند و خەمخۆرێن د بیاڤێ سیستەمێن هەلبژارتنا و ئەنجامدانا هەلبژارتنان دا کاردکەن، دکەمە دیاری.

## پێڕست


| بابەت | بپ |
| --- | --- |
| **پێشەکی چاپی کوردی** | 13 |
| **١: سیستەمی زۆرینە** | 15 |
| ١-١: سیستەمی زۆرینەی باو | 15 |
| ١-١-١: سیستەمی زۆرینەی سادە (براوەی یەکەم) | 15 |
| ١-١-٢: سیستەمی زۆرینەی ڕەها (سیستەمی دوو خول) | 18 |
| ١-١-٣: سیستەمی دەنگدانی جێگرەوە | 23 |
| ١-١-٤: سیستەمی دەنگدان بە بلۆک | 25 |
| ١-٢: سیستەمەکانی دیکەی زۆرینە | 30 |
| ١-٢-١: سیستەمی یەک دەنگی ڕانەگوێزراوە | 30 |
| ١-٢-٢: سیستەمی دەنگی سنووردار | 32 |
| ١-٢-٣: سیستەمی دەنگدان بە بلۆکی حزبی | 33 |
| ١-٢-٤: سیستەمی بۆردا | 34 |
| **٢: سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی** | 35 |
| ٢-١: سیستەمی لیستی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی | 37 |
| ٢-١-١: سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی بەپێی لیستی داخراو | 37 |
| ٢-١-٢: سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی بەپێی لیستی کراوە (داخراو لەگەڵ بەباشترزانین) | 37 |
| ٢-١-٣: سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی بەگوێرەی لیستی ئازاد | 40 |
| ٢-١-٤: لایەنە باش و خراپەکانی سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی | 42 |
| ٢-٢: سیستەمی یەک دەنگی ڕاگوێزراوە | 49 |
| ٢-٣: فۆرمۆڵەکانی هەڵبژاردن لە سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی | 53 |
| **٣: سیستەمە تێکەڵەکانی هەڵبژاردن** | 63 |
| ٣-١: سیستەمە تێکەڵەکانی هەڵبژاردن | 63 |
| ٣-١-١: سیستەمی هاوتەریبی هەڵبژاردن | 63 |

## پێڕست


| بابەت | بپ |
|---|---|
| ٣-١-٢: سیستەمی تێکەڵەی هاوڕێژەیی ئەندامێتیی | 68 |
| ٣-٢: خەسلەت و سیما هەرە گرنگەکانی سیستەمی هەڵبژاردن | 73 |
| **٤: سیستەمی پێڕەوکراوەکانی هەڵبژاردن لە عێراقدا** | 79 |
| ٤-١: سیستەمە پێڕەوکراوەکانی هەڵبژاردن لە قانوونەکانی هەڵبژاردن لە (١٩٢٤)ەوە تا ٢٠٠٣) | 81 |
| ٤-١-١: قانوونی ساڵی (١٩٢٤)ی هەڵبژاردنی نوێنەران | 81 |
| ٤-١-٢: قانوونی ژمارە (١١)ی ساڵی (١٩٤٦)ی هەڵبژاردنی نوێنەران | 82 |
| ٤-١-٣-١: مەرسومی ژمارە (٦)ی ساڵی (١٩٥٢)ی هەڵبژاردنی نوێنەران | 82 |
| ٤-١-٣-٢: قانوونی ژمارە (٥٣)ی ساڵی (١٩٥٦)ی هەڵبژاردنی نوێنەران | 82 |
| ٤-١-٤: قانوونی ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٦٧)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی میللەت | 83 |
| ٤-١-٥: قانوونی ژمارە (٥٥)ی ساڵی (١٩٨٠)ی ئەنجوومەنی نیشتمانی | 84 |
| ٤-١-٦: قانوونی ژمارە (٢٦)ی ساڵی (١٩٩٥)ی ئەنجوومەنی نیشتمانی | 85 |
| ٤-٢: سیستەمە پێڕەوکراوەکانی هەڵبژاردن لە قانوونەکانی هەڵبژاردن لە دوای (٢٠٠٣)ەوە | 86 |
| ٤-٢-١: فەرمانی ژمارە (٩٦)ی ساڵی (٢٠٠٤)ی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان | 86 |
| ٤-٢-٢ ڕیفاندەم لەسەر دەستوور لە (١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥)دا | 86 |
| ٤-٢-٣: قانوونی ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەڵبژاردن | 87 |

## پێڕست


| بابەت | بپ |
|---|---|
| ٤-٢-٤: قانوونی هەموارکردنەوە، ژمارە (٣٦)ی ساڵی (٢٠٠٩) (قانوونی هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەڵبژاردنەکان) | 88 |
| ٤-٢-٥: قانوونی ژمارە (٤٥)ی ساڵی (٢٠١٣)ی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق | 92 |
| ٤-٢-٦: قانوونی یەکەم هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (٤٥) ی ساڵی (٢٠١٣)ی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق | 99 |
| ٤-٢-٧: قانوونی دووەم هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (٤٥)ی ساڵی (٢٠١٣)ی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق | 101 |
| ٤-٢-٨: قانوونی سێیەم هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (٤٥) ی ساڵی (٢٠١٣)ی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق | 102 |
| ٤-٢-٩: قانوونی ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران | 110 |
| ٤-٣: قانوونەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکانی ئەو پارێزگا و قەزا و ناحییانەی لە هەرێمێکدا ڕێک نەخراون | 113 |
| ٤-٣-١: قانوونی ژمارە (٣٦)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ئەو پارێزگا و قەزا و ناحییانەی لە هەرێمێکدا ڕێک نەخراون | 113 |
| ٤-٣-٢: قانوونی هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (٣٦)ی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزا و ناحییەکان | 115 |
| ٤-٣-٣: قانوونی دووەم هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (٣٦)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاکان | 116 |
| ٤-٣-٤: قانوونی هەموارکردنەوەی، ژمارە (١١٤)ی ساڵی (٢٠١٢) ی قانوونی ژمارە ٣٦ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزا و ناحییەکان | 116 |

## پێڕست


| بابەت | بپ |
|---|---|
| ٤-٣-٥: قانوونی ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠١٨)ی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاکان | 118 |
| ٤-٣-٦: قانوونی یەکەم هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (١٢) ی ساڵی (٢٠١٨)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ئەو پارێزگا و قەزایانەی سەر بەو پارێزگایانەوەن و لە هەرێمێکدا ڕێک نەخراون | 121 |
| ٤-٣-٧: قانوونی دووەم هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠١٨)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ئەو پارێزگا و قەزایانەی سەر بەو پارێزگایانەوەن و لە هەرێمێکدا ڕێک نەخراون | 125 |
| **٥: قانوونەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا** | 126 |
| ٥-١: قانوونەکانی هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان | 126 |
| ٥-١-١: قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق | 126 |
| ٥-١-٢: قانوونی سێیەم هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق | 127 |
| ٥-١-٣: قانوونی چوارەم هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق کە ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی پێ دراوە | 128 |
| ٥-١-٤: قانوونی پێنجەم هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان کە ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠٠٩)ی پێ دراوە | 131 |
| ٥-١-٥: قانوونی حەفتەم هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی پارلەمانی کوردستان کە ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠١٣)ی پێ دراوە. | 132 |
| ٥-٢: قانوونەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستاندا | 135 |

# پێڕست

| بابەت | بپ |
|---|---|


| بابەت | بپ |
|---|---|
| ٥-٢-١: قانوونی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزا و ناحییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا | 135 |
| ٥-٢-٢: قانوونی هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزا و ناحییەکان لە هەرێمی کوردستاندا کە ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠١١)ی پێ دراوە | 139 |
| ٥-٣: قانوونی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان | 141 |
| ٥-٣-١: قانوونی ژمارە (٢)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵبژاردنی ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد | 141 |
| ٥-٣-٢: قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان | 141 |
| ٥-٣-٣: قانوونی یەکەم و دووەم هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان | 143 |
| ٥-٣-٤: قانوونی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠١٣)ی درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان | 143 |
| ٥-٣-٥: قانووی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٧)ی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستووریەکانی هەرێمدا و قانوونی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٨) ی هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان | 144 |
| ٥-٣-٦: قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٩)ی کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان | 145 |
| دیماهی | 149 |
| پاشکۆکان | 157 |
| لیستی سەرچاوەکان | 273 |

# كورتكراوەكان

| النظام الانتخابي بالعربي | سيستەمێ هەلبژارتنان ب كوردى | النظام الانتخابي بالإنكليزي | مختصر النظام الانتخابي |
|---|---|---|---|
| نظام الصوت البديل | دەنگی جێگرەوە (ئەلتەرناتیڤ) | Alternative Vote | AV |
| نظام بوردا | سیستەمی بۆردا | Borda Count | BC |
| نظام الكتلة | سیستەمی بلۆك (كیتلە) | Block Vote | BV |
| نظام الفائز الأول | سیستەمی براوەی یەكەم | First Past The Post | FPTP |
| نظام الصوت المحدود | سیستەمی دەنگی سنووردار | Limited Vote | LV |
| نظام القائمة النسبية | سیستەمی لیستی ڕێژەیی | List Proportional Representation | List PR |
| نظام العضوية المختلطة | سیستەمی ئەندامێتیی تێكەڵاو | Mixed Member Proportional | MMP |
| نظام الكتلة الحزبية | سیستەمی بلۆكی حزبی | Party Block Vote | PBV |
| التمثيل النسبي | نوێنەرایەتیی ڕێژەیی | Proportional Representation | PR |
| نظام الصوت الواحد غير المتحول | یەك دەنگی ڕانەگوێزراوە | Single Non-Transferable Vote | SNTV |
| نظام الصوت الواحد المتحول | یەك دەنگی ڕاگوێزراوە | Single Transferable Vote | STV |
| نظام الأغلبية المطلقة | سیستەمی دوو خول، یان زۆرینەی ڕەها | Two- Round System | TRS |


نظام الفائز الأول
نظام الجولتين
نظام الصوت البديل
نظام الكتلة
نظام الكتلة الحزبية
النظام المتوازي
نظام النسبية المختلطة
نظام القائمة النسبية
نظام الصوت الواحد المتحول
نظام الصوت الواحد غير المتحول
نظام الصوت المحدود
نظام بوردا
نظام انتقالي أو بلد
لا ينظم انتخابات تشريعية مباشرة

# پێشەکی

رادەربرین ژ بیرو هزرا مروڤی بکارئینانیە ژ دەستپێکا ژیاناخو هەتا بویە مافەکێ هەرەگرنگێ هەر مروڤەکی، وە شێوەیێ بکارئینانا ڤی مافی ئەوە دەنگدان چ لهەلبژارتنان یان راپرسیا، بویە ئازادیا مافێ رادەربرینێ د هەلبژارتنان دا پێنگاڤا هەرا گرنگە بو بەشداربونا هاولاتیان یێن مافێ دەنگدانێ هەی د بریارا سیاسی یا ولاتێ وی. دیسان هەلبژاتن تاکە رێکا ئاشتیانەیە بو ئالوگورکرنا دەسەلاتێ لهەر ولاتەکی. وە جارێ گەهشتن دەسەلاتێ برێکا زوریێ و توندوتیژیێ وە بکارئینانا چەکی جهێ رەزامەندیێ نینە چ لناڤ هەر ولاتەکی یان ژلایێ جڤاکا نیڤ دەولەتی. وە هەلبژارتن ئەو کراسە کو رەوابونێ (شرعية) ددەتە هەر دەسەلاتەکێ.

براستی ئەف پەرتوکە وەرگێرانە ژ (عربي) بو کوردی کو چاپا ئێکێ ل سالا ٢٠١١ ێ هاتبوو چاپکرن وە چاپا دووێ ل سالا ٢٠٢١ ێ هاتیە چاپکرن، ژبەر دیتنامە کو هەلبژارتن نها بویە خزمەتەکا گشتی ل زور ولاتان، پشتی بەرپابونا شێوێن دیموکراسیێ بو گەهشتن و ئالوگورکرنا دەسەلاتێ.

وە ژبەر ڤێ چەندێ چەندین چین و تەخ پێدڤینە زانیارییێن درست لسەر هەلبژارتنان وەربگرن وەک کارمەندێن ل دەزگەهێن برێڤەبرنا هەلبژارتنان کاردکەن، یان ئەندامێن پارتێن سیاسی، یان ماموستا و شاکردێن زانکویا، یان ژی چالاکڤانێن رێکخراوێن جڤاکێ سڤیل، یان دەزگەهێن راگەهاندنێ، نەخاسمە لسەر بابەتێ سیستەمێ هەلبژارتنان، وە دیسا ئەو سیستەمێن هەلبژارتنا ئیراقێ و هەرێما کوردستانێ بکارئینانیە هەر ژ سالا ١٩٢٤ هەتا نها.

لسەر ڤێ چەندێ مە دیت کو ئەف پەرتوکە ببیتە زمانێ کوردی، کو ب سوپاسیڤە بەرێز (ئاسو کەریم) ژ زمانێ (عربي) کریە کوردی، دیسان سوپاسیا بەرێز (عصام حجي طاهر) دکەم کو ئەرکێ دیزاین و رێکخستنا ڤێ پەرتوکێ کریە بەری بکەڤیتە لبەر دەستێن خویندەڤانێن ژێهاتی.

سەربەست مستەفا ئامێدی

دهوک

٢٠٢٣/٣/٢٠


عائلات النظم الانتخابية
نظم التعددية الاغلبية
النظم المختلطة
نظم التمثيل النسبي
نظام الفائز الأول
نظام الجولتين
نظام الصوت البديل
نظام الكتلة
نظام الكتلة الحزبية
نظام الصوت الواحد غير المتحول
نظام الصوت المحدود
نظام بوردا
النظام المتوازي
النظام العضوية المختلطة
نظام القائمة النسبية
نظام الصوت الواحد المتحول

# 1: سیستەمی زۆرینە

## 1-1: سیستەمی زۆرینەی باو

سیستەمی زۆرینە Majoritarian چییە؟ سیستەمێکە کە ئەو پاڵێوراوەی زۆرینەی دەنگی ئەوانەی دەنگیان لە هەڵبژاردنێکدا داوە بەدەستبهێنێ، بە براوەی ئەو هەڵبژاردنە دادەنرێ، یان ئەو لیستەی کە زۆرینەی دەنگەکان لە «سیستەمی هەڵبژاردن بە لیست»دا بەدەستبهێنێ، دەبێتە براوە. بەو مانایە، دەکرێ سیستەمی زۆرینە هەم لە شێوازی هەڵبژاردنی «تاکەکەسی/ فەردی» و هەم لە شێوازی هەڵبژاردن بە لیستدا جێبەجێ بکرێ.[1] لێرە بە دواوە جۆرە باوەکانی سیستەمی زۆرینە دەخەینە بەر باس کە برێتین لە سیستەمی زۆرینەی سادە (براوەی یەکەم FPTP)، سیستەمی زۆرینەی ڕەها (سیستەمی دوو خول TRS)، سیستەمی دەنگدانی جێگرەوە (AV)، سیستەمی دەنگدان بە بلۆك (كيتلە BV).

### ١-١-١: سیستەمی زۆرینەی سادە (براوەی یەکەم) (FPTP)

ئەم سیستەمە چەند ناوێکی دیکەشی هەس: سیستەمی براوەی یەکەم، سیستەمی زۆرینەی ڕێژەیی و سیستەمی زۆرینەی گەڕی یەکەم. بە گوێرەی ئەم سیستەمە ئەو پاڵێوراوەی زۆرترین ژمارەی دەنگەکانی بەدەست هێنابێ، هەڵبژاردنەکە دەباتەوە، با کۆی ژمارەی ئەو دەنگانەی کە پاڵێوراوەکانی دیکە بەدەستیان هێناوە، لە ژمارەی دەنگەکانی ئەو پاڵێوراوە براوەیە، زۆرتریش بێ.[2] ئەم جۆرە سیستەمە، جۆرێکی هەرە سادە و ساکاری سیستەمی هەڵبژاردنە و زۆر لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو بازنەیەی هەڵبژاردندا تەبا و گونجاوە کە تاقە ئەندامێکی هەیە.

---

١- بلال أمين زين الدين، النظم الانتخابية المعاصرة، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية، مصر، ط١، سنة ٢٠١١، ص٦٦

٢- د. عصام نعمة اسماعيل، النظم الانتخابية، منشورات زين الحقوقية، بيروت، لبنان، ط٢، سنة ٢٠١١، ص٣٣٧

با نموونەیەك بهێنینەوە، گریمان لە بازنەیەکی هەڵبژاردندا، ژمارەی ئەوانەی دەنگی ڕاستیان داوە (٦٠٠٠) بووە و پێنج پاڵێوراویش لەو بازنەیەدا کێبەرکێیان کردووە. پاش پرۆسەی لێکجیاکردنەوەی دەنگەکان دەرکەوت هەر یەك لە پاڵێوراوەکان ئەم دەنگانەی هێناوە. پاڵێوراوی یەکەم (٢٠٠٠) دەنگ، پاڵێوراوی دووەم (١٣٠٠) دەنگ، پاڵێوراوی سێیەم (١٠٠٠) دەنگ، پاڵێوراوی چوارەم (٩٠٠) دەنگ و پێنجەمیشیان (٨٠٠) دەنگ. وەك دیارە، پاڵێوراوی یەکەم دەبێتە براوە بەو پێیەی لەوانی دیکە پتر دەنگی هێناوە و ئەو کورسییە پارلەمانییەی بۆ ئەو بازنەیە تەرخان کراوە، بەر ئەو دەکەوێ. هەرچەندە کۆی دەنگەکانی چوار پاڵێوراوەکانی دیکە (٤٠٠٠) دەنگە و لە نیوەی ژمارەی دەنگە ڕاستەکان-یش زێترە. ئەم سیستەمە لە بەریتانیا و ئەو وڵاتانەی کە لە باری مێژووییەوە لە سایە و سێبەری کۆلۆنیالیزمی بریتانیادا بوون، پێڕەو دەکرێ[٣] وەکوو کەنەدا، هیندستان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. هەروابێتەوە لە بەنگلادیش، مالیزیا، نیپال، یەمەن و لە ئەفریقیاشدا لە بۆتسوانا، کینیا، نێجیریا، تەنزانیا، ئۆگەندا و زیمبابۆی بەکاردەهێندرێ.

بەریتانیا، سیستەمی زۆرینەی سادەی بە پشبەستن بە پاڵاوتنی تاکەکەسی تێدا بەکاردەهێندرێ. ئەمەش خەسڵەت و بچمێکی هەرە دیاری سیستەمی سیاسییە لەو وڵاتەدا، بەو پێیەی بەریتانیا زێد و وڵاتی دایکی پێڕەوکردنی ئەم سیستەمەیە.[٤] ئەم سیستەمە پشت بە ژمارەیەك توخم و ڕەگەز دەبەستێ، لەوانە دەنگدان لە بەریتانیا لە بازنەی بچووکی هەڵبژاردندا بەڕێوەدەچێ. هەر بازنەیەکیش تەنیا یەك کورسیی پارلەمانیی بۆ تەرخان کراوە و، ئەو پاڵێوراوەی زۆرینەی دەنگەکانی ئەو بازنەیە بەدەست بهێنێ، کورسییە پارلەمانییەکە دەبێتە هی ئەو، بێ ئەوەی کرابێتە مەرج دەبێ ئەو پاڵێوراوەی کورسییەکەی بەردەکەوێ، ڕێژەیەکی دیاریکراوی دەنگەکانی بەدەست هێنابێ. دەشێت پاڵێوراوێك بە «تەزکیە« دەربچێت لە حاڵێکدا هیچ کەسێکی دیکە لەو بازنەیەدا خۆی نەپاڵاوتبێ و پێویست نەکات هەڵبژاردنی تێدا بکرێ.

---

٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٦

٤- د. ابراهيم عبد العزيز شيحا، النظم السياسية والقانون الدستوري، منشأة المعارف، الاسكندرية، مصر، بدون ذكر رقم وسنة الطبع، ص٢٨٦

لایەنە باش و خراپەکانی ئەم سیستەمە:

سیستەمی هەڵبژاردنی «فەردی» چەند لایەنێکی باشی هەیە، گرنگترینیان:

١. دەنگدەر، ئەم پرۆسەیەی پێ ئاسانە و، بە ساناهی پرۆسەی دەنگدانی تێدا بەڕێوەدەچێ.[٥]

٢. سەقامگیریی حکوومەت: لە سیستەمی زۆرینەدا، پارتێك، یان هاوپەیمانێتییەکی تۆکمە و توند کە زۆرینە بەدەستدەهێنێ و هەڵبژاردن دەباتەوە، حکوومەتێکی بەهێز و پتەو و جێگیر دادەمەزرێنێ و[٦] بە هاسانی لە پارلەماندا متمانەی لێ وەرناگیرێتەوە.

٣. جێبەجێکردنی ئەم سیستەمەی هەڵبژاردن، پارە و پووڵێکی کەمتری تێ دەچێت.

٤. پرۆسەی ژماردن و لێکجوداکردنەوە و هاڵاواردنی دەنگەکان بە ئاسانی و سادەیی بەڕێوەدەچێت.

٥. خێرا و بلەز ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕادەگەیەنرێت.

٦. بە جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە، بەرهەڵستێکی (ئۆپۆزیسیۆن) پتەو و موکمی پارلەمانیی دێتە کایەوە، چونکە ئەو حزب، یان حزبانەی زۆرینە بۆ پێکهێنانی کابینە ناهێنن، ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێزی پارلەمانیی پێکدەهێنن کە لەوانەیە لە خولێکی دیکەی هەڵبژاردندا ببەنەوە و حزبی حوکمڕانیش بچێتە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسییەوە.[٧]

سەرباری ئەو لایەنە باشانە، ئەم سیستەمە خەوش و لایەنی خراپیشی هەیە، گرنگترینیان:

١. ئەم سیستەمە دادپەروەری تێدا نییە.[٨] چونکە ئەو پاڵێوراوەی زۆرینەی دەنگەکان دەهێنێ، دەبێتە ئەندامی پارلەمان و، ئەو حزبەی زۆرینەی سادە دەباتەوە دەتوانێ کابینە پێکبهێنێ، ڕەنگە ئەوە کارێکی سروشتی بێت، بەڵام

---

٥- هەمان سەرچاوە، ل٣٤١

٦- اندرو رينولدز وآخرون، انواع النظم الانتخابية، ترجمة كريستينا خوشابا بتو، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، اربيل، العراق، ط١، سنة ٢٠٠٧، ص٧٣

٧- د. عصام نعمة اسماعيل، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٠

٨- د. ابراهيم عبد العزيز، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٣

زۆرینەی دەنگدەران دەنگیان بۆ ئەو حزبە نەداوە.

٢. ئەم سیستەمە نوێنەرایەتیی هەموو توێژ و تایفەکانی گەل بە شێوەیەکی واقیعی و ڕاستەقینە ناکات.

٣. ئەم سیستەمە، فرەیی (پلورالیزم)ی سیاسی و حزبی لێ ناکەوێتەوە. بەڵکە لە ئەنجامی پێڕەوکردنی دوورودرێژی ئەم سیستەمەدا، سیستەمی دووانەی حزبی دێتە گۆڕێ[٩] ، واتە دوو حزبی سیاسیی بەهێز کۆنترۆڵی ژیانی سیاسی لە وڵاتدا دەکەن. هەڵبەت ئەمە بەم مانایە نییە کە لەتەك هەردوو حزبی گەورەدا، چەند حزبێکی بچووکی کز و لاواز لە شانۆ و گۆڕەپانی سیاسیدا بوونیان نییە.

٤. ئەم سیستەمە نوێنەرایەتی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست ناکات. چونکە پاڵێوراوەکانی ئەم پێکهاتانە بە زەحمەت دەشێن زۆرینەی پێویست بۆ بوونە نوێنەر لە ئەنجوومەنەکاندا بەدەست بهێنن.[١٠]

٥. هەروابێتەوە ئەم سیستەمە بۆ ئافرەتانیش سەخت و دژوارە[١١]. ئەو پارلەمانانەی لە ئەنجامی پێڕەوکردنی ئەم سیستەمە دێنەکایەوە، بەزۆری ڕا و بۆچوونەکانی ژنان دەرنابڕن و لە ئەنجامی ئەو سیستەمەشدا لە بەشی خوارووی جیهاندا ئافرەتان لە ئەندامێتیی پارلەمان بێبەش و پەراوێزخراون. لەوما وەك تێبینی دەکرێ هەڵبژاردنی ئافرەتان بۆ ئەندامێتیی پارلەمان لە سیستەمی زۆرینەدا لە چاو سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی زۆر کەمترە.

٦. هەروا لەم سیستەمەدا بە ئاسانی پاڵێوراوەکانی خێڵ و تیرەکان و ئولداران زۆرینەی پێویست دەهێنن و دەبنە پارلەمەنتار لەو بازنانەی کە یەك ئەندامیان هەیە.[١٢] بەم پێیە پارلەمانێك دێتە ئاراوە کە سەرۆك خێڵ و شێخ و ئولدارانی تێدا باڵادەست دەبێت.

### ١-١-٢: سیستەمی زۆرینەی ڕەها (سیستەمی دوو خول) (TRS)

وەکوو ئاماژەی بۆ کرا، سیستەمی زۆرینەی سادە کە لە چەند وڵاتێکی جیهاندا پێڕەودەکرێ، سۆنگەی نادادپەروەری بووە کە دەنگی هەڵبژێر بە شێوەیەك

---

٩- د. عصام نعمة، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٥

١٠- هەمان سەرچاوە، ل٣٤٥

١١- اندرو رینولدز وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣

(ورقة اقتراع الفائز الأول في فلسطين)



لجنة الإنتخابات المركزية

انتخابات رئيس السلطة الوطنية الفلسطينية

١٩٩٦/١/٢٠

لا تقترع لصالح أكثر من مرشح واحد (ضع إشارة X بجانب المرشح الذي تختار)

| X | رقم | إسم المرشح |
| --- | --- | --- |
| | ١ | محمد ياسر عبد الرؤوف عرفات (أبو عمار) |
| | ٢ | سميحة يوسف مصطفى القبج خليل (أم خليل) |

## ورقة اقتراع نظام الفائز الأول في الانتخابات الهندية



تەرجەمە بکرێ کە هاوشانی کورسییەکان بێ لە ئەنجوومەنەکانی نوێنەرایەتیدا. لەوما فیکری مرۆیی، توانیویە سیستەمێکی دیکە دابهێنێ، یان سیستەمی زۆرینەی سادە بە شێوەیەکی لەبار و گونجاو هەمواربکاتەوە کە دادپەروەرانەتر بێ و واقیعی سەنگی هێزە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەدا ڕەنگ پێ بداتەوە. بەم شێوەیە سیستەمی زۆرینەی ڕەها داهێنراوە، بەو مانا و مەبەستەی کە ئەو پاڵێوراوە، یان لیستە حزبییەی زۆرینەی ڕەهای دەنگە ڕاستەکان بهێنێ، لە هەڵبژاردن دەباتەوە. وەك دیارە ئاسان نییە پاڵێوراوێك لە بازنەکەی خۆیدا کە لەسەر بنەمای فەردی بێت، یان لیستێکی هەڵبژاردن زێتر لە نیوەی دەنگە ڕاستەکان بهێنێ، لەوما گەڕێکی دیکەی هەڵبژاردن دەکرێتەوە. لە گەڕی دووەمدا وردەکارییەکانی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لە وڵاتێکەوە دەگۆڕێ بۆ وڵاتێکی دیکە، بەڵام ئەوەی زێتر باوە لە گەڕی دووەمدا، هەڵبژاردن لە نێوان ئەو دوو پاڵێوراوەدا، یان ئەو دوو لیستەدا دەکرێتەوە کە دەنگی یەکەم و دەنگی دووەمیان هێناوە، لە گەڕی دووەمدا کێهەیان زۆرینەی سادە، یان ڕێژەیی بهێنێ ئەو بە براوە دادەنرێت. لێرەدا بە پێویست دەزانرێ جیاوازی لە نێوان سیستەمی زۆرینەی ڕەها، یان وەك دەگوترێ سیستەمی دوو گەڕ (خول) و لە نێوان سیستەمێکی دیکەی هەڵبژاردندا بکرێت کە پێی دەگوترێ هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ کە ئەویش بە دوو قۆناخ بەڕێوەدەچێ. لە هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆدا، قۆناخی یەکەم ئەرکی هەڵبژێران Electorates ئەوەیە چەند بریکار (وەکیل، مەندوب)ێك بۆ خۆیان هەڵبژێرن، لە قۆناخی دووەمدا ئەو نوێنەر یان بریکارانە لە بری ئەوان، ئەرکی هەڵبژاردنی ئەندامانی پارلەمانیان دەکەویتە ئەستۆ. ئەم سیستەمەی دوایی، لە سەردەمی پاشایەتیدا لە عێراقدا پێڕەوی لێ کراوە. دەستووری (١٩٢٣)ی میسریش هەر ئەم سیستەمەی هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆی بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پارلەمان پەسند کردبوو، پێش ئەوەی هەموار بکرێتەوە. هەروابێتەوە لە هەڵبژاردنی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشدا پێڕەوی لێ دەکرێ.

**لایەنە باشەکانی ئەم سیستەمە:**

ئەم سیستەمە بە جۆرێکی سیستەمی زۆرینە دادەنرێت. واتە ئەو سیمایانەی تێدایە کە لەو سیستەمانەدا هەن و زۆرینەی ئەو خەوش و کەموکورتییانەی لە زۆرینەی سادەدا ئاماژەمان پێ کردن، لەم جۆرەشیاندا هەن. سەرباری هەندێش، ئەم سیستەمە هەندێ لایەنی باش و خراپی تایبەت بە خۆی هەیە. گرنگترین

لایەنی باشی ئەم جۆرەیان بریتین لە:

١. گریمانە دەکرێ کە ئەم سیستەمە هانی فرە حزبی (پلورالیزم) بدات، بەڵام بەکردەوە وا ناکەوێتەوە و لە ئەنجامی پێڕەویکردن لەم سیستەمە، سیستەمێکی دووانەی حزبی، یان سیستەمێکی سێینەی حزبایەتی لەو دەوڵەتەدا دێتە ئاراوە کە ئەم سیستەمەی تێدا گیراوەتە بەر.

٢. ئەم سیستەمە دەرفەتێکی دیکە بە هەڵبژێران دەدات کە بیر لە پاڵێوراوان بکەنەوە و ڕای خۆیان بگۆڕن و، پاشان لە گەڕی دووەمدا دەنگ بۆ پاڵێوراوی دڵخوازی خۆیان بدەن.(١٣)

٣. ئەم سیستەمە هانی پاڵێوراوان دەدات لە گەڕی دووەمی هەڵبژاردندا هەڤاڵبەندی بکەن تا دەنگی ئەو پاڵێوراوانەی لە گەڕی یەکەمدا، پلەی یەکەم و دووەمیان بەدەست نەهێناوە، دەنگ بۆ یەکێك لەو دوو پاڵێوراوە، یان دوو لیستە بدەن کە کەوتوونەتە گەڕی دووەم و کێبەرکێی یەکتری دەکەن.

**گرنگترین خەوش و لەکەی ئەم سیستەمە بریتین لە:**

١. ئەم سیستەمە گوشارێکی زۆر دەخاتە سەر ئەو دەستەیەی کە پرۆسەی هەڵبژاردن بەڕێوەدەبات. ئاخر ئەو دەستەیە دەبێ لە ماوەیەکی کورتدا پرۆسەی گەڕێکی دیکەی هەڵبژاردن ڕێکبخات و بەزۆریش هەر تەنیا پازدە ڕۆژێك دەکەوێتە نێوان گەڕی یەکەم و دووەمەوە.

٢. ئەم سیستەمە، بۆ تەواوی پرۆسە و کردەکانی هەڵبژاردن، پارەیەکی زۆری دەوێت.(١٤)

٣. هەروا لەوانەیە ئەم سیستەمە، هەڵبژێران بخاتە دۆخ و بارێکی ناجێگیر و پڕ گومانەوە، بە تایبەتی لە ماوەی نێوان کارڕاییەکانی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی گەڕی یەکەمدا.

٤. ئەم سیستەمە لەوانەیە تەبایی و پێکەوەهەڵکردنی جڤاکی و ئاشتەوایی سیاسی بەزەحمەت و ئاستەم بخات. دەق ئەمە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەنگۆلادا [١٩٩٢] قەوما کە لە ژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا

---

١٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٦

١٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٧

بەڕێوەچوون و، لەئەنجامدا (خوسیە دوس سانتۆس)، (٤٩٪)ی دەنگەکانی هێنا، لەکاتێکدا جۆناس سافیمبی ڕابەری بزووتنەوەی یونیتا (٤٠٪)ی دەنگەکانی بردەوە.[١٥] لێ لە بری ئەوەی گەڕی دووەم لە نێوان ئەو دوو پاڵێوراوەدا ئەنجام بدرێ، ڕابەری بزووتنەوەی یونیتا [یەکێتیی نیشتمانی لەپێناو سەربەخۆیی تەواوی ئەنگۆلادا] جارێکی دیکە دەستی بە شەڕ کردەوە و وڵاتی خستەوە بەر گەڕێکی دیکەی شەڕ و کوشتاری ناوخۆوە.

### ١-١-٣: سیستەمی دەنگی جێگرەوە (AV):

ئەم سیستەمەش بە سیستەمی زۆرینەی یەك گەڕ (خول) و جێگرەوە دادەنرێت. ئەم سیستەمە بۆ خۆلادان و دوورکەوتنەوە لە خەوشەکانی سیستەمی هەڵبژاردن بە دوو خول، پێڕەوی لێ دەکرێت. ئەم سیستەمە وا دەخوازێت کە یەکێك لە پاڵێوراوەکان زۆرینەی ڕەها بەدەستبهێنێ. دەنگدان بەو شێوەیە دەبێت کە ئەو مافە بە هەڵبژێر دەدرێـت، بەپێی حەز و ویست و بـژاردەی خـۆی، لە کارتی دەنگداندا پاڵێوراوەکان ڕێز بکاتەوە، واتە نمرە (١) لە بەرانبەر پاڵێوراوێکی دڵخوازی خۆی دابنێ و نمرە (٢) لە بەرانبەر ناوێکی دیکە و نمرە (٣) لە هەمبەر ناوێکی تر و بەمجۆرە پێدا برۆ.[١٦] لە کاتی جیاکردنەوەی ناوی پاڵێوراوە براوەکان بۆ دیاریکردنی ئەو پاڵێوراوەی کە زێتر لە نیوەی دەنگەکانی هێناوە، ئەگەر هیچ کامێکیان نیوە زێتری نەهێنابێ، ئەوا ئەو پاڵێوراوەی کەمترین دەنگی «تفضیلی» هێناوە بە بەراورد بەوانی دیکە دووردەخرێتەوە و جارێکی دیکە دەنگەکان لێکجودا دەکرێنەوە بۆ زانینی کەسی براوە و بەمشێوەیە تا لە کۆتادا یەکێکیان دەردەچێ و کورسییە پارلەمانییەکە دەباتەوە. دەبێ ئەم سیستەمە لەو بازنانەی هەڵبژاردندا پێڕەوبکرێ کە خۆپاڵاوتن لەسەر بنەمای فەردییە و هەڵبژاردن بەیەك گەڕ دەکرێت و کەس کورسیی پەرلەمانی ناباتەوە ئەگەر زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەو کەسانە بەدەست نەهێنێ کە دەنگیان داوە. بۆ ماوەیەکی کەم ئەم سیستەمە لە کەنەدا پێڕەوی لێ کراوە و ئێستاش لە هەر یەك لە ئوستراليا،

---

١٥- اندرو رينولدز واخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١

١٦- د. عصام نعمە اسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٠

فیجی و پاپوادا بەکاردەهێنرێ.

**لایەنە باش و خراپەکانی ئەم سیستەمە:**

ئەم سیستەمە لە ڕووی باشی و خراپییەوە هاوشێوەی زۆرینەی ڕەهایە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لایەنی باشی خۆی هەیە، گرنگترینیان:

١. لەبەر ئەوەی کە لەم جۆرەدا هەڵبژاردن بە یەك گەڕ دەکرێ نەك بە دوو گەڕ، تێچووی پرۆسەی هەڵبژاردن لەچاو سیستەمی زۆرینەی ڕەهادا، زۆر کەمترە. لەهەمانکاتدا گوشارێکیش ناخاتە سەر ئەو لایەنەی هەڵبژاردنەکە بەڕێوەدەبات.

٢. ئەو سیستەمە چەند (هەڵبژاردە/ اختیارات- Choice)ێك بە هەڵبژێر دەدا کە بە ئارەزووی خۆی پلەبەندی بۆ پاڵێوراوان بکات و دەرفەتێکی فرە لە بەردەم هەڵبژێری ڕاڕا و خۆ ساغ نەکەرەوەدا دەکاتەوە.

٣. ئەم سیستەمە ڕۆڵی تەوژم و ئاراستە ناوەنجییەکان لە وڵات زەق دەکاتەوە. چونکە ئەم سیستەمە حزبە سیاسییەکان و پاڵێوراوان ناچار دەکات بە دوای دەنگی لایەنگرانی خۆیاندا بگەڕێن و دەنگی ئەوانەی کە لە (هەڵبژاردە/ اختیار- Choice)ی دووەمدان بەدەستبهێنن.[١٧] لە سۆنگەی ئەمەشەوە، پاڵێوراو هەوڵ دەدات پشتیوانی لە کێشە و بەرژەوەندی هەمووان بکات و بە شێوەیەکی فرەوان بایەخ و گرنگییان پێ بدات، لەبری ئەوەی تەنیا تەکەز لەسەر ئامانج و بەرژەوەندیی دەستە و توێژێکی دیاریکراو بکات، یان تەکەز لەسەر کێشە و پرسگرێکی تایەفی و ئاراستە و تەوژمی پەڕگیر و سەرەڕۆ بکات.

**لایەنە خراپە تایبەتەکانی ئەم سیستەمە:**

١. لەبەر ئەوەی پرۆسەی ژماردن و لێکجوداکردنەوەی دەنگەکان، تا براوەی یەکەم دیاری بکرێت، بە چەند قۆناخێکدا دەڕۆن. ئەمەش پێویستی بە کاتێکی زۆرە، لەوما پرۆسەی ڕاگەیاندن و ڕاستاندنی ئەنجامە کۆتاییەکان دوا دەکەوێت و بلەز تەواو نابێت. ژ بەر ڤێ چەندێ، لەو وڵاتانەی کە تازە لە شەڕ و کوشتاری ناوخۆیی، یان لە داگیرکاریی بێگانە ڕزگاریان بووە، گومان دەخرێتە سەر ئەنجامەکان و پرۆسەی هەڵبژاردن و لەئەنجامدا دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر

---

١٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣

سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا.
٢. پێڕەوکردنی ئەم سیستەمە لە بازنەیەکی هەڵبژاردندا کە پاڵێوراوی زۆری تێدا بێت، چەند گرفت و سەختییەك دێننە ڕێگەی پرۆسەکانی دەنگدان لە دەوڵەتێکدا کە ڕێژەی بێسەوادی و نەخوێندەواری زۆر بێت.[١٨] هەروا پرۆسەکانی ژماردن و لێکجیاکردنەوەی دەنگەکان و دواکەوتنی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان و ڕاستاندنیان پێویستیان بە ماوەیەکی درێژ هەیە.

### ١-١-٤: سیستەمی هەڵبژارتنێن بلۆك «کیتلە« (BV)

بەپێی سیستەمی بلۆك کە بە جۆرێکی سیستەمی زۆرینە دادەنرێ، تەنیا لە بازنەی هەڵبژاردنی فرە ئەندامێتیدا پێڕەودەکرێ کە هەڵبژێر ئەو مافەی هەیە لە بەرانبەر ئەو ناوانەی خۆی بە چاکیان دەزانێ بە ئەندازەی ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی ئەو بازنەیە، ئاماژە دابنێ.[١٩] لێ شێوەی هەرە باو ئەوەیە کە هەڵبژێر خۆی لیستێك بە ئەندازەی ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکان چێ بکا و، ناوی پاڵێوراوە دڵخوازەکانی خۆی یەك دوای یەك تێدا تۆمار و ڕیز بکات. ئەو کەسە دەباتەوە کە زۆرترین دەنگ بهێنێ. براوەی دووەم ئەو پاڵێوراوە دەبێ کە لە دوای ئەو دێت و بەمشێوەیە کورسییە تەرخانکراوەکانی ئەو بازنەیە پڕ دەکرێنەوە. لێرەدا سیستەمی زۆرینەی سادە، یان براوەی یەکەم پێڕەو دەکرێ، بەڵام لە بازنەیەکی فرە ئەندامێتیدا. بەمشێوەیە ئەم سیستەمە دەکرێ هەم بەسەر پاڵاوتنی فەردی و هەم لە ڕێگەی لیستەکانیشەوە جێبەجێ بکرێت.

ئەم سیستەمە لە کوێت، لاوس، سووریا، کامیرۆن، دورگەکانی فۆکلاند و دورگەکانی مالدیف پێڕەوی لێ دەکرێ و لە تایلاند و فلیپین-یش تا ١٩٩٧ بەکارهێنراوە. هەروا مەنگۆلیا-ش لە هەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتی لە ١٩٩٢دا بەکاریهێناوە.

ئەم سیستەمی کیتلەیە لەو وڵاتانەدا پەنای بۆ بردراوە کە، یان ئەوەتا حزبی

---

١٨- هەمان سەرچاوە، ل٩٤

١٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥

بچووکیان هەیە، یان هەر لەبنی حزبیان تێدا نییە. ساڵی (١٩٨٩) ئەردەن ئەو سیستەمەی بەکارهێنا. عێراق-یش تا ساڵی ٢٠٠٣ پێڕەوی لێ دەکرد. لێ لە هەموو ئەو وڵاتانەدا وازی لێ هێنراوە، چونکە نیگەرانی و ڕازی نەبوون بە ئەنجامەکانی لێ دەکەوێتەوە.[٢٠]

**لایەنە باش و خراپەکانی ئەم سیستەمە:**

ئەم سیستەمە زۆربەی لایەنە باشەکانی سیستەمی زۆرینەی سادەی تێدایە کە هەڵبژاردنی بە یەکجار تێدا بەڕێوەدەچێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ سیما و خەسڵەتی تایبەت بە خۆی هەیە، گرنگترینیان:

١. لە ڕووی پرۆسەی دەنگدان بۆ پاڵێوراوانەوە، هەڵبژێر ژمارەیەك (هەڵبژاردە) ی لەبەردەم دایە و دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی ناوی ئەو پاڵێوراوانەی خۆی بە چاکیان دەزانێ دەستنیشان بکات، جا ناوی یەك پاڵێوراو دەستنیشان بکا، یان دووان و سێیان، بەڵام لە هەموو بارێکدا نابێ لە ژماری کورسییە تەرخانکراوەکان بۆ ئەو بازنەیە زۆرتر بن.

٢. لە ڕووی تێچووی داراییەوە، بەگشتی پرۆسەکانی هەڵبژاردن پارەی کەمیان تێ دەچێ.

٣. ئەم سیستەمە بە شێوەیەکی نموونەیی لە هەڵبژاردنی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکاندا جێبەجێ دەکرێ و وەکوو دەردەکەوێ لە هەڵبژارنەکانی عێراق و کوردستاندا بۆ ماوەیەکی درێژ پێڕەوی لێ کراوە. چونکە دەکرێ سیما و خەسڵەتەکانی هەم هەڵبژاردن بە لیست و هەم هەڵبژاردن لە ڕێگەی پاڵاوتنی فەردییەوە بەیەکەوە کۆبکاتەوە.

٤. ئەم سیستەمە وەکوو جۆرەکانی دیکەی سیستەمی زۆرینە، دەبێ پاڵێوراو خۆی، هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ خۆی بکات و تەنیا پشت بە کۆمەکی ئەو حزبە نەبەستێ کە ئەوی بۆ ئەندامێتی پاڵاوتووە.

**خەوشەکانی ئەم سیستەمە:**

١. ئەنجامەکانی پێڕەویکردن لەم سیستەمە لەو دەوڵەتەی پەنای بۆ دەبردرێ

---

٢٠- هەمان سەرچاوە، ل٨٥

به هەلومەرجی سیاسی و هاوسەنگیی هێزەكانەوە گرێدراون. لە دەوڵەتێكدا كە حزبەكان دەسەڵاتیان بەسەر هەڵبژێراندا بشكێ و بەهێز بن، ئەوا دەكات هەندێ لە هەڵبژێران تەنیا و تەنیا دەنگ بە حزبی حوكمڕان بدەن.[٢١] ئەمەش فرە حزبی و سیاسی لە وڵاتدا دەخاتە بەر مەترسییەوە.

٢. هەر ئەو خەسڵەتە خۆی، وا دەكات پەرتوبڵاویی دەنگەكان لە نێوان چەند پاڵێوراوێكدا بەتایبەتی ئەو پاڵێوراوانەی پشتیان بە ڕابەرە ئایینییەكان، یان خێڵەكییەكانەوە گەرمە، ببێتە هۆیەك كە ژیانی حزبایەتی بكەوێتە بەر مەترسییەوە و[٢٢] عەشیرەتگەری، تایفەگەری، ناوچەگەری و بیروڕای ئایینی بخزێنە ناو بنیات و پەیكەری حزبەكان و لەناوەوە بنكۆڵ و گەندەڵیان بكەن.

---

٢١- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦

٢٢- هەمان سەرچاوە، ل٨٦

## ورقة اقتراع أفغانية وفق نظام الأغلبية المطلقة



## ورقة اقتراع فيجي


You may vote in one of two ways

Do NOT do both

**EITHER**

By placing a single tick in one and only one of these boxes to indicate which party's or candidate's preference you wish to adopt as your vote

| | | |
|---|---|---|
| VLV | DAKUVULA | SVT |
| FAP | FLP | GVP |
| NFP | FNP | UGP |

**OR**

Number the boxes from 1 to 4 in the squares next to the symbols of each of the candidates in your order of preference

In this case number every box to make your vote count

| | | |
|---|---|---|
| Epeli Gavidi GANILAU | | |
| Jone DAKUVULA | | |
| Rakuita Saurara VAKALALABURE | | |
| Epeli LIGAMAMADA | | |

SPECIMEN

### ١-٢: سیستەمی دیکەی زۆرینە

لەتەك هەردوو سیستەمی ناسراوی هەڵبژاردندا؛ واتە زۆرینە و ڕێژەیی، چەند سیستەمێکی دیکەش هەن کە لەوانەیە نەخرێنە ناو هیچ کام لەو دوو جۆرەی سەرەوە و هەندێ کەس بە سیستەمگەلێکی ناوازە و تایبەتیان بزانن، خەڵکێکیش پێیان وایە زێتر دەکەونە تای سیستەمی زۆرینە، یان ڕێژەییەوە. ئەم سیستەمانە دەنگەکان بە شێوەیەك بۆ کورسی دەگۆڕن کە دەکەونە نێوان چەندێتیی سیستەمی ڕێژەیی و ئەنجامەکانی سیستەمی زۆرینەوە. بەڵام لە ڕێگەی دیاریکردنی میکانیزمی دەنگەکانی هەڵبژێران بۆ کورسیی پارلەمانی وەکوو پێوەرێك بۆ لێکجوداکردنەوەی سیستەمی زۆرینە لە سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی، بەڵام کە لەو سیستەمانە دەدوێین، ڕوون دەبێتەوە کە دەخرێنە چوارچێوەی کام جۆری سەرەوە. ئێمە پێمان وایە، ئەو سیستەمانەی هەڵبژاردن دەکەونە ناو بنەماڵەی سیستەمگەلی زۆرینەوە، چونکە میکانیزمی گۆڕینی دەنگەکان بۆ کورسیی پارلەمانیی، پشت بە زۆرینەی دەنگەکان دەبەستێ، نەك کۆلکەی هاوبەش، یان تێکڕای هەڵبژاردن بۆ بەدەستهێنانی بەشی یەك کورسیی پارلەمانیی کە سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی پێ لە سیستەمی زۆرینە جیا دەکرێتەوە. هەندێ کەسیش ئەم سیستەمانە، وەکوو جۆرێکی تایبەت دەبینن، لەبەر ناوەزایی بوونیان لە لایەك و ئاقاری تەسکیی جێبەجێکردنیان لەو وڵاتانەی کە ئەو سیستەمانەیان تێدا پێڕەو دەکرێ لە لایەکی دیکەوە. ئێمە لەم سۆنگەیەوە ئەو پۆلینکردنەمان پێڕەو کردووە تا زێتر تیشکیان بخەینە سەر و لە جۆرەکانی دیکەی سیستەمی هەڵبژاردنیان جودا بکەینەوە. لێرە بە دواوە بە کورتی لە هەرە گرنگەکانیان دەدوێین.

#### ١-٢-١: سیستەمی یەك دەنگی ڕانەگوێزراوە (SNTV)

بە گوێرەی ئەم جۆرە سیستەمە، دەبێ بازنەکانی هەڵبژاردن، بازنەی فرە ئەندامێتی بن نەك تاك ئەندامێتی و ڕێگە و شێوازی دەنگدانیش وەکوو شێوازی سیستەمی زۆرینەی سادەیە (براوەی یەکەم). واتە هەڵبژێر تەنیا دەنگ بە یەك پاڵێوراو لەو بازنەیە دەدات کە زێتر لە یەك کورسیی پارلەمانیی هەیە و پاشان ئەو پاڵێوراوانەی زۆرترین ژمارەی دەنگیان هێناوە یەك دوای یەك ڕێز دەکرێن و کورسییە تەرخانکراوەکانی ئەو

بازنەیە پڕ دەکەنەوە.[٢٣]

وا گریمانە دەکرێ کە ئەم سیستەمە لە باری تیورییەوە، دەتوانێ نوێنەرایەتی حزبەیلی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان و هەروا پاڵێوراوە سەربەخۆکانیش بەدیبهێنێ. بۆ ئەمەش پشت بە ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی بازنەی هەڵبژاردن دەبەستێ. هەرچەند ئەم ژمارەیە کەمتر بێتەوە، ئەوا لایەنە باشەکانی ئەم سیستەمە ناڕوونتر دەبن، یان بەیەکجارێ نامێننەوە. لە ئەردەن لە ڕێگەی پێڕەوکردنی ئەم سیستەمەوە، هەندێ پاڵێوراوی سەربەخۆ، یان لایەنگری پاشایەتی توانیان لە ناوچەکانی باڵادەستی حزبگەلێکی بەنفووز و گەلێری لە بابەتی بەرەی ئیسلامی، کورسی بهێنن[٢٤]. لە سۆنگەی ئەمەشەوە لە کاتی خۆیدا دەنگ بۆ گۆڕینی ئەو جۆرە سیستەمە بەرزبووەوە. هەروا ئەو جۆرە سیستەمە پشت بە ڕادەی بەهێزیی حزبە سیاسییەکانیش دەبەستێ کە تا چەند دەتوانن هەڵبژێرەکانی خۆیان ڕێکبخەن و تێبگەیەنن کە دەنگ بۆ پاڵێوراوەکانی خۆیان بدەن و سەرکەوتنیان لەو بازنانەی کە کێبەرکێی تێدا دەکەن، بۆ مسۆگەر بکەن. لێ جێبەجێکردنی لە هەندێ دەوڵەتی دیکەی وەك عێراقدا کە حزبگەلێکی بەهێزی تێدایە و خێڵەکان کاریگەرییان هەیە، دەرفەتێك لەبەردەم پاڵێوراوە سەربەخۆکاندا نامێنێتەوە کە لە هەڵبژاردندا ببەنەوە و سەربکەون.

ئەم سیستەمە هەروەکوو سیستەمی زۆرینە، سیستەمێکی سادەیە و بە ئاسانی جێبەجێ دەکرێ چ لە ڕووی پرۆسەی دەنگدان و چ لە پرۆسەکانی ژماردن و لێکجوداکردنەوەی دەنگەکاندا.[٢٥] هەروا دەکرێ خێراش ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ڕابگەیەندرێن.

هەرچی خەوشەکانی ئەم سیستەمەن، ئەوا جێبەجێکردنی ئەو سیستەمە بە قازانجی حزبە بچووکەکان نییە کە دەنگیان لە سەرانسەری وڵاتدا پەرتوبڵاوە و لەوانەیە نەکارن هیچ کورسییەك ببەنەوە. هەروا ئەم سیستەمەش وەکوو سیستەمی یەك دەنگی ڕاگوێزراوە (STV) دەبێتە هۆی دابەشبوون

---

٢٣- د. عصام نعمة اسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٢

٢٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٣

٢٥- أندرو رینولدز واخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٧

لەناو حزبە سیاسییەکاندا، چونکە پاڵێوراوەکانی یەك حزب لە نێوان خۆیاندا کێبەرکێی یەکتر دەکەن، ئەوە سەرباری کێبەرکێکردن لەگەڵ پاڵێوراوانی حزبە سیاسییەکانی دیکەدا، چونکە هەڵبژێر مافی ئەوەی هەیە لە نێوان پاڵێوراوەکانی یەك حزبی سیاسیدا لە بازنەیەکی فرە ئەندامێتیدا، تەنیا یەکێکیان هەڵبژێرێ و دەنگی بۆ بدات.[٢٦] هەروا لە هەندێ وڵاتی دیکەشدا، پاڵێوراوی هەندێ خێڵ و ئولداران بتوانن بە هاسانی سەربکەون و کورسیی پارلەمان ببەنەوە بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە هەم عەشایەر و هەم پیاوانی ئایینی نفووزێکی زۆریان تێدا هەیە.

ئەم سیستەمەی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنە پارلەمەنییەکانی ئەفغانستان، ئەردەن، دوورگەکانی بیتکیرن و فانواتو و لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی باڵای پارلەمان لە ئەندەنووسیا و تایلانددا بەکارهاتووە. هەروا بۆ هەڵبژاردنی (١٧٦) ئەندام لە کۆی (٢٢٥)ی ئەندام لە تایوان-یشدا بەکارهاتووە، کە پێڕەوی لە سیستەمێکی هاوتەریب دەکات.[٢٧]

## ١-٢-٢: سیستەمی دەنگی سنووردار (LV)

ئەم سیستەمەش وەکوو سیستەکانی دیکەی زۆرینە، لە ڕووی لێکجیاکردنەوەی ناوە سەرکەوتووەکان، وەکوو یەك دەنگی (ڕانەگوێزراوە) لە بازنەگەلێکی فرە ئەندامێتیدا جێبەجێ دەکرێ. هەڵبژێر مافی ئەوەی هەیە، بە پێچەوانەی سیستەمی یەك دەنگی (ڕانەگوێزراوە)، دەنگ بە یەك پاڵێوراو زێتر بدات، بەڵام بە دەنگێکی کەمتر، یان ئاماژەکردنێکی کەمتر لە ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکان بۆ هەر بازنەیەکی دیاریکراوی هەڵبژاردن. کورسییەکان لە نێوان ئەو پاڵێوراوانەدا دابەش دەکرێ کە زۆرترین ڕێژەی دەنگەکانی هەڵبژێرانیان هێناوە. ئەم سیستەمە لە ئەسپانیا و لە (جبل تاریق) پێڕەو دەکرێ کە لە (١٩٧٧)ەوە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی باڵای ئەسپانیا و ئەنجوومەنی پیران بەکاردەهێنرێ.[٢٨]

لایەنە باش و خراپەکانی ئەم سیستەمە، هەروەکوو سیستەمی یەك دەنگی ڕانەگوێزراوە

---

٢٦- د. عصام نعمة اسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٣

٢٧- أندرو رینولدز واخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٦

٢٨- اندرو رینولدز واخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٤

وان، لێ دەنگی سنووردار، سیستەمێکی سادە و ئاسانە بە لای هەڵبژێرانەوە و بە ئاسانیش دەنگەکان دێنە هەژماردن. لێ لە کاتی جێبەجێکردندا، بە بەراورد بە ئەنجامەکانی یەك دەنگی ڕانەگوێزراوە، ئەنجامێکی کەمتری لێ دەکەوێتەوە.[٢٩]

## ١-٢-٣: سیستەمی بلۆکی حزبی (PBV)

ئەم سیستەمە وەکوو سیستەمی دەنگدان بە کتلەیە کە دەبێ بازنەگەلی هەڵبژاردن، بازنەی فرە ئەندامێتی بن، لێ جیاوازیی سەرەکیی نێوان ئەو دووانە ئەوەیە کە هەڵبژێر لە بری ئەوەی دەنگ بۆ یەکە یەکەی پاڵێوراوان بدات، دەنگ بۆیەکێ لە لیستە ڕکابەرەکان دەدات[٣٠] و ئەو لیستەی لە هەموو لیستەکانی دیکە زۆرتر دەنگ بهێنێ، هەموو کورسییەکانی ئەو بازنەیە دەباتەوە، واتە لیستێکی پاڵێوراوان بەتەواوی دێتە هەڵبژاردن و لێکجیاکردنەوەی دەنگەکانیش لە ڕێگەی سیستەمی زۆرینەی سادەوە ئەنجام دەدرێ. مەرجیش نییە کە لیستی براوە زۆرینەی ڕەهای دەنگەکان بەدەستبهێنێ. ئەم سیستەمە لە چوار وڵاتدا جێبەجێ دەکرێ: کامیرۆن، چاد، جیبۆتی و سەنگافورە.[٣١]

### لایەنە باش و خراپەکانی ئەم جۆرە سیستەمە:

ئەم سیستەمە لە ڕووی لایەنە باشەکانییەوە هەروەکوو سیستەمی زۆرینەی سادە، یان براوەی یەکەمە و هەمان خەوش و درز و کێماسیشی هەیە. لێ هەژی گۆتنە، دەبێ ئاماژە بۆ خەوشێکی گرنگی ئەم سیستەمە بکرێ. ئەگەر ئەم سیستەمە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ پەیڕەو بکرێ، سیستەمێکی تاکحزبی لێ دەکەوێتەوە، چونکە ئەو لیستە حزبییەی کە لە بازنەیەکی هەڵبژاردندا زۆرینەی سادەی دەنگەکان بەدەست بهێنێ، هەموو کورسییە تەرخانکراوەکانی ئەو بازنەیە بۆ ئەو لیستەیە دەبن، بەبێ ئەوەی مەرجێك دانرابێت کە دەبێ لیستی براوە لە نیوەی زیاتری دەنگەکانی ئەو بازنەیەی بردبێتەوە. بەم شێوەیە دەبینین لیستێکی دیاریکراو زۆرینەی کورسییەکانی پارلەمان دەباتەوە بەبێ ئەوەی نیوەی دەنگدەران

---

٢٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٤

٣٠- هەمان سەرچاوە، ل٨٩

٣١- هەمان سەرچاوە، ل٩٠

دەنگیان پێ دابێ. ئەمەش هیچ عەدالەتێکی لە دابەشکردنی کورسییەکانی پارلەمان تێدا نییە و نابێتە هۆی فرە حزبی. لەهەمانکاتدا کەمە نەتەوایەتی و پێکهاتەکانی دیکەش بێبەش دەبن لە چوونە ناو پارلەمانەوە. سەرباریش ئافرەتان بە گوێرەی سەنگی خۆیان کورسیی پارلەمانییان پێ نابڕێ و لە سیاسەت و لە کۆمەڵگەدا جێگەی خۆیان پێ نادرێ و دەکەونە پەراوێزەوە.

هەروا ئەم سیستەمە، ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیش بێبەش دەکا کە هەندە کورسی بهێنن، تا بتوانن لەناو پارلەماندا ببنە ئۆپۆزیسیۆنێکی دەستووریی هاوسەنگ[٣٢] و لە ئەنجامدا سەقامگیریی ناوخۆ و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی دیموکراتی دەکەونە بەر مەترسییەوە.

## ١-٢-٤: سیستەمی بۆردا (BC)

ئەم سیستەمە، سیستەمێکی ناوازە و تاقانەیە و هەم لەو بازنانەدا جێبەجێ دەبێ کە یەك ئەندامیان هەیە و هەم لەو بازنانەی فرە ئەندامن. هەرچی شێوازی دەنگدانە، هاوشێوەی سیستەمی دەنگدانی ئەلتەرناتیڤ-ە و، هاوشێوەی سیستەمگەلی زۆرینە، هەڵبژێر یەکەمجار دەنگی خۆی بە پاڵێوراوێك دەدات و پاشان بە پاڵێوراوێکی دیکە و بەمشێوەیە، واتە خۆی نمرە بۆ پاڵێوراوەکان دادەنێ بە گوێرەی ئارەزووی خۆی، بەڵام دەنگەکان بە شێوەیەك حیسابیان بۆ دەکرێ کە بەهایەکی تەواو (دەنگێکی تەواو) بەو پاڵێوراوە دەدرێ کە هەوەڵجار هەڵبژێرەکە نمرە (١)ی داوەتێ و نیوەی بەها (واتە نیو دەنگی تەواو) بە پاڵێوراوی نمرە (٢) و یەك لەسەر سێی بەها بە پاڵێوراوی نمرە (٣) و بەمشێوەیە. دابەشکردنی کورسییەکانیش بە گوێرەی سیستەمی زۆرینە بەڕێوەدەچێ و لە بازنەیەکدا کە چەند کورسی بۆ تەرخان کراوە، پاڵێوراوەکان بە گوێرەی دەنگەکانیان لە سەرەوە بۆ خوارەوە ڕێز دەکرێن.[٣٣] ئەم سیستەمە لە دەوڵەتگەلێکی بچووك کە بازنەی هەڵبژاردنی بچووکی تێدا هەبێ، جێبەجێ دەکرێ و تەنیا لە دورگەی (ناورۆ) لە ئۆقیانووسی هێمندا پەیڕەو دەکرێ و هەر لەو دوورگە بچووکەشدا، ئەو سیستەمە داهێنراوە.

---

٣٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠

٣٣- هەمان سەرچاوە، ل٢٠٥

# 2: سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی (PR)

مەبەست لە نوێنەرایەتیی ڕێژەیی، ئەوەیە کە هەر کۆڕ و کۆمەڵە، یان حزب، یان ئاراستە و تەوژمێکی سیاسی ئەگەر لە هەڵبژاردندا بەشداری کردبێت، بە گوێرەی کەمی و زۆری دەنگەکانی، لە پارلەماندا کورسیی پێ ببڕێ.[٣٤] ئەم سیستەمە دەیەوێ بە شێوەیەکی ڕاست و دروست واقیعی سیاسیی وڵات نیشان بدات. هەوەڵجار، لە ساڵی (١٨٥٥)دا، دانیمارك ئەم سیستەمەی پێڕەوکردووە و پاشان بەلجیکا لە (١٨٩٩)دا[٣٥] و لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانیشدا، لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپادا بەکارهێندراوە. لەم سۆنگەیەشەوە پەنا بۆ ئەم سیستەمە براوە تا ئەو کیماسی و درز و کەلێنانەی لە سیستەمی زۆرینەدا هەبوون و هەن، پڕ بکاتەوە کە هەر حزبێکی سیاسی هەندە کورسیی پارلەمانی پێ ببڕێ بارتەقای دەنگەکانی بێت. بەم شێوەیەش هەموو توێژ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینەیان لە پارلەماندا دەبێ.

ئەم سیستەمە هەم دەکرێ لە بازنەی فرە ئەندامێتی و هەم لەسەر ئاستی نیشتمانی بێتە پەیڕەوکردن و، وڵات بکرێتە یەك بازنەی هەڵبژاردن، چونکە ناکرێ یەك کورسی دابەش بکرێ ئەگەر بازنەیەکی هەڵبژاردن یەك ئەندامی هەبێت.

بناخە و بنەمای مەنتیقیی سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی ئەوەیە: ئەو جیاوازی و کەلێنەی لە نێوان پشکی حزبێك لە دەنگدانی نیشتمانی و پشکی لە کورسیی پارلەمانیدا هەیە، کەم بکرێتەوە. ئەگەر حزبی زۆرینە (٤٥٪)ی دەنگەکانی هێنا، ئەوا دەبێ (٤٥٪)ی کورسییەکانی پێ ببڕێ. ئەگەر حزبی کەمینە (٨٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، دەبێ (٨٪)ی کورسییەکانی پارلەمانی پێ بدرێ.[٣٦] دەکرێ هاوڕێژەییەکی باشتر لە ڕێگەی بەکارهێنانی لیستی حزبییەوە بەدەست بهێندرێ کە حزبە سیاسییەکان لیستی پاڵێوراوانی خۆیان لەسەر ئاستی نیشتمانی، یان هەرێمایەتی بخەنە بەردەم هەڵبژێرانەوە.

---

٣٤- عبدو سعد، علی مقلد، وعصام نعمة اسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٩

٣٥- د. عصام نعمة اسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٨-٣٧٩

٣٦- بلال أمین زین الدین، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥

سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی لەسەر بنەمای تێکڕای هەڵبژاردن دادەمەزرێ. تێکڕای هەڵبژاردن بریتییە لەوەی کە ژمارەی دەنگە ڕاستەکانی هەڵبژاردن لە بازنەیەکی فرە ئەندامێتیدا بەسەر ژمارەی کورسییەکان لەو بازنەیەدا دابەش بکرێ، یان کۆی دەنگە ڕاستەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی بەسەر سەرجەم ژمارەی پەرلەمەنتارانی وڵات دابەش بکرێ.[٣٧] پاشان ژمارەی دەنگەکانی هەر حزب، یان قەوارەیەکی سیاسی دابەشی ئەو تێکڕای هەڵبژاردنە بکرێ و بەرکەوتی ئەو دابەشکردنە یەکسان دەبێ بە ژمارەی ئەو کورسییانەی کە ئەو قەوارە سیاسییە بەدەستی دێنێ. ئەم سیستەمە بە هەموو ڕەنگ و شێوەکانییەوە لە زۆر وڵاتدا کاری پێ دەکرێ، هەر بۆ نموونە: جەزایر، ئەرجەنتین، نەمسا، بەلجیکا، بۆسنیا و هرزەگۆڤین، بەرازیل، بولگارستان، کەمبۆدیا، چیلی، کۆلۆمبیا، کرواتیا، چیك، دانیمارك، ئەکوادۆر، سلڤادۆر، ئەستونیا، فنلندا، یۆنان، ئەندەنووسیا، لۆکسمبۆرگ، لاتڤیا، مەقدۆنیا، مەغریب، مۆزمبیق، نامیبیا، هۆلندا، نیکاراگوا، ڕۆمانیا، پورتوگاڵ، سلۆڤاکیا، سوێد، ئەسپانیا، تورکیا.[٣٨]

---

٣٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧

٣٨- اندرو رینولدز واخرون، ل٢٧٣- ٢٨٦

# 2-1: سیستەمی لیستی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی (List PR)

**٢-١-١: سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی ل گۆڕ لیستی داخراو**

واتە کاتێ کە هەڵبژێر دەنگی خۆی دەدا، لە بەرانبەر لیستێك لە لیستەکانی هەڵبژاردندا ئاماژەیەك دەکا. بەمەش دەنگ بە هەموو پاڵێوراوەکانی ناو ئەو لیستەیە دەدا بەبێ ئەوەی بۆی هەبێ هەموارێکی لیستەکە بکا، یان سەرلەنوێ ڕێکی بخاتەوە، یان دەنگ بە پاڵێوراوێکیان بدا و بە یەکێکی دیکەیان نەدا، یان یەکێکیان بخاتە پێش ئەوی دیکەیانەوە.[٣٩] ئەنجامێکی گرنگی دەنگدان بە لیستێکی داخراو ئەوەیە کە ئەو لیستە چەند دەنگی هێناوە، سەرجەم ئەو کەسانەی کە ناویان لەو لیستەدا هاتووە هەمان دەنگیان هێناوە. فەرەنسا لە (١٩٤٥ و ١٩٤٦)دا ئەم سیستەمەی بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنەکانی دامەزراندن بەکارهێناوە و تورکیاش لە نێوان (١٩٥٠ و ١٩٦٠)دا پێڕەوی لێ کردووە.[٤٠] هەروابێتەوە عێراق-یش بۆ هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی و هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە (٢٠٠٥/١/٣٠)دا، لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران لە (١٥ی/٢٠٠٥/١٢)ەوە تا دەرچوونی قانوونی ژمارە (٢٦)ساڵی (٢٠٠٩) کە قانوونی ژمارە (١٦)ی پێ هەموارکراوەتەوە، ئەم سیستەمەی بەکارهێناوە.

**٢-١-٢: سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی ل گۆڕ لیستی کراوە (لیستی داخراو لەگەڵ بەباشترزانین «التفضيل»)**

لەم جۆرەی سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەییدا، دیسان مامەڵە لەگەڵ لیستێك لەناو لیستە ڕکابەرەکانی بازنەیەکی فرە ئەندامێتیدا دەکرێ، بەڵام شێوازی دەنگدان کەمێك جیاوازی لەوەی پێشوو هەیە کە هەڵبژێر بۆی هەیە وێڕای

---

٣٩- د. ابراهيم عبد العزيز شيحا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٧

٤٠- هەمان سەرچاوە، ل٢٩٧-٢٩٨

## ورقة اقتراع نيكاراغوا في نظام التمثيل النسبي - القائمة المغلقة



**ورقة اقتراع دانمركية في نظام التمثيل النسبي - القائمة المفتوحة**



دەنگدان بە لیستێکی دیاریکراو، دەنگ بە پاڵێوراوێکی دڵخوازی خۆی بدات کە ناوی لەناو هەمان لیستدا هاتووە، واتە تا ڕادەیەك ئازادی بە هەڵبژێر دراوە کە لەناو پاڵێوراوەکانی ئەو لیستەی دەنگی بۆ دەدات، پاڵێوراوێکیان لێ هەڵبژێرێ و دەنگی بۆ بدات. ئەم جۆرەیان لە عێراقدا پێڕەوی لێکراوە لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٩/١/٣١)ی ئەنجوومەنی ئەو پارێزگایانەی خۆیان لە ناو هەرێمێکدا ڕێك نەخستووە و لە هەڵبژاردنەکانی خولی دووەم (٢٠١٠) و سێیەم (٢٠١٤) و چوارەم (٢٠١٨)ی ئەنجوومەنی نوێنەران کە ئەو مافە بە هەڵبژێر دراوە لە ڕاست لیستێکدا یان لیستێك و پاڵێوراوێکی ئەو لیستە نیشانە دابنێ.

ئەم جۆرەی سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی لەو دەوڵەتانەدا پێڕەوی لێ کراوە و دەکرێ کە ئاراستە و خولیایەك هەبێ بۆ پاراستنی توندوتۆڵی و یەکگرتوویی و سەربەخۆیی هەر حزبێك لە بەرنامە و ئامانجەکانیدا[41] و لەهەمانکاتدا ئازادیدان بە هەڵبژێران کە وێڕای دەنگدان بۆ لیستێکی دیاریکراوی حزبی، دەنگ بۆ ئەو پاڵێوراوانەش بدەن کە پێیان وایە ژێهاتی و بەتوانان و دەتوانن بیر و بۆچوونەکانی ئەوان دەرببڕن و بەرژەوەندەکانیان بپارێزن و بهێننە دی.

### ٢-١-٣: سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی ل گۆڕ لیستێن ئازاد

ئەم سیستەمە دەیەوێ هەڵبژێر بە لیستێکی دیاریکراو و پاڵێوراوەکانی ناو ئەو لیستە، نەبەستێتەوە. بەڵکە هەڵبژێر بۆی هەیە پاڵێوراو لەم لیست و ئەو لیستی ڕکابەر دەستنیشان بکات و تێکەڵی یەکیان بکات و لیستێکی تایبەت بە خۆی لە پاڵێوراوان پێکبهێنێ.[42] شێوازی دەنگدان بە گوێرەی ئەم جۆرەیان، بە دوو ڕێگە دەبێ و ئەمەش دەوەستێتە سەر شێوەی نەخشەڕێژیی کارتی دەنگدان و تا چەند نەخوێندەواری و بێسەوادی لەناو هەڵبژێرانی ئەو دەوڵەتەدا باوە. ئەگەر کارتی دەنگدان بەشێوەیەك نەخشەڕێژ بکرێت کە ناوی هەموو لیستەکان و ناوی هەموو پاڵێوراوەکانی ئەو لیستانەی تێدا بێ، ئەوا هەڵبژێر لە ڕاست ناوی ئەو پاڵێوراوانەی کە دەیەوێ دەنگیان بۆ بدات، ئاماژەیەك دەکا بە مەرجێ

---

٤١- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٩

٤٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٩

نابێ ژمارەی ئەو کەسانەی ئاماژە لە بەرانبەر ناوەکانیاندا کراوە، لە ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی ئەو بازنەیەی هەڵبژاردن تێبپەڕێ کە ئەو هەڵبژێرە دەنگی تێدا داوە. ئەگەر زێتر لەو ژمارە تەرخانکراوە بێت، ئەو کارتە دەسووتێ و بە ڤالا (بەتاڵ) دادەنرێ، یان ئەوەتا ئەو ئاماژەکردنانەی لە ژمارەی پێویست تێپەڕیون، حیسابیان بۆ ناکرێ. لە بارێکی واشدا دەبێ کارتی دەنگدان بە شێوەی نامیلکە چاپ بکرێ و ناوی هەموو لیستەکان و ناوی پاڵێوراوەکانی هەموو لیستەکانی تێدا بنووسرێ. دیارە ئەمەش پارە و پووڵێکی زۆری بۆ چاپکردن دەوێ و پرۆسەی دەنگدانیش بە سست و خاوی بەڕێوەدەچێ لە کۆمەڵگەیەکدا کە ڕێژەی نەخوێندەواری تێدا بەرز بێ. هەرچی شێوازی دووەمی دەنگدانە، ئەوا کارتی دەنگدان بەشێوەیەك نەخشەڕێژ دەکرێ کە هەڵبژێر بە دەستوخەتی خۆی ناوی پاڵێوراوەکان بنووسێ. دیسان ئەمەشیان کارێکی سەخت و دژوار دەبێ لە کۆمەڵگەیەکدا کە ڕێژەی بێسەوادی تێدا زۆر بێ، هەرچەندە تێچووی کارتی دەنگدان بە بەراورد بەوەی یەکەم کەمتر دەبێت.

هەرچی شێوازی جیاکردنەوەی دەنگەکانە، ئەوا شێوازێکی ئاڵۆز و درێژە. دەبێ هەوەڵجار لیستە براوەکان جودا بکرێنەوە، پاشان ئەو پاڵێوراوانەی لە هەر لیستێکدا دەرچوون. چونکە هەڵبژێر لە بەرانبەر ناوی چەند لیستێکی جودا ئاماژەی کردووە. ڕاستە ئەو یەك دەنگی داوە، بەڵام دەنگی بە چەند لیستێك و بە پاڵێوراوی جودا داوە، بەو مانایەی هەم دەنگی بە لیست و هەم بەو پاڵێوراوانەی دیاری کردوون داوە، ئەمەش وای کردووە ئەم جۆرەیان، جۆرێکی هەرە ئاڵۆزی سیستمی هەڵبژاردن بێت کە لە جیهاندا پێڕەو کرابێت. کورسییەکانیش لە نێوان لیستە ڕکابەرەکان و وردتر لە نێوان پاڵێوراوانی لیستەکانی هەڵبژاردندا دابەش دەکرێ. بۆ ئەمەش تێکڕای هەڵبژاردن دیاری دەکرێ، واتە کۆی دەنگە ڕاست و دروستەکان لە بازنەیەکی هەڵبژاردن بەو پێیەی دەنگی هەڵبژێر (یەك دەنگە) با لەبەرانبەر ناوی چەند پاڵێوراوێکیش هێمای دانابێ (دابەش بووە) بەسەر ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی بازنەکە و پاشان کۆی ژمارەی دەنگەکانی هەر لیستێك بەسەر تێکڕای هەڵبژاردندا دابەش دەکرێ و ژمارەی کورسییەکانی ئەو لیستە دیاری دەکرێ، هەنگاوی دیکە ئەوەیە ئەو کورسییانەی کە لیستێکی دیاریکراو بەدەستی هێناوە، بەسەر پاڵێوراوەکانی ئەو حزبەدا بەپشتبەستن بە زۆرینەی سادە و بەمشێوەیە هەموو کورسییەکانی لیستەکە بەسەر پاڵێوراوەکانی

دابەش دەکرێ. لە بارێکدا ئەگەر کۆتای ئافرەتانیش هەبێ، ئەوا ئەو ڕێژەیەی کە بۆ کۆتا دانراوە لەبەرچاو دەگیرێ لە نێوان پاڵێوراوەکانی هەمان لیستدا.

ئـەوەی لێرەدا گرنگە و سەرنجی بۆ ڕابکێشرێ کە هـەرتم بۆ پرۆسـەی دابەشکردنی کورسییەکان، هۆش و بیری مرۆیی ڕێگەی تازە و نوێ دەبینێتەوە و دادەهێنێ. هەلومەرجی سیاسی و جڤاکی لە هەر دەوڵەتێکدا سۆنگە و مایەی ئەوەن کە شێواز و فۆرمۆڵەی وەسا بێنە پێڕەوکردن کە لەگەڵ واقیعی وڵاتدا بگونجێن و لەبار بن. لێ پراکتیك ساغی دەکاتەوە کە ئەم، یان ئەو شێواز و فۆرمۆڵەیە لەگەڵ واقیعی وڵاتێکی دیاریکراو دەگونجێت، یان نا؟

لە سۆنگەی ئەوەی کە شێوازی سیستەمی لیستی کراوە، شێوازێکی ئاڵۆزە و پرۆسەی دابەشکردنی کورسییەکان گرفت و ئاریشە و سکاڵا دەنێنەوە و درەنگ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دێنە ڕاگەیاندن، لەوما دەبێ قانوونی هەڵبژاردن دەقێکی ڕوون و خویای تێدا بێ کە چۆن کورسییەکانی پارلەمان دێنە دابەشکردن بە تایبەتی لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئاستی هوشیاریی هەڵبژاردنی تێدا لە خوارەوە بێت و لە بواری سیستەمگەلی هەڵبژاردندا زانیاری و شارەزاییەکی ئەوتۆ هەم لەناو هەڵبژێران و هەم لەناو ئەندامانی حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا نەبێت.

ئەم جۆرە سیستەمە چەند لایەنێکی باشی هەیە و لەهەمانکاتدا هەندێ خەوش و کون و کەلەبەر و کێماسیشی تێدایە کە لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە دەگۆڕێ بەپێی ئاستی گەشەی سیاسی و جڤاکی و کولتووری و ئابووری و ئاستی هوشیاریی سیاسی و هەڵبژاردن لە لای هاووڵاتییان و تا چەند دیموکراسی و ئازادییە سیاسییە فەردییەکان چەسپاو و جێگیرن کە بەگشتی دواتر قامك بۆ لایەنە باش و خراپەکان ڕادەکێشین.

ئەم جۆرە سیستەمە لە چەند وڵاتێکی جیهان، بە تایبەتی لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و گرنگترینیان لە سوێد پەیڕەو دەکرێ.

## ٢-١-٤: لایەنە باش و خراپەکانی هەموو جۆرەکانی سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی

لە دەسپێکدا دەبێ ئەوە بێژین کە جێبەجێکردنی هەمان سیستەمی هەڵبژاردن لە چەند دەوڵەتێکی جیادا لەوانەیە هەمان ئەنجامگەلی سیاسی و باندۆری کۆمەڵایەتی و ئابوورییان لێ نەکەوێتەوە، چونکە هەر دەوڵەتێك هەلومەرجی

سیاسی و جڤاکی لێکجودا و سروشتی جیاوازی ڕێکخراوەی سیاسی و ژێرخانی خۆی هەیە. لێ هەندێ نیشانە و خەسڵەتی هاوبەش کە ئەم سیستەمەیان پێ دەناسرێتەوە و دەکرێ لایەنە باشەکانی جۆرەکانی سیستەمی RP پوختە بکەینەوە:

١. بەدیهێنانی ئەوپەڕی ڕادەی دادپەروەری. بەو مانایەی کە هەر حزبە، هەندە کورسیی پارلەمەنتاری بەربکەوێ کە بارتەقای ئەو دەنگانەی بێت کە بەدەستی هێناون.[٤٣] کەواتە هەر حزبە بوونێکی لە پارلەماندا دەبێ با کەمیش بێت.

٢. سیستەمی RP بە سیستەمێکی هەرە گونجاو و لەباری هەڵبژاردن دادەنرێ کە لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسی تەبا و ڕێك بێ. چونکە هەموو دەستە و گرۆیەکانی میللەت و ئاراستە و حزبەکان، نوێنەرایەتییان لە پارلەماندا دەبێ و دەکارن بگەنە ناو پارلەمان بە شێوەیەك کە هاوڕێژەی سەنگ و قورسایی و ژمارەی ئەو دەنگانەیان بێ کە بەدەستیان هێناوە.[٤٤]

٣. لە سیستەمی RP دا دەنگێکی زۆری هەڵبژێران بەفیڕۆ ناڕوات، ئەویش بە سایەی دەرهێنانی تێکڕای هەڵبژاردن[٤٥] بە تایبەتی لە بارێکدا هیچ ڕێژەیەکی سەدی دەنگەکان وەکوو کۆسپ بۆ هاتنە ناو پارلەمان لەبەردەم لیستە ڕکابەرەکاندا دانەنرابێت.

٤. ئەم سیستەمە وا دەکات هاووڵاتییان زێتر بایەخ بە کاروباری گشتی و بەشداریی سیاسی بدەن، چونکە هانی لایەنگرانی حزبە بچووك و تازە و ساواکان دەدات پراکتیزەی مافە سیاسییەکانی خۆیان بکەن و دەنگ بدەن و دڵنیابن کە دەنگەکانیان بەفیڕۆ ناچێ. ئەمە سەرباری وەی کە بەرژەوەندی حزب وا دەخوازێ لە پرۆسەی دەنگداندا دوانەکەون.[٤٦] ئەمەش هۆیەکی زێدەبوونی ڕێژەی بەشداریی هاووڵاتییانە لە هەڵبژاردنەکاندا.

---

٤٣- عبدو سعد، علی مقلد وعصام نعمة اسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٦

٤٤- هەمان سەرچاوە، ل٢٦٦

٤٥- هەمان سەرچاوە، ل٢٧٢

٤٦- ابراهیم عبد العزیز شیحا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٣

٥. سیستەمی RP دەستەبەری نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتە و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە ئەنجوومەنەکانی نوێنەرایەتی دەکات بە پێچەوانەی سیستەمی زۆرینـەوە[٤٧]، چونکە ئەو پێکهاتانە بەزەحمەت دەکارن زۆرینەی دەنگی پێویست بهێنن، چونکە ئەوانە کەمینەن لە ڕووی ژمارەوە و، لە دەڤەرێکی دیاریکراوی جیوگرافیدا بوونێکی ئەوتۆ و چڕیان نییە.

٦. هەروا ئەو سیستەمە وا دەکات ژنان خۆیان لە ئەنجوومەنەکانی نوێنەرایەتی ببیننەوە، چونکە ئەم سیستەمە سیستەمێکی هەرە لەبارە بۆ ئافرەتان لە جیهاندا بە تایبەتی جۆری «لیستگەلی داخراو» کە حزبەکان دەتوانن لیستەکانیان بۆ برەودان بە پێگە و دەوری ئافرەتان بەکاربهێنن،[٤٨] وە هانیان بدەن کە بەشداریی لە بڕیاری سیاسیدا بکەن لە ڕێگەی دانانی پاڵێوراوی چالاکوان لە لیستەکانیاندا. وەك تێبینیش دەکرێ لەو وڵاتانەی کە ئەم سیستەمەیان تێدا پەیڕەو دەکرێ، ئافرەتان بە شێوەیەکی بەرفرەتر بوونیان لە پەرلەمانەکاندا هەیە.

٧. سیستەمی RP دەبێتە هۆی هاتنەئارای زۆرینەیەکی ڕاستەقینە، چونکە ئەو حزبە، یان ئیئتلافەی زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی بردووەتەوە، پشت بە نوێنەرایەتییەکی بەرفرەی میللی دەبەستێ نەك زۆرینەیەکی شکڵیی ناواقیعی هەروەکوو لە سیستەمی زۆرینە و بەتایبەتی زۆرینەی ڕێژەیی (براوەی یەکەم)دا دەبینرێ.

٨. سیستەمی RP ڕێگە نادات ڕژێمێکی فەرمانڕەوای سەڕەڕۆ و ملهوڕ و دیکتاتۆری بێتە سەرکار لەبەر بوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێزی دەنگ بیستراوی ناو پارلەمان، چونکە ئەم سیستەمە دەرگا بۆ حزبە بچووکە بەرهەڵستکارەکان دەکاتەوە کە هەندێ کورسی لە پارلەماندا بەدەست بهێنن.[٤٩] ئەمەش وا دەکات حکوومەت بێباك و بێخەم نەبێ و خراپ دەسەڵات بەکار نەهێنێ، بەڵکە هەمیشە حکوومەتێکی وریا بێ و بەتەنگ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە گشتییەکانەوە بێ و بڕیارەکانی بابەتی و وردبن لە ڕێگەی پراکتیزەکردنی دەسەڵاتە یاسایی و جێبەجێکارییەکانیەوە.

---

٤٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٢

٤٨- اندرو رینولدز واخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥

٤٩- د. ابراهیم عبد العزیز شیحا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٢

٩. ئەم سیستەمە دەستەبەری فرە حزبی و سیاسی لە وڵاتدا دەکات. چونکە پێوەندی و بەندیوارییەکی توندوتۆڵ لە نێوان سیستەمی RP و سیستەمی فرە حزبیدا هەیە. هەروەکوو تێبینیمان کردووە سیستەمی زۆرینە، سیستەمی دووانەی حزبی، جێگیر و چەسپاو دەکات، ئەوا سیستەمی RP دەرفەت بۆ زۆربەی قەوارە و حزبە سیاسییەکان دەکاتەوە کە هەر یەکەیان بە گوێرەی ئەو دەنگانەی هێناویانە کورسیی پارلەمانییان هەبێ.[٥٠] ئەمەش دەستەبەری ئەوەیە کە حزبەکان بکارن بەردەوام بن و ناچار نەبن بچنە ناو حزبە گەورەکانەوە، یان هاوپەیمانێتیان لەگەڵدا بکەن.

١٠. لەبەر ئەوەی سیستەمی RP پلورالیزمی حزبی لێ دەکەوێتەوە، ئەوا زۆر زەحمەتە قەوارەیەك بتوانێ زۆرینەیەکی بەهێز و پتەوی پارلەمانیی بەدەستبهێنێ کە بشێ و بکارێ بە تەنیا کابینەیەکی هاوچەشن پێکبهێنێ کە توانای بەرەنگاربوونەوەی ئالینگارییەکانی هەبێ. لەم سۆنگەیەوە ئەو قەوارەیە ناچار دەبێت پەنا بۆ پێکهێنانی هەڤاڵبەندیی پارلەمانی ببات تا بشێت زۆرینەیەکی پارلەمانیی دڵنیاکەرەوە سازبدات کە سیاسەت و بەرنامەکانی حکوومەت جێبەجێ بکات.

١١. لە سای سیستەمی RP بە گوێرەی لیستی کراوەوە، پاڵێوراوی لێوەشاوە و بەتواناتر دێنە هەڵبژاردن کە بە دەم بەرژەوەند و ئامانجەکانی هەڵبژێرانەوە بچن. چونکە هەڵبژێر بۆی هەیە پاڵێوراوی هەرە چاك لە نێوان پاڵێوراوەکانی لیستە جیاجیاکاندا هەڵبژێرێ[٥١] و ناچار نییە تەنیا دەنگ بۆ لیستێکی هەڵبژاردن بدات. لە سەرێکی دیکەشەوە سەرکردایەتیی حزبەکان ناچار دەبن، خەڵکی لێوەشاوە و دڵسۆز لەناو لیستەکانی خۆیاندا دابنێن کە لە لایەن دەستە و گرۆی بەرفرەی میللەتەوە لایەنگیریان لێ دەکرێ.

١٢. هەروا سیستەمی RP بە گوێرەی لیستی کراوە وا دەکات پاڵێوراو تەنیا پشت بە جەماوەریبوون و پشتیوانیی ئەو حزبە نەبەستێ کە ئەندامی ئەوە و ئەوی پاڵاوتووە، بەڵکە ناچار دەبێ خۆی ڕابگەیەنێ و کار بۆ خۆی بکات و

---

٥٠- هەمان سەرچاوە، ل٣٢٢

٥١- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٥

بێوچان هەوڵی بەدەستهێنانی دەنگ بۆ خۆی بدات و ئامانج و بەرژەوەندییەکانی هەڵبژێران لەبەرچاو بگرێ و بەدیبهێنێ. ئەمەش وا دەکا پەیوەندی و ڕایەڵکەی نێوان پەرلەمەنتار و جەماوەری هەڵبژێران توندوتۆڵ ببێت.

هەرچی خەوشە گرنگەکانی سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەییشە؛ سەرباری خەسڵەت و لایەنە باشەکانی ئەو سیستەمە، لێ هەندێ خەوش و عەیب و کەلەبەریشی هەیە کە لە دەوڵەتێکەوە دەگۆڕێ بۆ دەوڵەتێکی دیکە بە گوێرەی جۆری پێڕەولێکراوی سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی، برێتین لە:

١. ناسەقامگیریی حکوومەت. چونکە حکوومەتگەلی ئیئتلافی حکوومەتی لاوازن و ناکارن بڕیاری سیاسیی گرنگ بدەن، ئاخر حکوومەت پێویستی بە کۆدەنگی و ڕەزامەندیی ئەو حزبانەیە کە پێکەوە ئیئتلافیان کردووە[٥٢] و لەوما لەوانەیە پەنا بۆ ساتوسەودا و سازشی سوودپەرستانەی تایبەت ببەن. چونکە مل نەدانی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەو جۆرە ساتوسەودا و سازشانە، لەوانەیە دووچاری هەڕەشەی متمانە لێ سەندنەوە لە پارلەمان ببێتەوە و دوور نییە ڕووخانی حکوومەتی لێ بکەوێتەوە. ئەمەش وا دەکات حکوومەت ناجێگیر ببێ و چارەنووسی ببەسترێتەوە بە دەستی حزبێك، یان کەمینەیەکی پارلەمانییەوە.

٢. سیستەمی RP جۆرێ لە ئاڵۆزی و پاڵۆزی تێدایە و سەختی و دژواری لە جێبەجێکردندا ڕوو بە ڕوو دەبێتەوە و کۆمەڵانی هەڵبژێران شارەزای وردەکارییەکانی پراکتیکی ئەو سیستەمە نیین.[٥٣] بابەتی دابەشکردنی کورسییەکانی نوێنەرایەتی بەسەر لیستە براوەکاندا زۆر تەمومژی تێدایە و بە ئاسانی درکی پێ ناکرێ بەتایبەتی لە سیستەمی لیستی کراوەدا.

٣. ئەم سیستەمە پارە و پووڵی زۆری تێدەچێ بە تایبەتی لە سیستەمی لیستی کراوەدا.

٤. هەروا ئەنجامەکان درەنگ دێنە ڕاگەیاندن، چونکە پرۆسەکانی ژماردن و لێکجیاکردنەوەی دەنگەکان ئاڵۆزن. ئەگەر سیستەمی لیستی کراوە بێتە پەیڕەوکردن، ئەوا هێشتا ئەنجامەکان زێتر دوا دەکەون. چونکە سەرباری

---

٥٢- هەمان سەرچاوە، ل٣٢٣

٥٣- اندرو رینولدز، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢

لێکجیاکردنەوەی لیستە براوەکان، دەبێ ناوی پاڵێوراوە سەرکەوتووەکانیش لێکتر جیابکرێنەوە لە چوارچێوەی لیستە جوداجوداکاندا.

٥. ئەم سیستەمە بەتایبەتی (لیستی داخراو) وا دەکات ڕایەڵکەی نێوان نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان و هەڵبژێران کز و لاواز بێ. چونکە هەڵبژێر دەنگ بۆ یەکێ لە لیستە حزبییە ڕکابەرەکان دەدا و بە لای پاڵێوراوەوە گرنگ نییە چۆن دەنگ کۆدەکرێتەوە. حزب لە بری پاڵێوراو ئەو ئەرکە ڕادەپەڕێنێ و بەرنامە و ڕیفۆرمان دەخاتەڕوو. نوێنەری براوە، نوێنەرایەتیی کەرتێکی دیاریکراوی هەڵبژێران ناکات، بەڵکە نوێنەرایەتی ئەو حزبەی کە ئەوی پاڵاوتووە دەکات.[٥٤]

٦. سیستەمی RP (لیستی داخراو) دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەسەڵات بکەوێتە دەست حزبان و سەرکردە باڵاکانی حزب. چونکە ئەگەری سەرکەوتنی پاڵێوراو پشت بەو سەرکردایەتییانەی حزب دەبەستێ کە لیستەکانی پاڵاوتن ڕێکدەخەن و پێشکەش دەکەن. ئەمەش وا دەکات پاڵێوراوان خۆیان لەو سەرکردایەتییانە نزیک بکەنەوە و ماستاویان بۆ بکەن تا ناویان بخەنە بەرایی لیستەکان و لە ئەنجامدا دەربچن و کورسییەکی نوێنەرایەتییان لە پارلەماندا بەربکەوێ.[٥٥]

٧. هەروابێتەوە لەبەر سەختی و دژواریی سیستەمی RP و ئاڵۆزیی پرۆسەکانی ژماردنی دەنگەکان و لێکجیاکردنەوەیان، زێتر مایەی گزی و ساختە تێدا کردن دەبنەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی تانە و سکاڵایەکی زۆر لە لایەن لیستە ڕکابەر و پاڵێوراوەکانەوە (کە لەوانەیە هەندێ لەو سکاڵایانە، سکاڵای زیان پێگەیاندن بە بەرانبەر بن). ئەمەش ماوەیەکی پێ دەوێ تا لەو تانە و سکاڵایانە دەکۆڵرێتەوە و بڕیاریان لێ دەدرێ کە بە دەوری خۆیانەوە کاریگەرییان لەسەر دواکەوتنی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەبێ با بەشێوەیەکی پاژەکیش بێت.

٨. پێڕەوکردنی سیستەمی RP بە گوێرەی (لیستی کراوە) لە کۆمەڵگەیەکی کۆنەپارێزدا کە بیروڕای ئایینی و خێڵەکی تێدا باڵادەست بێ، وا دەکات بوونی ئافرەت لە ئەنجوومەکانی نوێنەرایەتیدا کز و لاواز بێ، چونکە هەڵبژێر ئازادە

---

٥٤- هەمان سەرچاوە، ل١١٦.

٥٥- عبدو سعد، علی مقلد، وعصام نعمة اسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٢-٢٧٣

کە کێ هەڵدەبژێرێ و دەنگ بۆ کێ دەدات. لە کۆمەڵگەیەکی وەسادا، دەرفەتی بەدەستهێنانی دەنگی پێویست لە لایەن پاڵێوراوێکی ئافرەتەوە تا بگاتە پارلەمان، تەسك و کەمە.

٩. پێڕەوکردنی سیستەمی RP بە گوێرەی (لیستی کراوە) لە کۆمەڵگەیەکی کۆنەپارێزدا کە بیروڕای ئایینی و خێڵەکی تێدا باڵادەست بێ، تەبای سیستەمی زۆرینە کە بە ئاسانی سەرۆك خێڵەکان و ڕابەرانی ئایینی ژمارەی پێویست بۆ چوونە ناو پارلەمان بەدەست دەهێنن، ئا ئەمەش دەبێتە هۆیەك بۆ کزی و لاوازیی حزبەکان و جۆر و لێهاتوویی ئەندامەکانی پارلەمان.

١٠. لە بارێکدا ئەگەر ڕێژەیەکی سەدی بۆ چوونە ناو پارلەمان (کۆسپە-العتبە) دابنرێ، بە تایبەتی ئەگەر ئەو ڕێژەیە زۆر بەرز بێ، ئەوا هەر لیستێك ئەم ڕێژە ئاماژە پێکراوە نەهێنێ، ئەوا دەنگەکانی بە فیڕۆ دەچن، یان بەپێی قانوونی هەڵبژاردن بەسەر لیستە سەرکەوتووەکاندا دابەش دەکرێنەوە. واتە کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان ناکارن بچنە ناو پارلەمانەوە. هەروەکوو لە تورکیا ڕێژەی (١٠٪)ی دەنگەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی دانراوە.[٥٦] لە سۆنگەی ئەوەشەوە حزبە بچووك و ساوا و لیبراڵ و چەپڕەوەکان و حزبە کوردییەکان ناتوانن ئەو ڕێژەیە بهێنن و بچنە پارلەمانەوە. ئەگەر هاوکاتی ئەم ڕێژە زۆرەش، ڕێژەی دەنگدانیش کەم بێ، ئەوا دەبێتە هۆی سەرکەوتنی قەوارەیەك، یان هاوپەیمانییەك کە هەندە دەنگە، یان زۆرینەی دەنگەکانی نەهێنابێ، لێ زۆرینەی کورسییەکانی پارلەمان بەدەست بهێنێ و حکوومەت پێکبهێنێ.

---

٥٦- پەرلەمانی تورکیا لە ٣١ی ئاداری ٢٠٢٢دا، ئەو ڕێژەیەی لە ١٠٪وە هێنایە خوارەوە بۆ ٧٪ (وەرگێڕ).

# 2-2: سیستەمی یەک دەنگی ڕاگوێزراوە (STV)

تا نهۆ بەکارهێنانی ئەم سیستەمەی هەڵبژاردنی پارلەمانیی لە چەند نموونە و حاڵەتێکی کەم تێناپەڕێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ زانای سیاسەت وەکوو سیستەمێکی هەرە جیددیی هەڵبژاردن داکۆکی لێ دەکەن. ئەو حاڵەتانەش بریتین لە: کۆماری ئیرلەندا، مالتا، ئیستونیا. هەروابێتەوە ئەم سیستەمە لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی سینات و هەندێ هەرێم و ناوچەی ئوستورالیاشدا بەکاردێت. (تۆماس هاری) لە بەریتانیا و (کارل ئەندرۆ) لە دانمارك، بێ ئەوەی ئاگایان لە یەکتر بێ، پێکهاتە بنچینەییەکانی ئەم سیستەمەیان لە سەدەی نۆزدەم داهێناوە.[٥٧] سیستەمی یەك دەنگی ڕاگوێزراو لە بازنەگەلێکی فرە ئەندامێتیدا دێتە جێبەجێکردن و هەڵبژێران لەسەر کارتی دەنگدان، پاڵێوراوان بە گوێرەی ئارەزووی خۆیان ڕێز دەکەن وەکوو سیستەمی دەنگدانی ئەلتەرناتیڤ. لە زۆربەی بارەکاندا، ئەم پرۆسەی ڕێکخستن و ڕێزکردنە، پرۆسەیەکی دڵخوازانەیە، واتە لە هەڵبژێر ناخوازرێ هەموو پاڵێوراوەکان ڕێزبکاتەوە، بەڵکە ئەگەر حەزی لێ بێ دەتوانێ تەنیا یەك پاڵێوراو هەڵبژێرێ.[٥٨]

پاش کۆتاییهاتن بە پرۆسەی هەڵاواردن و ژماردنی یەکەمین «افضلیة»ی سەر کارتەکانی دەنگدان، ژمارەی ئەو دەنگانەی کە بۆ هەڵبژاردنی یەك پاڵێوراو پێویستە، دیاری دەکرێ. ئەوەش بە پشتبەستن بە «پشکی دروپ»[٥٩].

ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان، لە سای ئەم سیستەمەدا، لە ڕێگەی زنجیرەیەك کرداری ژماردنەوە دیاری دەکرێ. لە هەوەڵ ژماردندا، کۆی ئەو یەکەمین «افضلیة»ی هەر پاڵێوراویك بەدەستی هێناوە دیاری دەکرێ. ئەو پاڵێوراوەی کە ئەو ژمارە یەکەمین «افضلیة»ی بەدەستی هێناوە یەکسان بێ بە پشکی دروپ، یان

---

٥٧- د. عصام نعمة اسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٣

٥٨- هەمان سەرچاوە، ل٣٨٤

٥٩- اندرو رینولدز واخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣

له سەرووی «پشکی دروپ»ەوە بێ، ئەوا ڕاستەوخۆ سەردەکەوێ. لە کردەوەکانی دووەم ژماردندا و دوای ئەویش، دەنگە زیادەکانی (زێتر لە پشکی دروپ) ئەو پاڵێوراوە هەڵبژێردراوانەی لە هەوەڵ ژماردندا دەرچوون، بە پشتبەستن بە ژمارەی دووەمین «افضلیة» بەسەر کارتەکانی دەنگدانی ئەو پاڵێوراوانەی ماونەتەوە، دابەش دەکرێتەوە. پاش هەر کردەیەکی دووبارە ژماردنەوە، ئەگەر هیچ پاڵێوراوێك هەندە دەنگەی نەهێنا کە یەکسان بێ بە پشکی داخوازیکراو، ئەوا ئەو پاڵێوراوەی کە کەمترین ژمارەی دەنگی هێناوە دووردەخرێتەوە و دەنگەکانی بەسەر پاڵێوراوەکانی دیکەدا دابەش دەکرێتەوە بەپشتبەستن بە دووەمین «افضلیة» و ئەوانەی دوای ئەویش. ئەم دووبارە ژماردنەوەیە بەردەوام دەبێ تا لە هەر کردەیەکدا، یان ئەوەتا دەنگە زێدەکان دووبارە دابەش دەکرێنەوە، یان پاڵێوراوێکی دیکە دووردەخرێتەوە تا ژمارەیەکی هاوشێوەی کورسییە هەڵبژێردراوەکان، دیاری دەکرێن بەهۆی ئەو پاڵێوراوانەوە کە لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی پرۆسەکە و دابەشکردنەوە، پشکی خوازراو بەدەست دەهێنن.(٦٠) لە بارێکدا هەموو کورسییەکان پڕ نەکرانەوە و هیچ پاڵێوراوێکی دوورنەخراوە نەمێنێ کە زێتر نەبێ لە یەك لە ژمارەی کورسییە ماوە پڕ نەکراوەکان، ئەوا ئەو پاڵێوراوانە تەنیا یەکێکیان نەبێ بە هەڵبژێردراو دادەنرێن وێڕای کە پشکی خوازراوی دروپ-یشیان نەهێناوە.(٦١)

## خەسڵەتەکانی سیستەمی یەك دەنگی ڕاگوێزراو

ئەو خەسڵەتانەی کە سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەییان پێ دەناسرێتەوە، بەسەر ئەم سیستەمەشدا جێبەجێ دەبن. لەگەڵ ئەوەشدا سیستەمی یەك دەنگی ڕاگوێزراو ئەم خەسڵەتە سەربارانەیشی هەس:

١. پێوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان هەڵبژێران و نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیان دەپارێزێ.(٦٢)

٢. ئەم سیستەمە وا دەکات هەڵبژێران کار لەسەر پێکهاتەی ئەو هاوپەیمانێتییانەی دوای هەڵبژاردن دێنە گۆڕێ، بکەن.

٣. ئەم سیستەمە دەرفەتێکی زۆرتر بۆ بردنەوەی پاڵێوراوی سەربەخۆ

---

٦٠- عبدو سعد، علی مقلد و عصام نعمة اسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٦-٢٣٧

٦١- اندرو رینولدز واخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٩

٦٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠

دەکاتەوە بە بەراورد بە سیستەمی ڕێژەیی لیست.[٦٣]

**خەوشەکانی ئەم سیستەمە:**

١. لەبەر ئەوە ڕەخنە لەم سیستەمە دەگیرێ، چونکە سیستەمی «تەفزیلکاری» هەم نامۆ و هەم باو نییە لە لایەن زۆر لە کۆمەڵگەکانەوە و ئاستێکی باشی هوشیاریی کولتووری و مەعریفەی پێ دەوێ.[٦٤]

٢. وردەکارییەکانی ژماردن و هەڵاواردنی دەنگەکان لەم سیستەمەدا پڕ ئاڵۆز و پاڵۆزە. ئەم سیستەمە وا دەخوازێت دووبارە دەنگەکان بژمێردرێنەوە، دەنگەکان بەپێی سیستەمی یەك دەنگی ڕاگوێزراو پێویستی بەوە هەیە لە مەڵبەندەکانی هـاڵاواردن بژمێردرێن، یان لە مەڵبەندەکانی کۆکردنەوەی ئەنجامەکان لەبری سەنتەرەکانی دەنگدان. چونکە مەسەلەی پاکی و بێگەردیی هەڵبژاردنەکان مەسەلەیەکی ئێکجار گرنگە بە لای قەوارە ڕکابەرەکانی هەڵبژاردنەوە. حیسابکردن لە مەڵبەندەکانی دەنگدان بۆ ڕەوایی هەڵبژاردن لەوانەیە پێویست بێ.[٦٥] لەوما پێویست بەوە دەکا هەڵبژاردنی سیستەمی هەڵبژاردن ئەم خاڵە ڕەچاو بکا.

٣. بە پێچەوانەی سیستەمی لیستی ڕێژەیی، ئەو سیستەمە دەبێتە هۆی دابـەش دابەشبوون لەناو حزبە سیاسییەکاندا. لەڕاستیدا پاڵێوراوانی یەك حزبی سیاسی لە نێوان خۆیاندا دەکەونە ڕکە، سەرباری ڕکابەرایەتی لەگەڵ پاڵێوراوانی حزبە سیاسییەکانی دیکەدا. لەوانەیە ئەمەش گوشار بخاتە سەر حزبە سیاسییەکانی ئاراوە.[٦٦]

٤. لەوانەیە لە ئەنجامی پێڕەوکردنی ئەم سیستەمەدا، حزبێکی دیاریکراو کەمتر کورسی لە حزبە ڕکابـەرەکەی بباتەوە، هەرچەند دەنگی زۆرتریشی لەو هێناوە. مالتا، لە ناوەڕاستی هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوودا سیستەمی هەڵبژاردنی خۆی هەموارکردەوە لە ڕێگەی پێدانی هەندێ کورسیی قەرەبوو تا بەو حزبە بدرێ ئەگەر شتێکی لەمبابەتە ڕووبدات.[٦٧]

---

٦٣- هەمان سەرچاوە، ل٣٨٦

٦٤- هەمان سەرچاوە، ل١٤٠

٦٥- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١

٦٦- هەمان سەرچاوە، ل١٤١

٦٧- هەمان سەرچاوە، ل١٤١


BALLOT PAPER
HOUSE OF REPRESENTATIVES

WESTERN AUSTRALIA

ELECTORAL DIVISION OF

BRAND

*Number the boxes from 1 to 10 in the order of your choice.*

- ☐ BEAZLEY, Kim — AUSTRALIAN LABOR PARTY
- ☐ GENT, Alan — INDEPENDENT
- ☐ McCARTHY, Brian — INDEPENDENT
- ☐ GOODALE, Bob — THE GREENS (WA)
- ☐ McKERCHER, Mal — AUSTRALIAN DEMOCRATS
- ☐ ANDERSON, Leone L — INDEPENDENT
- ☐ GALLETLY, Clive Philip Arthur — INDEPENDENT
- ☐ REBE, Phil — AUSTRALIANS AGAINST FURTHER IMMIGRATION
- ☐ WALTON, Malcolm — NATIONAL PARTY
- ☐ HEARNE, Penny — LIBERAL

Remember...number every box to make your vote count

ورقة الاقتراع في نظام الصوت الواحد المتحول لمجلس الشيوخ الأسترالي

# 2-3: فۆرمۆڵەکانی هەڵبژاردن لە سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەییدا

وەکوو ئاماژەمان پێدا سیستەمی RP پشت بە تێکڕای هەڵبژاردن، یان کۆلکەی هەڵبژاردن دەبەستێ کە بریتییە لە ئەنجامی دابەشکردنی کۆی دەنگە ڕاستەکان لە بازنەیەکی هەڵبژاردندا بەسەر ژمارەی ئەو کورسییانەی کە بۆ ئەو بازنەیە تەرخان کراون. گریمان بازنەیەکی هەڵبژاردن، (١٠) کورسی بۆ داندرابێ و (٢٠٠٠٠٠) هەڵبژێر بەشێوەیەکی ڕاست دەنگیان تێدا دابێ، ئەوا تێکڕای ناوەندی هەڵبژاردن بەم شێوەیە دەبێ:

$$\frac{٢٠٠٠٠٠}{١٠}$$ = ٢٠٠٠٠ بیست هەزار دەنگ.

گریمان چوار لیست لە هەڵبژاردندا کێبەرکێیان لەسەر ئەو (١٠) کورسییەی بازنەکە کردووە و لە ئەنجامدا ئەم دەنگانەیان هێنابێت:
لیستی ئەلف= ٧٤٠٠٠ دەنگ؛ لیستی بێ= ٦٩٠٠٠ دەنگ؛ لیستی جیم= ٣٢٠٠٠ دەنگ؛ لیستی دال= ٢٥٠٠٠ دەنگ.

ئەو (١٠) کورسییە بەم شێوەیەی خوارەوە بەسەر ئەو چوار لیستە براوەیەدا دابەش دەبن کە ژمارەی دەنگەکانی هەر لیستێکیان بەسەر تێکڕای هەڵبژاردن کە (٢٠٠٠٠)ە، دابەش بکە:

لیستی ئەلف $$\frac{٧٤٠٠٠}{٢٠٠٠٠}$$ = ٣ و ١٤٠٠٠ دەنگیشی دەمێنێتەوە.

لیستی بێ $$\frac{٦٩٠٠٠}{٢٠٠٠٠}$$ = ٣ و ٩٠٠٠ دەنگیشی دەمێنیتەوە.

لیستی جیم   ٣٢٠٠٠ / ٢٠٠٠٠   = ١ و ١٢٠٠٠ دەنگیشی دەمینێتەوە.

لیستی دال   ٢٥٠٠٠ / ٢٠٠٠٠   = ١ و ٥٠٠٠ دەنگیشی دەمێنێتەوە.

بەم شێوەیە دەبینین (٨) کورسی لە کۆی (١٠) کورسیی بازنەکە بەم شێوەیە دابەش دەبن: لیستی (ئەلف) سێ کورسی بەردەکەوێ و لیستی (بێ) سێ کورسی و هەریەك لە لیستی (جیم و دال)یش سەرو کورسییان پێ دەبڕێ. بەڵام دوو کورسی دەمێننەوە کە دەبێ بێنە دابەشکردن. بۆ ئەمەش چەند شێواز و فۆرمۆڵەیەکی حیسابی هەن، کە یان ئەوەتا کورسییەکان بە یەکجار دابەش دەکرێن بەپێی ئەم هاوکێشە حیسابییە بێ ئەوەی بە قۆناخی یەکەمدا بڕوات، یان بە دوو قۆناخ جێبەجێ دەکرێ، وەکوو قۆناخی یەکەممان لە سەرێ ڕوون کردەوە. ئەو فۆرمۆڵانەش بریتین لە شێوازی (بەهێزترین ماوە)، یان شێوازی (بەهێزترین تێکڕایی)، یان (ناوەندی هەرەباڵا)[٦٨] بەپێی ناولێنانی خەڵکی دیکە.

## ٢-٣-١: میتۆدی بەهێزترین ماوە (الباقي الاقوى)/largest remainder method

بەپێی ئەم میتۆدە، باقی کورسییەکان بەسەر ئەو لیستانە دابەش دەکرێ کە گەورەترین، یان بەهێزترین ماوەیان هەیە.[٦٩] جا چ ئەو لیستانە لە پرۆسەی یەکەمدا کورسییان بەرکەوتبێ، یان نا، بۆ ئەمەش سێ فۆرمەڵەمان هەیە:

### ٢-٣-١-١: فۆرمۆڵەی هاری، یان هێر

بە گوێرەی ئەم فۆرمۆڵەیە، پاش ئەوەی ژمارەی دەنگە ڕاستەکان بەسەر ژمارەی کورسییەکاندا دابەش دەکرێ تا تێکڕای هەڵبژاردن، یان کۆڵکەی

---

٦٨- بلال أمين زين الدين، سەرچاوەی پێشوو، ل٨١

٦٩- د. عصام نعمة اسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩١

هەڵبژاردن دیاری بکرێ کە (پشك quota)یشی پێ دەگوترێ، هەروەکوو لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، بەپێی ئەم هاوکێشەیە ئەوا پشکەکە دەبێتە (٢٠٠٠٠) دەنگ و پاشان دەنگەکانی هەر حزبێك بەسەر ئەو پشکەدا دابەش دەکرێ و ژمارەی کورسییەکانی هەر حزبێك دیاری دەکرێ.

پشك = ژمارەی دەنگە ڕاستەکان / ژمارەی کورسییەکانی بازنەی هەڵبژاردن

٢٠٠٠٠٠ / ١٠ = ٢٠٠٠٠

پاشان بەشی هەر حزبێك= ژمارەی دەنگە ڕاستەکانی حزب / پشك (٢٠٠٠٠)

ئەگەر لیستی ئەلف وەربگرین= ٢٠٠٠٠/٧٤٠٠٠= ٣ کورسی و ١٤٠٠٠ دەنگیشی دەمێنێتەوە. هەمان شت بە نسبەت لیستەکانی دیکە.

هەرچی کورسییە بەتاڵەکانە کە لەو نموونەیەی ئێمەدا بریتین لە (٢) کورسی، ئەوا بەو لیستانە دەدرێ کە بەهێزترین پاشماوەیان هەیە، ئەوانیش بریتیین لە لیستی ئەلف کە (١٤٠٠٠) دەنگی پاشماوەی هەیە و لیستی جیم کە (١٢٠٠٠) دەنگی مابووەوە.

| حزب/ لیست | ژمارەی دەنگ | کورسی | پاشماوە | کورسی | کۆی کورسییەکانی هەر لیستێك |
|---|---|---|---|---|---|
| أ | **74000** | 3 | **14000** | 1 | 4 |
| ب | **69000** | 3 | 9000 | 0 | 3 |
| ج | **32000** | 1 | **12000** | 1 | 2 |
| د | **25000** | 1 | 5000 | 0 | 1 |
| کۆی گشتی | 200000 | **8** | | 2 | 10 |

### ٢-٣-١-٢: فۆرمۆڵەی دروپ Droop

بە گوێرەی ئەم فۆرمۆڵەیە کۆی دەنگە ڕاستەکان بەسەر (ژمارەی کورسییەکان+١) دا دابەش دەکرێ و پاشان (١) دەخرێتە سەر بەرەنجامەکە و بەمەش دەگوترێ پشکی دروپ کە لە ناوی داهێنەری ئەو فۆرمۆڵەیە Henry Richmond Droop وەرگیراوە. پاشان دەنگە ڕاستەکانی هەر حزبێك، یان لیستێکی هەڵبژاردن دابەشی ئەم پشکە دەکرێ و ئەنجامەکەی بریتییە لە ژمارەی کورسییەکانی ئەو حزبە، یان لیستە.[٧٠]

پشکی دروپ= {ژمارەی دەنگە ڕاستەکان/ (ژمارەی کورسییەکان+١)}+١

پشکی دروپ= {٢٠٠٠٠٠/(١٠+١)}+١= ١٨١٨٢+١= ١٨١٨٣

پاشان کورسییەکان بەم شێوەیە دێنە دابەشکردن:

لیستی ئەلف= ٧٤٠٠٠/١٨١٨٣= ٤,٠٦٩

لیستی بێ= ٦٩٠٠٠/١٨١٨٣= ٣,٧٩٤

لیستی جیم= ٣٢٠٠٠/١٨١٨٣= ١,٧٥٩

لیستی دال= ٢٥٠٠٠/١٨١٨٣= ١,٣٧٤

بەم شێوەیە لیستەکان لە قۆناخی یەکەمدا لیستی ئەلف (٤) کورسی دەباتەوە و لیستی بێ (٣) کورسی و لیستی جیم (١) کورسی و لیستی دال (١) کورسییان پێ دەبرێ لە کۆی (١٠) کورسی و دەمینێتەوە (١) کورسی بەتاڵ، ئەویش بەپێی بەهێزترین پاشماوە بەر لیستی (بێ) دەکەوێ.

| حزب | دەنگ | کورسی | پاشماوە | کورسی | کۆی کورسییەکانی |
|---|---|---|---|---|---|
| أ | **74000** | 4 | 1272 | 0 | 4 |
| ب | **69000** | 3 | **14454** | 1 | 4 |
| ج | **32000** | 1 | 13818 | 0 | 1 |
| د | **25000** | 1 | 6818 | 0 | 1 |
| کۆی گشتی | 200000 | **9** | | 1 | 10 |

---

٧٠- عبدو سعد، علی مقلد و عصام نعمة اسماعيل، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٦

### ٢-٣-١-٣: فۆرمۆڵەی ئیمپریالی

بە گوێرەی ئەم فۆرمۆڵەیە کۆی دەنگە ڕاستەکان دابەش (ژمارەی کورسییەکانی بازنە+ ٢) دەکرێ و بەمەش دەگوترێ پشکی ئیمپریالی کە بە ناوی داهێنەرەکەیەوە Pierre Guillaume Imperiali des Princes de Francavilla کراوە. پاشان ژمارەی دەنگە ڕاستەکانی هەر حزب، یان لیستێکی هەڵبژاردن دابەشی ئەو پشکی ئیمپریالییە دەکرێ و ژمارەی کورسییەکانی هەر حزبێك دەردەچێ. کورسییە بەتاڵەکانیش بە گوێرەی بەهێزترین پاشماوە دابەش دەکرێنەوە بەسەر لیستەکاندا.

$$\text{پشکی ئیمپریالی} = \frac{\text{ژمارەی دەنگە ڕاستەکان}}{(\text{ژمارەی کورسییەکان}+٢)}$$

$$\frac{٢٠٠٠٠٠}{(١٠+٢)} = ١٦٦٦٦$$

ژمارەی کورسییەکانی لیستی ئەلف= ٧٤٠٠٠/١٦٦٦٦= ٤,٤٤ واتە (٤) کورسی و ٧٣٣٦ دەنگ دەمێنێتەوە. ئەوانی دیکەش بەهەمان شێوە.

لەو نموونەیەی سەرەوە لە قۆناخی یەکەمدا هەر (١٠) کورسییەکە بە گوێرەی ئەم فۆرمۆلەیە دێنە دابەش کردن و هیچ کورسییەکی بەتاڵ نامێنێتەوە تا بە گوێرەی بەهێزترین پاشماوە پر بکرێتەوە.

| حزب | دەنگ | کورسی | پاشماوە | کورسی | کۆی کورسییەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| أ | **74000** | 4 | 7336 | 0 | 4 |
| ب | **69000** | 4 | 2336 | 0 | 4 |
| ج | **32000** | 1 | 15336 | 0 | 1 |
| د | **25000** | 1 | 8336 | 0 | 1 |
| کۆی گشتی | 200000 | **10** | | 1 | 10 |

## ٢-٣-٢: میتۆدی بەهێزترین تێکڕایی، یان بەرزترین ناوەند

ل گۆڕ ئـەم ڕێگەیە، کورسییەکان بەپێی هاوکێشەیەکی بیرکاری دابـەش دەکرێن. ئەویش بە دابەشکردنی ژمارەی دەنگە ڕاستەکانی هەر لیستێك بەسەر ژمارەگەلێکی زنجیرەیی و بەپێی ژمارە تەرخانکراوەکانی بازنەیەکی هەڵبژاردن، یان بەسەر ژمارەی تاك تا گەیشتن بە تێکڕایی حیسابی بە ئەندازەی ژمارەی کورسییەکانی ئەو بازنەیە و بەرکەوتەی دابەشکردنەکە پێی دەگوترێ (بەهێزترین تێکڕایی) و کورسی بە بەهێزترین تێکڕایی هەڵبژاردن لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەدرێ، واتە هەموو کورسییەکان بە یەکجار دێنە دابەشکردن. ئەم ڕێگەیەش دوو فۆرمۆڵەی هەیە:

### ٢-٣-٢-١: فۆرمۆڵەی دی هۆندت

ئەم فۆرمۆڵەیە پرۆفیسۆرێکی قانوونی مەدەنی لە زانکۆیەکی بەلجیکا کە ناوی (Victor Joseph Auguste D›Hondt) بووە دایهێناوە کە حەزی لە ژمێریاری و هاوکێشەی بیرکاری بووە. ئەم پرۆفیسۆرە بە فەرمانی وەزیری داد لە بەلجیکا ئەم فۆرمۆڵەیەی بۆ دابەشکردنی کورسییەکانی پارلەمان داهێناوە و هاتووەتە ناو قانوونی هەڵبژاردنی بەلجیکاوە و لە (١٨٩٩)ەوە تا ئێستە پێڕەوی لێ دەکرێ.[٧١]

لەم ڕێگەیەدا ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن بەسەر لیستەکاندا بەمشێوەیە دابەش دەکرێ. دەنگە ڕاستەکانی هەر لیستێك بەسەر ژمارەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥) یەك لە دوای یەك دابـەش دەکرێن و پاش دەرهێنانی ئەنجامەکانی دابەشکردنەکە (بەرزترین ناوەند) لە سەرەوە بۆ خـوارەوە ڕێکدەخرێنەوە، واتـە لە گـەورەوە بۆ گچکەتر بۆ دیاریکردنی ئەو لیستانەی کە باڵاترین ناوەندیان بەدەستهێناوە لە بەرانبەر کورسییەکی پارلەمانییدا.[٧٢]

شایانی گوتنە، خەسڵەتێکی گرنگی ئەو فۆرمۆڵەیە ئەوەیە کە کورسییەکانی

---

٧١- د. على غالب خضير العاني، د. نوري لطيف، القانون الدستوري، مؤسسة دار الكتاب للطباعة والنشر، بغداد، بدون سنة الطبع، ص٥٠

٧٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠-٥١

پارلەمان بەیەکجار لە نێوان لیستە ڕکابەرەکاندا دابەش دەکرێن و پێویست بە یەکەم دابەشکردن و دووەم و سێیەم نابێ.

هاوکێشەکە= دابەشکردنی دەنگەکانی هەر لیستێك بەسەر ژمارەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥...) تاد.

| ب | کۆی کورسییەکان | دەنگەکان / 1 | دەنگەکان / 2 | دەنگەکان / 3 | دەنگەکان / 4 | کۆی کورسیەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| أ | 74000 | **74000** | **37000** | **24666** | **18500** | **4** |
| ب | 69000 | **69000** | **34500** | **23000** | **17250** | **4** |
| ج | 32000 | **32000** | 16000 | 10666 | 8000 | **1** |
| د | 25000 | **25000** | 12500 | 8333 | 6250 | **1** |
| کۆ | 200000 | | | | | **10** |

### ٢-٣-٢-٢: فۆرمۆڵەی سانت لاگ Sainte-Laguë method

ئەم فۆرمۆڵەیە لە ڕووی دابەشکردنی دەنگە ڕاستەکانی هەر حزب، یان لیستێکی هەڵبژاردندا هاوشێوەی فۆرمۆڵەی (دی هۆندت)ە بەسەر چەند ژمارەیەکدا بۆ دەرهێنانی ناوەندێك کە بۆ دابەشکردنی کورسییەکان پشتی پێ ببەستریٚ لە سەرەوە بۆ خوارەوە تا هەموو کورسییەکان بەیەکجار دێنە دابەشکردن. بەڵام لەم فۆرمۆڵەیەدا، دەنگە ڕاستەکان بەسەر ژمارەی تاکدا، واتە ١، ٣، ٥، ٧... تاد دێنە دابەشکردن بە جۆرێ کە لە ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی بازنەی هەڵبژاردندا تێپەڕ نەکەن. لەوما هەندێ کەس بەم فۆرمۆڵەیە دەڵێن شێوازی (نمرەی تاق) و لە هەندێ وڵاتی ئەسکنەدەناڤیدا پێڕەوی لێ دەکرێ.[٧٣]

---

٧٣- عبدو سعد، علی مقلد و عصام نعمة اسماعيل، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٤

هەروابێتەوە ئەم فۆرمۆڵەی سانت لاگە بەسەر نموونەی پێشوودا بۆ دابەشکردنی کورسییەکان لە نێوان لیستە ڕکابەرەکاندا جێبەجێ دەبێ و وەکوو تێبینی دەکەین ئەم ئەنجامانە هاوشێوەی شێوازی بەهێزترین پاشماوەیە (فۆرمۆڵەی هاری) لە ڕووی هاورێژەییەکی گەورەتر لە دابەشکردنی کورسییەکاندا، بۆیە ئەم دوو فۆرمۆڵەیە بە زۆر ڕێژەییتر و دادپەروەرتر لە فۆرمۆڵەی هۆندت دادەنرێن.

هاوکێشە= دەنگەکان بەسەر ژمارەکانی (١، ٣، ٥، ٧ تاد) دابەش دەکرێن و وەکوو لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

| حزبەکان | دەنگەکان | دەنگەکان 1 / | دەنگەکان 3 / | دەنگەکان 5 / | دەنگەکان 7 / | کۆی کورسییەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| أ | 74000 | **74000** | **24666** | **14800** | **10571** | **4** |
| ب | 69000 | **69000** | **23000** | **13800** | 9857 | **3** |
| ج | 32000 | **32000** | **10666** | 6400 | 4571 | **2** |
| د | 25000 | **25000** | 8333 | 5000 | 3571 | **1** |
| کۆ | 200000 | | | | | **10** |

لەم خشتەیەی خوارەوەدا، ئەنجامەکانی دابەشکردنی کورسییەکان لە نێوان چوار لیستەکەدا بە گوێرەی فۆرمۆڵەکان ڕوونی دەکەنەوە کە جۆرێ لە پێکچوون لە نێوان هەندێك لەو فۆرمۆڵانەدا هەیە.

| پشك/ هاوكێشه | لیستی أ 74000 | لیستی ب 69000 | لیستی ج 32000 | لیستی د 25000 |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| هاری | 4 | 3 | 2 | 1 |
| دروپ | 4 | 4 | 1 | 1 |
| ئیمپریالی | 4 | 3 | 2 | 1 |
| دی هۆندت | 4 | 4 | 1 | 1 |
| سانت لاگ | 4 | 3 | 2 | 1 |

هەروا شێوازی دیكەش هەن بۆ دابەشكردنی كورسییان كە لە هەندێ دەوڵەتدا پێڕەویان لێ دەكرێ وەكوو شێوازی (بیشۆف) كە لە سوێسرا بەكاردەهێنرێ و پێشی دەگوترێ (بەركەوتەی ڕاستی دابەشكردن) كە ژمارەی دەنگە ڕاستەكان بەسەر كۆی (ژمارەی كورسییەكان+١)دا بەش دەكرێ و هەمان بنەما و بنەواشەكانی پێشووتری دابەشكردنیان بەسەردا جێبەجێ دەكرێ[٧٤].

پشك= ژمارەی دەنگە ڕاستەكان لە بازنەیەكدا
(ژمارەی كورسییەكان+١)

پشك= ٢٠٠٠٠٠ = ١٨١٨٢
(١٠+١)

---

٧٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥١- ٢٥٢

پاشان دەنگی هەر لیستێك بەسەر ئەو پشكەدا دابەش دەكرێ و لە قۆناخی یەكەمدا ژمارەی كورسییەكانی دیاری دەكرێ و ئەوجا بەپشتبەستن بە بەهێزترین پاشماوە، كورسییە بەتاڵەكان پڕ دەكرێنەوە.

| حزبەكان | دەنگەكانی | كورسییەكان | پاشماوە | كورسی | كۆی كورسییەكان |
|---|---|---|---|---|---|
| أ | **74000** | 4 | 1276 | 0 | 4 |
| ب | **69000** | 3 | **14457** | 1 | 4 |
| ج | **32000** | 1 | 13819 | 0 | 1 |
| د | **25000** | 1 | 6819 | 0 | 1 |
| كۆ | 200000 | **9** | | 1 | 10 |

# 3: سیستەمگەلی تێکەڵەی هەڵبژاردن

وەکوو دەردەکەوێ هەم سیستەمی زۆرینە لایەنی باش و خراپی هەیە و هەم سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی. بۆ ئەوەی هەندێ لە خەوشی ئەم سیستەم و خەوشی ئەوی دیکەیان نەهێڵدرێ، قانوونەکانی هەڵبژاردن لە هەندێ وڵاتدا، پەنا بۆ دانانی قنوونێکی وەسای هەڵبژاردن دەبەن کە هەردوو سیستەم پێکەوە کۆبکەنەوە، با جۆری جوداشیان هەبێ، لەوما بەو جۆرانە دەگوترێ: سیستەمی تێکەڵەی هەڵبژاردن.[٧٥]

لەم باسەدا هەوەڵجار سیستەمی تێکەڵەی هاوتەریبی هەڵبژاردن دەدەینە بەرباس و پاشان سیستەمی تێکەڵەی هاوڕێژەیی ئەندامێتی و پاشان لە خەسڵەتەکانی سیستەمگەلی هەڵبژاردن دەدوێین.

### ٣-١: سیستەمی تێکەڵەی هاوتەریبی هەڵبژاردن

لەم سیستەمەدا، هەردوو سیستەمی زۆرینە و سیستەمی RP تێدا بەکاردەهێنرێ و ژمارەی کورسییەکانی پارلەمان دەکرێتە دوو بەش. بەشێك لە ڕێگەی سیستەمی زۆرینەوە پیادە دەکرێ و وڵات دابەشی بازنەی فەردی، یان بازنەی فرە ئەندامێتی دەکرێ و لە بەشەکەی دیکەدا وڵات دەکرێتە یەك بازنەی هەڵبژاردن، یان چەند بازنەیەك و لە ڕێگەی سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەییەوە ئەو بەشەی کورسییەکان یەکلادەکرێتەوە.[٧٦] هەرچی کارتی دەنگدانە، ئەوا وەکوو لە کۆریای باشووردا پێڕەودەکرێ، یەك کارت بە هەڵبژێر دەدرێ و دەنگی خۆی هەم بە پاڵێوراو و هەم بە حزبەکەی دەدات، یان ئەوەتا دوو کارتی دەنگدان بە هەڵبژێر دەدرێ و لە یەکێکیان بۆ ئەو کورسی، یان کورسییە تەرخانکراوانەیە کە دەبێ بە شێوازی زۆرینە یەکلا بکرێنەوە و لە کارتەکەی دیکەشدا بۆ هەڵبژاردنە بە

---

٧٥- اندرو رینولدز واخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠

٧٦- عبدو سعد، علی مقلد و عصام نعمة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨١-٢٨٢

گوێرەی سیستەمی RP هەروەکوو لە ژاپۆن، لیتوانیا و تایلانددا بەکاردەهێندرێ.

دەوڵەتان لەوەدا جیاوازیان هەیە کە چەند کورسی بۆ هەر بەشێکیان تەرخان دەکەن، واتە چەندیان لە ڕێگەی سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەییەوە یەکلا دەکرێنەوە و چەندیشیان لە ڕێگەی سیستەمی زۆرینەوە. بۆ نموونە دەکرێ نیوەیان بە سیستمی RP و نیوەش بە سیستەمی زۆرینە بێنە هەڵبژاردن وەکوو ڕووسیا، ئۆکراینا و ئەندۆرا[٧٧] و، لە تیموری ڕۆژهەڵاتدا (٧٥) ئەندام لە ڕێگەی RP و (١٣)ەشیان لە ڕێگەی سیستەمی زۆرینەی سادە (براوەی یەکەم)ەوە دێنە هەڵبژاردن[٧٨]، یان ئەوەتا (٦٠٪)ی کورسییەکان تەرخان دەکرێ بۆ سیستەمی زۆرینە و (٤٠٪)یش بۆ سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی[٧٩]. ئەم سیستەمە لە کۆمەڵێ وڵاتدا پەیڕەوی لێ دەکرێ وەك ئەرمەنستان، ژاپۆن، ئازەربێجان، پاکستان، کازاخستان، لیتوانیا، تاجیکستان، گینیا، سەنگال و تونس.[٨٠] هەروا دەوڵەتان لە بەکارهێنانی جۆری سیستەمی زۆرینە لەتەك سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەییشدا جیاوازن، هەیانە سیستەمی زۆرینەی سادە، یان زۆرینەی ڕەها، یان دەنگدان بە بلۆك، یان دەنگدان بە بلۆکی حزبی بە گوێرەی هەلومەرجی تایبەت بە خۆیان پەیڕەو دەکەن.

**لایەنە باش و خراپەکانی ئەم سیستەمە:**

١) ئەم سیستەمە ئامانجی ئەوەیە کە خۆی لە خەوشەکانی هەردوو سیستەمی زۆرینە و RP لابدات و سوود لە لایەنە باشەکانیان وەربگرێ.[٨١]

٢) ئەم جۆرە هەڵبژاردنە وا دەکات پەرلەمەنتاری وەسا بێنە هەڵبژاردن کە نوێنەرایەتی ئەو ناوچە جیوگرافیانە بکەن کە تێیدا هەڵبژێردراون بە تایبەتی لەو بازنانەی هەڵبژاردندا کە جۆرێکی سیستەمی زۆرینەیان تێدا بەکارهێنراوە و بەزۆریش سیستەمی زۆرینەی سادەیە.

٣) ئەم سیستەمی هاوتەرییە دەرفەت بە نوێنەرانی پێکهاتە نەتەوەیی و

---

٧٧- اندرو رينولدز واخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٦

٧٨- سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧

٧٩- د. عصام نعمة اسماعيل، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٨

٨٠- اندرو رينولدز واخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٦

٨١- سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٥

ئایینییەکان دەدا، بەپێی سیستەمی RP چەند کورسییەکی پارلەمان بەدەست بهێنن.[٨٢] واتە دەستەبەری نوێنەرایەتییان لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا دەکرێ.

هەرچی خەوشەکانی ئەم سیستەمەن، بریتین لە:

١) پێڕەویکردن لەم سیستەمە کە هەردوو سیستەمی زۆرینە و RPی تێدا تێکەڵ دەکرێ، بەشێکی خەوشەکانی ئەم هەردوو سیستەمەی بۆ دەگوازرێتەوە و ناکرێ خۆیان لێ لابدرێ.[٨٣]

٢) ئەو پەرلەمەنتارانەی بە گوێرەی سیستەمی RP هاتوونەتە هەڵبژاردن، نوێنەرایەتی هیچ ناوچەیەکی جیوگرافی ناکەن و بەمشێوەیە ڕایەڵکە و پێوەندییەکی کزیان لەگەڵ هەڵبژێرەکانیاندا دەبێ.

٣) ئەم سیستەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەستەبەری هەڵبژاردنەوەی سەرکردەی حزبەکان بکرێ. ئەو ژی لە ڕێگەی خۆپاڵاوتنیان لە لیستێکی نوێنەرایەتیی ڕێژەییدا کە دەبێتە هۆی بەردەوامیی ئەو سەرکردانە لە پلە و پایە حزبی و حکومییەکانیاندا بە تایبەتی لە بارێکدا کە مەرجی دەست لەکار کێشانەوەی بەرپرسێك لە حزبدا نەبێ کاتێ کە پلە و پایەی حکوومی وەردەگرێ.

٤) ئەم سیستەمە ئاڵۆزە و وادەکا هەڵبژێران و حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە سروشتی سیستەمی هەڵبژاردن و میکانیزمی دابەشکردنی کورسی لە نێوان لیستە ڕکابەرەکاندا نەگەن بە تایبەتی لەو وڵاتانەی تازە دیموکراسییان تێدا پەیڕەو دەکرێ و دەبێتە مایەی نانەوەی گیروگرفت بە ئاریشەی جۆاکیشەوە کە کار لە سەقامگیری وڵات دەکا.[٨٤]

---

٨٢- هەمان سەرچاوە، ل١٩٥

٨٣- هەمان سەرچاوە، ل١٩٥

٨٤- هەمان سەرچاوە، ل١٩٥

## ورقة اقتراع في النظام المتوازي في ألبانيا



## ئەو دەوڵەتانەی سیستەمی هاوتەریب بەکاردەهێنن

| ولآت | ژمارەی کورسییەکان بەپێی سیستەمی لیستی ڕێژەیی | ژمارەی کورسییەکان بەپێی سیستەمی زۆرینە (یان هیتر) | سیستەمی زۆرینە (یان هیتر)ی پێڕەولێکراو | کۆی گشتیی کورسییەکان |
|---|---|---|---|---|
| ئەندۆرا | 14 (%50) | 14 (%50) | بلۆکی حزبی | 28 |
| ئەرمەنستان | 56 (%43) | 75 (%57) | براوەی یەکەم | 131 |
| ئازەربیجان | 25 (%20) | 100 (%80) | دوو خول | 125 |
| گورجستان | 150 (%64) | 85 (%36) | دوو خول | 235 |
| گینیا | 76 (%67) | 38 (%33) | براوەی یەکەم | 114 |
| ژاپۆن | 180 (%37,5) | 300 (%62,5) | براوەی یەکەم | 480 |
| کازاخستان | 10 (%13) | 67 (%87) | زۆرینەی ڕەها | 77 |
| کۆریای باشوور | 56 (%19) | 243 (%81) | براوەی یەکەم | 299 |
| لیتوانیا | 70 (%50) | 71 (%50) | دوو خول | 141 |
| مۆناکۆ | 8 (%33) | 16 (%67) | بلۆک | 24 |
| پاکستان | 70 (%50) | 272 (%80) | براوەی یەکەم | 342 |
| فلیپین | 52 (%20) | 208 (%80) | براوەی یەکەم | 260 |
| ڕووسیا | 225 (%50) | 225 (%50) | براوەی یەکەم | 450 |
| سەنگاڵ | 55 (%46) | 65 (%54) | بلۆکی حزبی | 120 |
| دورگەکانی سیشیل | 9 (%26) | 25 (%74) | براوەی یەکەم | 34 |
| تایوان | 49 (%22) | 176 (%78) | یەك دەنگی ڕانەگوێزراوە | 225 |
| تاجیکستان | 22 (%35) | 41 (%65) | دوو خول | 63 |
| تایلاند | 100 (%20) | 400 (%80) | براوەی یەکەم | 500 |
| تیموری ڕۆژهەڵات | 75 (%85) | 13 (%15) | براوەی یەکەم | 88 |
| تونس | 152 (%80) | 37 (%20) | بلۆکی حزب | 189 |
| ئۆکراینا | 225 (%50) | 225 (%50) | براوەی یەکەم | 450 |

# 3-2: سیستەمی هاوڕێژەی تێکەڵەی ئەندامێتی

ئەم سیستەمە بۆ قەرەبووکردنەوە و تێهەڵێنانەوەی ڕوودانی حاڵەتی هاوڕێژەنەبوونی ئەنجامەکان لەگەڵ کورسییە تەرخانکراوەکانی بازنەی هەڵبژاردندا هاتووەتە ئاراوە. واتە حزبێك ڕێژەیەکی دیاریکراو دەنگی هێناوە، بێ ئەوەی هیچ کورسییەکی لەسەر ئاستی بازنەکانی هەڵبژاردندا پێ بڕابێ. لەوما هەندێ کورسی لەسەر ئاستی نیشتمانی پێ دەدرێ کە هاوڕێژەی ئەو دەنگانەی بن کە بەدەستی هێناون.[85] وەك ئەوەی ڕێژەکە (١٠٪، یان ١٥٪) زێتر، یان کەمتر بێ. لەم سیستەمەدا دەبێ هەندێ لیست هەبن لەسەر ئاستی نیشتمانی کێبەرکێی یەکتر بکەن و کورسییەکانیش بە گوێرەی سیستەمی RP بێتە دابەشکردن. ڕێژەی گەورە، زۆرتر بەسەر بازنەکاندا دابەش دەبێ، جا بازنەی تاك ئەندامی بن، یان بازنەی فرە ئەندام. شێوازی دەنگدانیش هەم دەشێت لە ڕێگەی دوو کارتی دەنگدانەوە بێت، یەکیان لەسەر ئاستی نیشتمانی و ئەوی دیکەشیان لەسەر ئاستی بازنەی هەڵبژاردن وەکوو ئەلمانیا و نیوزیلندا.[86] هەروا دەنگدان دەکرێت لە ڕێگەی یەك کارتی دەنگدانیشەوە بێ و ئەو لایەن و دەستەیەی کە سەرپەرشتی هەڵبژاردن دەکات، پاش کۆتاییهاتن بە پرۆسەکانی ژماردن و لێکهاڵاواردن و دەستنیشانکردنی ئەو قەوارانەی کە وێڕای دەنگیان هێناوە بەڵام هیچ کورسییەکیان پێ نەبڕاوە، کورسییەکانی پارلەمان دابەش دەکات. ئەم سیستەمە لە ئەلبانیا، بۆلیڤیا، بەرازیل، مەکسیك و نیوزیلندا بەکاردەهێندرێ کە هەم سیستەمی زۆرینەی سادەیان تێدا بەکاردەهێنرێ لەتەك دابەشکردنی بەشێکی کورسییەکانیش

---

٨٥- د. عصم نعمة اسماعيل، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٩

٨٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٠

٨٧- اندرو رينولدزو سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٦

لە ڕێگەی سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەییەوە.[٨٧] لە هەنگاریا سیستەمی زۆرینەی ڕەها و RP پێکەوە بەکاردەهێنرێ و لە ئیتالیاش یەك لەسەر چواری کورسییەکان بۆ قەرەبووکردنەوەی دەنگە بەهەدەرچووەکان لە بازنەکانی تاك ئەندامی، دانراوە. لە فەنزوێلا (١٠٠) کورسی پارلەمان تەرخان دەکرێ کە لە ڕێگەی سیستەمی زۆرینەی سادەوە یەکلا دەکرێنەوە، کورسییەکانی دیکەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی سیستەمی RP وەکوو کورسیی قەرەبووکردنەوە دابەش دەکرێن.[٨٨]

**لایەنە باش و خراپەکانی ئەم سیستەمە:**

١) وەکوو سیستەمی پێشوو، ئەم سیستەمە ئامانجی ئەوەیە خۆی لە خەوشەکانی هەردوو سیستەمی زۆرینە و RP لابدا و سوود لە لایەنە باشەکانیان وەربگرێ.

٢) دەبێتە هۆی هەڵبژاردنی نوێنەرانێك کە نوێنەرایەتی ئەو ناوچە جیوگرافییانە بکەن کە تێیدا هەڵبژێردراون. ئەوەش لە بازنەگەلێکی هەڵبژاردندا کە یەکێ لە جۆرەکانی سیستەمی زۆرینەی تێدا بەکاربهێنرێ[٨٩] و بەزۆریش سیستەمی زۆرینەی سادە (براوەی یەکەم) هەروەکوو سیستەمی هاوتەریب.

٣) ئەم سیستەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە نوێنەرانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردن بە شێوازی سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەییەوە، ژمارەیەك کورسی لە ئەنجوومەندا بەدەست بهێنن و بەم شێوەیە دەستەبەری نوێنەرایەتییان لە پارلەماندا دەکرێ.

٤) ئەم سیستەمە بۆ ئەوە داهێنراوە تا حاڵەتێکی هاوسەنگ و هاوڕێژە لە نێوان ژمارەی دەنگەکانی هەر حزبێك و ئەو کورسییانەدا بێنێتە ئاراوە کە هەر حزبە بەدەستی دەهێنێ لە ڕێگەی بەیەکەوە بەستنەوەی ژمارەی تەرخانکراوی کورسی کە بە گوێرەی سیستەمی زۆرینە لە بازنەکانی هەڵبژاردندا دێنە هەڵبژاردن،[٩٠] لەگەڵ ئەو ڕێژەیەی دەنگ کە هەر حزبێ

---

٨٨- سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٦

٨٩- سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢

٩٠- هەمان سەرچاوە، ل١٧١

لەسەر ئاستی نیشتمانی بەدەستی دەهێنێ (ئەو کورسییانەی تەرخانکراون بەپێی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی).

گرنگترین خەوشی ئەو سیستەمە، هاوشێوەی خەوشەکانی سیستەمی هاوتەریب، لەتەك بەهەندوەرگرتنی هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و جڤاکی هەر دەوڵەتیکدا کە تا چەند ژیانی دیموکراسی و کردەی هەڵبژاردنی تێدا چەسپاوە، لە چەند دەوڵەتێکدا ئەنجامی وەکیەکیان لێ ناکەوێتەوە.

ورقة لنظام تناسب العضوية المختلط في نيوزيلندا



# YOU HAVE 2 VOTES

[redacted]

OFFICIAL MARK

## PARTY VOTE

*Explanation*
This vote decides the share of seats which each of the parties listed below will have in Parliament. Vote by putting a tick in the circle immediately after the party you choose.

**Vote for only one party**

| |
|---|
| AOTEAROA LEGALISE CANNABIS PARTY |
| CHRISTIAN HERITAGE PARTY |
| |
| ACT NEW ZEALAND |
| NEW ZEALAND FIRST PARTY |
| LABOUR PARTY |
| GREEN PARTY |
| UNITED FUTURE |
| NATIONAL PARTY |
| ALLIANCE |
| JIM ANDERTON'S PROGRESSIVE COALITION |
| MANA MAORI MOVEMENT |
| NMP |
| ONENZ PARTY |
| OUTDOOR RECREATION NZ |

## ELECTORATE VOTE

*Explanation*
This vote decides the candidate who will be elected Member of Parliament for the WELLINGTON CENTRAL ELECTORATE.
Vote by putting a tick in the circle immediately before the candidate you choose.

**Vote for only one candidate**

| |
|---|
| APPLEBY, Michael |
| BARTLETT, Matthew |
| CROSS, Colin |
| FRANKS, Stephen |
| HARRIS, Rob |
| HOBBS, Marian |
| KEDGLEY, Sue |
| MOODIE, Rob |
| PARATA, Hekia |
| REID, Robert |

*Final Directions*
1. If you spoil this ballot paper, return it to the officer who issued it and apply for a new ballot paper.
2. After voting, fold this ballot paper so that its contents cannot be seen and place it in the ballot box.
3. You must not take this ballot paper out of the polling place.

## ئەو وڵاتانەی کە سیستەمی هاوڕێژەی تێکەڵەی ئەندامێتی

| وڵات | ژمارەی کورسییە ڕێژەییەکان | ژمارەی کورسییەکانی سیستەمی فرەیی/ زۆرینە (یان هیتر) | سیستەمی فرەیی/ زۆرینە (یان سیستەمێکی دی)ی پێڕەوکراو | کۆی گشتیی کورسییەکان |
|---|---|---|---|---|
| ئەلبانیا | (%29)40 | (%71) 100 | براوەی یەکەم | 140 |
| بۆلیڤیا | (%48) 62 | (%52) 68 | براوەی یەکەم | 130 |
| ئەلمانیا | (%50) 299 | (%50) 299 | براوەی یەکەم | 598 |
| هەنگاریا | (%54) 210 | (%46) 176 | دوو خول | 386 |
| ئیتالیا | (%25) 155 | (%75) 475 | براوەی یەکەم | 630 |
| لیسوتو | (%33) 40 | (%67) 80 | براوەی یەکەم | 120 |
| مەکسیک | (%40) 200 | (%60) 300 | براوەی یەکەم | 500 |
| نیوزیلاند | (%46) 55 | (%54) 65 | براوەی یەکەم | 120 |
| فەنزویلا | (%39) 65 | (%61) 100 | براوەی یەکەم | 165 |

# 3-3: گرنگترین خەسڵەتەکانی سیستەمی هەڵبژاردن

پاش ئەوەی کە جۆرەکانی سیستەمی هەڵبژاردنمان دایە بەرباس و لێکۆڵینەوە و هەوڵمان دا ڕۆشنایی بخەینە سەر لایەنە باش و خراپەکانی هەر سیستەمێکیان و، چ ئەنجامێکیان لێ دەکەوێتەوە کە لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە بە گوێرەی هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و جڤاکی و کولتووری و ئاستی هوشیاریی هەڵبژاردن دەگۆڕێ. لەم سۆنگەیەشەوە گرنگیی گەورەی سیستەمگەلی هەڵبژاردنمان بۆ دەردەکەوێ لە دەستنیشانکردنی ڕێڕەوی گەشەی پرۆسەی دیموکراسی، یان نا، بەتایبەتی لەو دەوڵەتانەی تازەن لە بواری پیادەکردنی دیموکراسیدا. لەوما شتێکی بەسوود دەبێ ئەگەر پەی بە مەرج و خەسڵەتەکانی هەر سیستەمێکی هەڵبژاردن کە بە گوێرەی جۆر و شێوەیان جیاوازن، ببەین و بزانین. هەروا سیستەمەکان بەپێی میکانیزمەکانی دەنگدان، پاڵاوتن و دابەشکردنی کورسییەکانیش جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، نابێ سیستەمی هەڵبژاردن بە دەرمانی هەموو دەردان بزانین، تەنیا ئەوە نەبێ کە سیستەمگەلی هەڵبژاردن دەستاوێژێکی نموونەیین بۆ گۆڕینی ئەو پێوەرانەی حوکم بەسەر کێبەرکێی سیاسیدا دەکەن. بەڵام نابنە دەرمانێکی تەواوی هەموو دەردێکی سیاسیی وڵات. زۆر جاران ئەو هۆکارە کاریگەرانەی لە هۆکاری دیکە دەکەونەوە، ڕەنگدانەوەی بەهێزیان لەسەر ڕێڕەوی سیستەمی دیموکراتی هەیە نەمازە ئەوانەیان کە پێوەندییان بە کولتووری سیاسیی باو لە وڵاتدا هەیە، زێتر لە توخمە جێبەجێکارییەکانی سیستمی هەڵبژاردن. هەموو ئەو لایەنە باشانەی کە لە سیستەمێکی هەڵبژاردن دەکەونەوە، هەرچەند ئەو سیستەمە بە پەرۆش و بە وردیش داڕێژرابێت، وەلاوە دەنرێن بە هۆی ڕێوشوێنی نەگونجاوی حزبی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، یان باڵادەستیی هێزگەلێك کە بۆ بەردەوامی خۆیان و دەستگرتن بەسەر توانا و وزە و سامانەکانی وڵاتدا، لێکهەڵبڕانی ناوخۆیی قووڵ دەکەنەوە، یان قەبارەی ئەو هەڕەشە دەرەکییانەی کە زیان بە سەروەری و تەناهیی وڵات دەگەیەنن.

**بەڵام بەگشتی وا دەخوازرێ کە سیستەمەکانی هەڵبژاردن ئەم خەسڵەت و بیچمانەیان تێدا بێ:**

١. سیستەمی هەڵبژاردن ببێتە هۆی هاتنەئارای ئەنجوومەنێکی نوێنەرایەتی، جا چ مەبەست لەو نوێنەرایەتییە لەسەر ئاستی جیوگرافی بێ، یان نوێنەرایەتی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکان، یان نوێنەرایەتی سیاسی و حزبی، یان نوێنەرایەتی دەستە و گرۆکانی کۆمەڵگە وەکوو ئافرەتان و گەنجان و پیران و هەژاران و دەوڵەمەندان و ڕۆڵەکانی شار و دێ.

٢. سیستەمی هەڵبژاردن ببێتە هۆی ئاسانیی دەنگدان و پاراستنی نهێنیی دەنگدان.

٣. ببێتە هۆی ئاشتبوونەوە، واتە سیستمی هەڵبژاردن هانی هەڵبژێران بدا کە باز بەسەر کۆمەڵەی خۆیاندا بدەن و بیر لە دەنگدان بە حزبێکی دیکە بکەنەوە کە نوێنەرایەتی کۆمەڵەیەکی دیکە بکا. ئەمەش بە ڕوونی لەو سیستەمەدا دەبیندرێ کە ئەو مافە بە هەڵبژێران دەدا زێتر لە هیمایەك بکەن، یان مافی ئەوەیان پێ دەدا پاش و پێش بە پاڵێوراوان بکەن.

٤. سیستەمی هەڵبژاردن ببێتە هۆی هاتنەئارای حکوومەتێکی جێگیر و بەهێز.

٥. سیستەمی هەڵبژاردن کە وا بکات هەڵبژێران لە نوێنەرەکانی خۆیان بپێچنەوە و لە هەڵبژاردنێکی دیکەدا دەنگیان پێ نەدەن.

٦. سیستەمی هەڵبژاردن هانی هاتنەگۆڕێی ئۆپۆزیسیۆنێکی پارلەمانیی چالاکاك و کارا و بەگوڕ بدات.

٧. کاتێ کە سیستەمی هەڵبژاردن پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد و بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ لەبەرچاو دەگرێ.

٨. کاتێ کە سیستەمی هەڵبژاردن دەبێتە هۆی بەردەوامیی پرۆسەی دیموکراتی و هەڵبژاردن. ئەمەش لە ڕوویکەوە لەسەر تێچووی دارایی و توانای کارگێڕی و تەکنیکیی کارگێڕیی هەڵبژاردن دەوەستێ.

٩. سادە و ساکاریی سیستمی هەڵبژاردن: دەبێ بەشێوەیەك سیستەمی هەڵبژاردن ڕەنگرێژ بکرێ کە کارا و بەردەوام بێ و بە ئاسانی مامەڵەی لەتەکدا بکرێ و فام بکرێ چ لە لایەن خەڵکەوە و چ لە لایەن ئەوانەی کاری سیاسەت دەکەن. ئاخر ئاڵۆزی و پاڵۆزی زێدە وا دەکا سیستەمی هەڵبژاردن ڕوون نەبێ

و بە ئاسانی خەڵك و دەنگدەران تێی نەگەن و ئەنجامگەلێکی لا بە لا و نامەبەستداری لێ بکەوێتەوە و لە ئەنجامدا هەڵبژێران متمانەیان بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن نەبێ.

١٠. نەترسان لە داهێنان و نوێگەری: زۆر لەو سیستەمانەی هەڵبژاردن کە ئەمڕۆ لە وڵاتی جودا جودادا پیڕەویان لێ دەکرێ، چارەسەر و ئاراستەی داهێنەرانە دەخەنە ڕوو کە لە چارەسەرکردنی هەندێ گیروگرفتدا سەرکەوتوو بوون. لەوما تا ڕادەیەکی زۆر دەکرێ سوود لە تاقیکردنەوەی ئەوانی دیکە وەربگیرێ بە تایبەتی لە وڵاتانی هاوسێ، یان لەو وڵاتانەی کە وێدەچێ ڕەوش و باری تەواو جیاوازیان هەیە.

١١. بایەخدان بە هەلومەرجی ئارا و هۆکاری کاتەکی: دیارە سیستەمی هەڵبژاردن لە بۆشایی هەڵناسوڕێ و کاری خۆی ناکا، بەڵکە سەرکەوتنی هەر سیستمێکی هەڵبژاردن بەندە بە سازانێکی ڕاست و دروست لە نێوان جۆر و تەرز و نەریتە سیاسییەکان و نەریت و بەندوباوی کولتووریی باڵادەستدا. دەبێ ئەمە وەڵام بێ بۆ ئەم پرسیارەی کە دەبێ ببێتە خاڵی دەسپێك بۆ هەر یەکێ سیستەمی هەڵبژاردن دابڕێژێ: لە سای چ بەستێن و پێڤاژۆیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا سیستەمی هەڵبژاردن ڕەنگڕێژ دەکرێ؟ بەڵام ئەو پرسەی کە پاش ئەمە دێ بریتییە لەوەی کە: ئایا مەسەلەکە پێوەندی بە داڕشتنی سیستەمێکی هەمیشەیی هەڵبژاردنەوە هەیە، یان مەسەلەکە پەیوەستە بە وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی قۆناخی ئێستای ڕاگواستنەوە؟ هەروەکو بار و ڕەوشی عێراق لە دوای (٢٠٠٣)ەوە.

١٢. نابێ لە ڕێز و نرخی کۆمەڵانی هەڵبژێران کەم بکرێتەوە: لەکاتێکدا دەبێ پارێزگاری لە سادە و ساکاریی سیستەمی هەڵبژاردن بکرێ. لێ نابێ بخزێینە ناو مەترسییەکانی بە کەم سەیرکردنی توانای هەڵبژێران لە حاڵیبوون لە (هەڵبژاردە/ خیارات)ی جۆربەجۆر و جیاوازی سیستەمگەلی هەڵبژاردن و توانای هەڵبژێران لە بەکارهێنانی ڕاستودروستی ئەو سیستەمانە.

١٣. هەمەلایەنیی سیستەمی هەڵبژاردن: دەبێ سیستەمی هەڵبژاردنی لەسەر بنەمای گشتگیری دابمەزرێ چ لە کۆمەڵگەی دابەش دابەشدا بێت، یان لە کۆمەڵگەی هاوچەشن بە شێوەیەك کە پارلەمانێکی لێ بەدی بێت نوێنەرایەتی هەموو بەرژەوەندەکانی تێدا کۆبووبێتەوە بەبێ گوێدانە ئەوەی کە کەمینەکان سەر بە چ ناسنامە و هۆکارێکی ئایدیۆلۆجی، یان ئێتنی، یان نەژادی، یان زمانی، یان

ناوچەیی، یان ئایینیەوەن. چونکە بێبەشکردنی کۆمەڵەی گرنگی ڕای گشتی لە نوێنەرایەتیکردن لە پارلەمانێکی هەڵبژێردراودا، بەتایبەتی لە وڵاتانی پەرەئەستێندا لەوانەیە ئەنجامگەلێکی کارەساتباری لێ بکەوێتەوە.

١٤. بایەخدان بە شێوازی دەستنیشانکردنی سیستەمێك وەکوو توخمێکی سەرەکی: ئەو شێوازەی کە لە ڕێگەیەوە سیستەمێکی هەڵبژاردن دەست نیشان دەکرێ دەورێکی گرنگ لە جەختکردنەوە لە سەر ڕەوایی ئەو سیستەمە دەگێڕێ. ئەگەر پرۆسەی دەستنیشانکردنی سیستەمێکی هەڵبژاردن لە ڕێگەی پرۆسەیەکەوە بێت کە هەموو کۆمەڵە و گرووپە پەیوەستەکان بەشدارییان تێدا کردبێ، بە هەڵبژێرانیشەوە، ئەوا پەسندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ئاستێکی باڵاتر بەخۆوە دەبینێ، خۆ ئەگەر سیستەمەکە تەنیا دەربڕی هەندێ بەرژەوەندیی حزبی، یان فەردی بێت، وێڕای کە ناکرێ ئیعتوبارات و بەرژەوەندیی حزبی لە دەستنیشانکردنی سیستەمێکی هەڵبژاردندا بە هەند وەرنەگیرێ. لێ دەستنیشانکردنی سیستەمێك کە حزبە جیاجیاکان و دەستە و گرۆی بەرفرەی ڕای گشتی پەسندی بکەن، مەسەلەیەکی جومگەییە لە پەسندکردنی ئەو سیستەمە و ڕێزگرتنی ئەنجامەکان لە لایەن هەمووانەوە. گۆڕینی سیستەمی هەڵبژاردن لە (براوەی یەکەم)ەوە بۆ سیستەمی تێکەڵەی ئەندامێتی لە نیوزیلندا هەر بۆ نموونە پێویستی بە ئەنجامدانی دوو ڕیفراندەمی گشتی هەبووە و بەمەش ڕەوایی بە سیستەمە نوێیەکە دراوە. لەکاتێکدا لە ١٩٨٦، لە فەرەنسا گۆڕینی سیستەمی دوو گەڕی هەڵبژاردن بۆ سیستەمێکی ڕێژەیی لە لایەن حکوومەتی ئەو کاتەی حزبی سۆسیالیستەوە، سەرنجێکی وای لێ کەوتەوە کە ئەو بڕیارە پشتی بە ئیعتوباراتێکی تەسکی حزبایەتی بەستووە و پاش ئەوەی حزبی ناوبراو لە ١٩٨٨ دەسەڵاتی لێ سەندراتەوە، فەرەنسا گەڕاوەتەوە سەر سیستەمی جاران.

١٥. کارکردن بۆ ڕەوایی پێدان و پەسندکردن لەناو هەموو کاراکتەرە سیاسییەکاندا: دەبێ هەموو دەستە و گرۆ و کۆمەڵەکان و ئەوانەی گەرەکیانە بەشداری لە پرۆسەی دیموکراتیدا بکەن هەستێکی وایان هەبێ کە سیستەمی هەڵبژاردن سیستەمێکی دادپەروەرانەیە و دەرفەتی وەکیەك بە هەمووان دەدا کە لە هەڵبژاردنەکاندا ببەنەوە. ئامانجی هەرە گەورە لەم پێڤاژۆیەدا بریتییە لە کارکردن کە زەوینە بۆ دۆڕاوەکان خۆش نەکرێ تا بێئومێدی و وەڕسی خۆیان لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بۆ ڕەتکردنەوەی سیستەمی هەڵبژاردن

بەتەواوی بقۆزنەوە، یان بەکارهێنانی وەکوو بیانوویێك بۆ بنکۆڵکردنی سیستەمی دیموکراتی بەگشتی. لە هەڵبژاردنەکانی ۱۹۹۰ی نیکاراگوا، بەرەی ساندینیستا هەڵبژاردنەکانی دۆڕاند، لێ ئەو دۆڕانەی خۆی پەسندکرد، چونکە لە بنەڕەتدا دانی بە دادپەروەریی سیستەمی هەڵبژاردندا دەنا. هەرچی کەمبۆدیا و مۆزەمبیق و باشووری ئەفریقیا بوون، هەموویان توانیان کۆتایی بە شەڕی ناوخۆیی خوێناوی لە وڵاتەکانیاندا بهێنن لە ڕێگەی کارڕایی و ڕێوشوێنێکەوە کە هەموو لایەنە پێکناکۆکەکان پێی ڕازی بوون.

١٦. کارکردن بۆ کاریگەریی زێتری هەڵبژێران: دەبێ هەڵبژێران هەست بکەن کە پرۆسەی هەڵبژاردن دەستاوێژێکیان دەخاتە بەردەست بۆ تەئسیردانان لە حکوومەتان و سیاسەتەکانیان و بە چەند ڕێگەیەکیش دەکرێ ئەو کاریگەرییەی هەڵبژێران زێتر و بەرفرە بکرێ. لەوانە سیستەمی هەڵبژاردن ئەو دەرفەتە بە هەڵبژێران بدات کە لە نێوان حزبە سیاسییەکان، یان لە نێوان ئەو پاڵێوراوانەی سەر بە حزبی جودا جودان، یان لە نێوان پاڵێوراوەکانی حزبێکی دیاریکراودا ئەم یان ئەویان هەڵبژێرن. هەروابێتەوە دەکرێ لە ڕێگەی ڕەخساندنی سیستەمگەلێکی جیاوازی هەڵبژاردنەوە کە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و ئەنجوومەنی نوێنەراندا کاریان پێ بکرێ، بەشێوەیەك کە هەڵبژێران هەست بکەن دەنگی ئەوان سەنگ و قورسایی خۆیان هەیە و کار لە پێکهاتەی کابینەی حکوومەت دەکەن نەك هەر لە پێکهاتەی پارلەمانێکی هەڵبژێردراودا.

١٧. فەرامۆش نەکردنی پێداویستییەکانی سەقامگیری لە مەودای درێژخایەندا لە ڕێگەی تەکەزخستنە سەر دەسکەوتە هەنوکەییەکان کاتێ کە کاراکتەرە سیاسییەکان لە بارەی پەسندکردنی سیستەمێکی نوێی هەڵبژاردنەوە دانوستاندن لەگەڵ یەکتردا دەکەن هەروەکوو عێراق. عادەتەن نوێنەرانی حزبە سیاسییەکان بە ئاراستەی ئەو پێشنیارانە کاردەکەن کە پێیان وایە بە قازانجی بەرژەوەندە حزبییەکانی ئەوانە لە هەڵبژاردنەکانی ئایندەدا. لێ زۆربەی جاران، ئەم ستراتیجیایە، داناییەکی تێدا نییە بە تایبەتی لە وڵاتانی پەرەئەستێندا، کە لەوانەیە بردنەوەی حزبێك، یان هاوپەیمانێتییەکی حزبی و باڵادەستی ئەو حزبە لە مەودایەکی کورتخایەندا، کەرتکاریی سیاسی لێ بکەوێتەوە و لە مەودای درێژخایەنیشدا ئاشتی کۆمەڵایەتی درزی تێ بکەوێ. بۆ نموونە، ساڵی (۱۹۹٤) لەو دانوستاندنانەی کە پێش هەڵبژاردنەکان ئەنجامدران لە باشووری ئەفریقیا،

حزبی کۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقی دەیتوانی سیستەمی (براوەی یەکەم) وەکوو خۆی بهێڵێتەوە و کورسی زێتر بهێنێ کە زێتر بێ لەو دەنگانەی لەسەر ئاستی نیشتمانی بەدەستیان دەهێنێ، چونکە حزبی هەرە گەورە و بێ ئەملا و ئەولای ئەو وڵاتە بووە، لێ هەڵوێستی ئەو حزبە پشتیوانی بوو بۆ سیستەمی RP کە لە ئەنجامدا کورسی کەمتر هێنا. ئا ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو حزبە کاری بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری کردووە لە مەودای درێژخایەندا لەسەر حیسابی دەسکەوتە هەنوکەییەکانی هەڵبژاردن. لەهەمانکاتدا دەبێ سیستەمی هەڵبژاردن خێرا و بەشێوەیەکی کارا بتوانێ وەڵامی هەلومەرجی گۆڕاوی سیاسی و نەشونمای بزووتنەوەی نوێی سیاسی بداتەوە و خۆی لەگەڵدا بگونجێنێ. تەنانەت لەو وڵاتانەشدا کە دیموکراسییان تێدا چەسپاو و جێگیرە و عادەتەن بۆ ماوەیەکی درێژخایەن حزبە سیاسییە گەورەکان ناکارن لایەنگیری و پشتیوانییان هەبێ، بەڵکە ژیانی سیاسی زیندووێتیی بە پلەیەکی بەرز تێدایە و لەوانەیە ئەو حزبەی کە سوودمەندە لە دەسکەوتە هەنوکەییەکانی هەڵبژاردن، لە ئاکامی ڕێوشوێنێکی نوێی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنێکی دیکەی دوای ئەوە، دەسەڵات بدۆڕێنێ.

١٨. بایەخدان بە حەز و ئارەزووی هەڵبژێران بۆ گۆڕان و چاکسازی: وێدەچێ گۆڕینی سیستەمی هەڵبژاردن بیرێکی چاك بێ بە لای هەڵبژێرانەوە بۆ مەبەستی چاکسازی و گۆڕان بە شێوازێکی گونجاو و بڕواپێکراو. بەڵام چینی فەرمانرەوای سیاسی و نوێنەرەکانی چاك ئاگایان لە لایەنە خراپەکانی سیستەمی ئارا (موجوود) هەیە و ڕەتی دەکەنەوە دەستکاری ئەو سیستەمە بکرێ نەبادا دەرفەت بە گۆڕینی بنچینەکانی سیستەمی ئارای سیاسی بدرێ. چونکە دەرفەت و بوارەکانی گۆڕان، شتێکی دیکە نییە جگە لە ئامرازێکی دەستی سیاسەتوانان بۆ هەموارکردنەوەی ڕێساکانی یاری، بەڵام دەیانەوێ بەشێوەیەك بێ کە بە قازانجی بەرژەوەندە تایبەتییەکانی ئەوان بێ و دەستکەوتی نوێی سیاسیی پێ بەدەست بهێنن. لێ گۆڕین و هەموارکردنەوەی بەردەوامی سیستەمی هەڵبژاردن شوێنەواری چەوتیشی لێ دەکەوێتەوە کە وا دەکا هەڵبژێران متمانەیان بە پرۆسەی هەڵبژاردن و دادپەروەریی سیستەمی هەڵبژاردن نەمێنێ هەروەکوو لە عێراقدا ڕوون و ئاشکرایە لە ڕێگەی گۆڕینی سیستەمی هەڵبژاردنەوە چەند مانگێك پێش پرۆسەی هەڵبژاردن لە لایەن نوێنەرانی دەسەڵاتی فەرمانڕەواوە لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا.

# 4: سیستەمە پێڕەوکراوەکانی هەڵبژاردن لە عێراقدا

دانانن بە مافی دەنگدان و پیادەکردنی ئەو مافە و ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە عێراقدا بۆ سەردەمێکی دوور و درێژ ناگەڕێتەوە. ساڵی (١٨٧٦)، یەکەمین دەستووری عوسمانلی (قانوونی بنەڕەتیی عوسمانلی) دانراوە. بەپێی ئەم قانوونەش ئەنجوومەنێکی یاسادانان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دامەزراوە کە (ئەنجوومەنی مەبعوسان)ی پێ گوتراوە و ئەویش بە شێوەیەکی شکڵی ساڵی (١٨٧٧) هەڵبژێردراوە، وەلێ بەپێی قانوونێکی هەڵبژاردن نەبووە، بەڵکە بە گوێرەی ڕێنوێنیگەلێك بووە کە بۆ ویلایەتەکان دەرچووبوون.[٩١] ئەم هەڵبژاردنە کە یەکەمین تاقیکردنەوە بووە زۆر خەوش و نادادپەروەری تێدا بووە. لە (١٨٧٨/١٢/١٤) دا ئەو دەستوورە هەڵپەسێردراوە و کارەکانی دەسەڵاتی یاسادانان کە خۆی لە (ئەنجوومەنی مەبعوسان) بینیوەتەوە، پەکخراون. ئا بەم شێوەیە یەکەمین تاقیکردنەوە و هەوڵدان بەرەو دیموکراسیی نوێنەرایەتی، پاش سەرهەڵدانی بە ماوەیەکی کورت، تا (١٩٠٨) ڕاگیراوە کە کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی توانیویە مل بە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دابنەوێنێ و فەرمانێکی سوڵتانی پێ دەربکات بۆ کارکردنەوە بە دەستووره پەکخراوەکەی ساڵی (١٨٧٦). بە گوێرەی ئەم فەرمانەش قانوونێکی هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنی مەبعوسان لە (١٩٠٨)دا دەرچووە کە (٨٣) ماددە بووە.[٩٢]

هەڵبژاردن بە گوێرەی ئەم یاسایە، ناڕاستەوخۆ بووە، واتە بە دوو قۆناخ بەڕێوەچووە. لە قۆناخی یەکەمدا نوێنەران، یان هەڵبژێرانی (ثانوی)ی هەڵبژێردراون و لە قۆناخی دووەمدا ئەوانهی دوایی، ئەندامانی ئەنجوومەنی مەبعوسانیان هەڵبژاردووە. هەرچەند ئەو هەڵبژاردنانە بە دوو قۆناخ جێبەجێ کراون، لێ

---

٩١- د. رعد ناجی الجدة، التشریعات الانتخابیة فی العراق، مطبعة الخیرات، بغداد، ط١، ٢٠٠٠، ص٤

٩٢- مادده ٥٣ی قانون انتخاب المبعوثان العثماني ، ساڵی١٩٠٨

سیستەمی پێڕەوکراو، سیستمی زۆرینەی ڕەها نەبووە، بەڵکە سیستەمی زۆرینەی سادە (براوەی یەکەم) بووە.

پاش ئەوەی عێراق لە لایەن بەریتانیاوە داگیرکراوە و کەوتووەتە ژێر ماندێتەوە و پاش ڕواڵەتەکانی بەرەنگاربوونەوە و ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتەکانی داگیرکاری بەریتانی بە تایبەتی لە (١٩١٩ و ١٩٢٠) لە سەرانسەری عێراقدا، ڕایەدارێن بەریتانی هەوڵیانداوە سیستەمێکی حوکمڕانیی خۆجێی بە تایبەتی پاش ئەوەی فەیسەڵی یەکەمیان کردووە بە مەلیك، دابمەزرێنن و بێوچان کەوتوونەتە خۆ بۆ دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی دامەزراندن بە مەبەستی نووسینەوە و دانانی دەستوورێك بۆ وڵات. لەوما مەلیك ساڵی (١٩٢٢) سیستەمێکی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی دامەزراندن لە عێراقدا دەرکردووە. ئەم سیستەمە هاوشێوەی قانوونی ئەنجوومەنی مەبعوسانی عوسمانلی بووە. بەو مانایەی کە هەڵبژاردن کۆتوبەندی لەسەر بووە و بە دوو قۆناخ بەڕێوەچووە[٩٣] و پشتی بە سیستەمی زۆرینەی سادە بەستووە. لە کۆی (١٠٠) کورسی ئەو ئەنجوومەنەی دامەزراندن، (٢٠) کورسی بۆ عەشایەرەکان و (٥) کورسی بۆ پێڕەوانی ئاییني مووسایی (یەهودی- جوو) و هەندەش بۆ شوێنکەوتووانی ئاییني عیسایی تەرخان کرابوون.[٩٤]

---

٩٣- د. رعد ناجي الجدة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤

٩٤- بڕگە دووەم و سێیەمی سیستەمی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی دامەزراندنی عێراقی، ساڵی ١٩٢٤.

# 4-1: سیستەمە پێڕەوکراوەکانی هەڵبژاردن لە عێراقدا لە (1924)ەوە تا 2003)

## ٤-١-١: قانوونی ساڵی (١٩٢٤)ی هەڵبژاردنی نوێنەران:

لە دەسپێکدا دەبێ بگوترێ کە دەسەڵاتی یاسادانان لە سەردەمی پاشایەتی لە عێراقدا لە دوو ئەنجوومەن پێکدەهات: ئەنجوومەنی ئەعیان و ئەنجوومەنی نوێنەران. مەلیك خۆی ئەندامەکانی ئەنجوومەنی ئەعیانی دادەنا. هەرچی ئەنجوومەنی نوێنەران بووە لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی بە کۆتوبەند و ناڕاستەوخۆوە هەڵبژێردراوە. بە گوێرەی مادده (٢٤)ی قانوونی ساڵی (١٩٢٤)، ئەندامەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران لە لایەن دەستەیەکی دووەمی هەڵبژاردنەوە، دەستنیشان دەکران. ئەم هەڵبژاردنە لە ڕێگەی جێبەجێکردنی سیستەمی زۆرینەوە بووە[٩٥] کە ئێستاکە پێی دەگوترێ سیستەمی دەنگدان بە بلۆك (کیتلە)، واتە هەڵبژێر لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا هەوەڵجار چەند هەڵبژێرێکی دیکەی هەڵدەبژارد کە بۆ ئەو بازنەیە تەرخان کرابوون.[٩٦] بە گوێرەی مادده (٧)ی قانوونی ناوبراو، لە بری هەر (٢٥٠) هەڵبژێر، هەڵبژێرێکی دیکەی دەستەی دووەم هەڵدەبژێردرا، واتە هەڵبژێر لەسەر کارتی دەنگدان ناوی ئەو هەڵبژێرانەی دەنووسی کە دواتر ئەوان ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانیان هەڵدەبژارد. ئەوانە بەپێی شێوازی سیستەمی بلۆك ناوەکانیان لێکجودا دەکرایەوە و ئەو کەسەی زۆرترین دەنگی بهێنابایە بە براوە دادەنرا تا دەگەیشتە ئەو ژمارە خوازراوەی بۆ هەڵبژێرانی دەستەی دووەم لە هەر بازنەیەکدا دانرابوو.

هەرچی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران بوون، ئەوا لە لایەن هەڵبژێرانی دەستەی دووەمەوە دەهاتنە هەڵبژاردن و بە هەمان شێوازی پێشوو، واتە بەکارهێنانی سیستەمی دەنگدان بە بلۆك و ئەو کەسە دەبووە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران کە زۆرترین دەنگی هێنابا و بەم شێوەیە لە سەرەوە بۆ خوارەوە

---

٩٥- مادده ٤٠ی قانون انتخاب النواب -ی ساڵی ١٩٢٤

٩٦- مادده ٣٤ی قانون انتخاب النواب-ی ساڵی ١٩٢٤

بەپشتبەستن بە مادده (٣٤)ی قانوونی هەڵبژاردن دەبوونە پەرلەمەنتار. شایانی گوتنە مادده (٦)ی قانوونەکە چوار کورسی بۆ شوێنکەوتووانی ئایینی مەسیحی تەرخان کردبوو، دووانیان لە لیوای موسڵ و یەك لە بەغدا و یەکیش لە بەسرا. هەروا چوار کورسیش بۆ پێڕەوانی ئاییني موسایی (یەهودی) دانرابوو، دوو بۆ لیوای بەغدا و یەك بۆ لیوای موسڵ و یەکیش بۆ لیوای بەسرا.

## ٤-١-٢: قانوونی ژمارە (١١)ی ساڵی (١٩٤٦)ی هەڵبژاردنی نوێنەران

ئەم قانوونەش هەر پێڕەوی لە پرەنسیپی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران بە دوو قۆناخ وەکوو قانوونەکەی پێشتر و سیستەمی زۆرینەی بە شێوازی سیستەمی کیتلە چ بۆ هەڵبژاردنی هەڵبژێرانی دەستەی دووەم (قۆناخی دووەم)[٩٧] کردووە، واتە ئەو دەستەیە، ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانیان هەڵدەبژارد.[٩٨] هەرچی دەربارەی کورسییە تەرخانکراوەکانیشە بۆ شوێنکەوتووانی هەردوو ئاییني عیسایی و یەهودی، ئەوا بە گوێرەی مادده (٩)ی ئەو قانوونە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و شەش کورسی بۆ شوێنکەوتووانی ئاییني عیسایی تەرخان کراوە: دوو کورسی بۆ ناوەندی لیوای بەغدا و سێ کورسی بۆ لیوای موسڵ و یەك کورسیش بۆ ناوەندی لیوای بەسرا.

## ٤-١-٣-١: مەرسومی ژمارە (٦)ی ساڵی (١٩٥٢)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران

## ٤-١-٣-٢: قانوونی ژمارە (٥٣)ی ساڵی (١٩٥٦)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران

هەم مەرسوومی ژمارە (٦)ی ساڵی (١٩٥٢) و هەم قانوونی ژمارە (٥٣)ی ساڵی (١٩٥٦)ی هەڵبژاردن، چ لە ڕووی پێڕەویکردن لە پرەنسیپی هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ و چ دابەشکردنی کورسییەکان بە گوێرەی سیستمی زۆرینە (سیستەمی کیتلە)، تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی قانوونی ساڵی (١٩٤٦)ی

---

٩٧- مادده ٢٦ی قانون انتخاب النواب -ی ساڵی ١٩٢٤

٩٨- مادده ٤١ی قانون انتخاب النواب -ی ساڵی ١٩٢٤

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران بوون.

لێ شتی تازە ئەوە بووە کە هەر هەڵبژێرێکی دەستەی دووەم بە براوە حیساب کراوە، ئەگەر ڕێژەی (٤٠٪)ی دەنگە ڕاستەکانی تێپەڕاندبا لەو بازنەیەی هەڵبژاردندا کە خۆی تێدا پاڵاوتووە. ئەگەر هیچ کام لە پاڵێوراوان ئەو ڕێژەیەی نەهێنابا ئەوا پاش حەفت ڕۆژ پرۆسەی هەڵبژاردن دووبارە دەکرایەوە لە نێوان ئەو پاڵێوراوانەی زێتر لە (١٠٪)ی دەنگەکانیان بهێنایە لە بازنەیەکی هەڵبژاردندا.[٩٩] لە بارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی پێڕەوانی ئایینی عیساییش، ئەوا بە گوێرەی ماددە (٨)ی قانوونی ژمارە (٥٣)، بووەتە هەشت کورسی کە سێ کورسی بۆ قەزای ناوەندی لیوای موسڵ، سێ کورسی دیکەش بۆ قەزای ناوەندی لیوای بەغدا، کورسییەك بۆ قەزای ناوەندی لیوای کەرکووك و کورسییەکیش بۆ قەزای ناوەندی لیوای بەسرا بووە.

## ٤-١-٤: قانوونی ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٦٧)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی میللەت

ڕژێمی پاشایەتی لە (١٤ی تەمووزی ١٩٥٨)دا ڕوخێنرا و، فەرمانڕەوا تازەکان جاڕی گۆڕینی ڕژێمی حوکمڕانییان بۆ کۆماری دا کە مایەی ئەوە بووە پرۆسەی سی ساڵەی دەستووری و هەڵبژاردن لە وڵاتدا، وێڕای خەوش و کون و کەلەبەرەکانی، ڕابوەستێ. پاشان کودەتا دوای کودەتا لە عێراقێ ڕوویانداوە و وڵات بە گوێرەی دەستووری کاتی بەڕێوەبردراوە و بۆ ماوەیەکی درێژ هەڵبژاردن لە عێراقدا نەکراوە. ئەو هەڵبژاردنانەی کە پاشانیش بەڕێوەبردراون، شکڵی و لە سایەی ڕژێمێکی تاکحزبیدا ئەنجام دراون.

دیارە هەوڵدراوە لە عێراق هەڵبژاردن بکرێ. بۆ ئەمەش قانوونی ژمارە (٧) ی ساڵی (١٩٦٧) بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی میللەت گەڵاڵەکراوە. ئەم قانوونە بنەواشەگەلێکی دیکەی تێدا بوون کە پێچەوانەی قانوونەکانی پێشتر بوون. بۆ نموونە تەمەنی هەڵبژێر کەمکراوەتەوە و کراوە بە (١٨) ساڵ[١٠٠] و

---

٩٩- مادده ٥٢ی مەرسوومەکە و هەمان ماددەی قانوونی ژمارە ٥٣ ی ساڵی ١٩٥٦

١٠٠- بڕگەی دووەمی ماددەی (١)ی قانون انتخاب اعضاء مجلس الامة، ژمارە ٧ -ی ساڵی ١٩٦٧

هەڵبژاردن کراوەتە ڕاستەوخۆ و بە یەك قۆناخ ئەنجام بدرێ و بۆ هەوەڵ جاریش لە مێژووی عێراقدا ماف بە ئافرەتان دراوە کە پراکتیزەی مافی دەنگدان بکەن لە هەڵبژاردنەکاندا، بەڵام قانوونەکە مافی پراکتیزەی دەنگدانی کردبووە ناچاری بۆ پیاوان و ئارەزوومەندانەش بۆ ژنان. قانوونەکە ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی میللەتی کردبووە (١٥٠) ئەندام و (٢٥٪)ی کورسییەکانیش، تەبای قانوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی گەلی میسر، بۆ نوێنەرانی کرێکاران و جووتیاران تەرخان کرابوون. ئەم قانوونە ئەو مافەشی بە سەرکۆمار دابوو کە خۆی چەند ئەندامێك بۆ ئەنجوومەنی میللەت دابنێ بە مەرجێ لە (١٥) ئەندام زێتر نەبن.[١٠١] هەرچی سیستەمی هەڵبژاردن بووە، ئەوا قانوونەکە شتێکی تازەی نەهێنابووە ئاراوە و سیستەمی زۆرینەی وەکوو خۆی هێشتبۆوە[١٠٢]، واتە (سیستەمی کیتلە) کە لە هەموو قانوونەکانی سەردەمی پاشایەتیدا پێڕەوی لێ دەکرا. سەرباری ئەو پرەنسیپ و بنەواشە نوێیانەی لەم قانوونەدا هاتبوون، لێ لە واقیعدا جێبەجێ نەکراون و هیچ هەڵبژاردنێك بە گوێرەی ئەم قانوونە ڕێك نەخراوە. چونکە ساڵێك پاش دەرچوونی ئەم قانوونە، ڕژێمی عارف بە هۆی کودەتای (١٧ی تەمووزی ١٩٦٨) دوە ڕووخێنراوە.

### ٤-١-٥: قانوونی ژمارە (٥٥)ی ساڵی (١٩٨٠)ی ئەنجوومەنی نیشتمانی

پاش گۆڕینی ڕژێمی فەرمانڕەوا و هاتنەسەر کاری حزبی بەعس لە (١٧ی تەمووزی ١٩٦٨) لە عێراقدا، هیچ دامودەزگایەکی دەستووری دانەمەزرێنراوە و هیچ هەڵبژاردنێکی تێدا نەکراوە تا قانوونی ژمارە (٥٥)ی ساڵی (١٩٨٠) دەرچووە کە پرەنسیپی دەنگدانی گشتی و نهێنی و ڕاستەوخۆی بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی هێنایە گۆڕێ. بەپێی قانوونی ناوبراو، ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەن بە (٢٥٠) ئەندام دیاری کراوە کە لە ناوچەگەلێکی هەڵبژاردن بێنە دیاریکردن و مافی دەنگدان بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ

---

١٠١- مادده ١٧ی قانون انتخاب اعضاء مجلس الامة، ژمارە ٧-ی ساڵی ١٩٦٧
١٠٢- مادده ٥٥ی قانون انتخاب اعضاء مجلس الامة، ژمارە ٧ی -ی ساڵی ١٩٦٧

کراوەتە ئارەزوومەندانە، بە پێچەوانەی قانوونی ساڵی (١٩٦٧)ی هەڵبژاردن. هەرچی سیستەمی هەڵبژاردن بوو، سیستمی زۆرینە (شێوازی کیتلە) وەکوو خۆی مایەوە و لە هەر ناوچەیەکی هەڵبژاردندا کێ زۆرترین دەنگ بهێنێ بە براوە دەزانرێ لە سەرەوە پێدا وەرە تا خوارەوە. لە بارێکدا ئەگەر دەنگەکانی دوو پاڵێوراو، یان زێتر وەکو یەك بن، ئەوا هەڵبژاردن لە نێوانیاندا دووبارە دەکرێتەوە بۆ هەڵبژاردنی یەکێکیان بە گوێرەی ماددە (٤١)ی قانوونەکە. چەند جارێ ئەم قانوونە لە ماوەی نێوان (١٩٨٠ تا ١٩٩٥)دا هەمووارکرایەوە و لێرەدا دەرفەت نییە قامکیان بۆ ڕابکێشین.

## ٤-١-٦: قانوونی ژمارە (٢٦)ی ساڵی (١٩٩٥)ی ئەنجوومەنی نیشتمانی

ئەم قانوونە هیچ شتێکی نوێی لە بارەی ژمارەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی و شێوازی دەنگدان لە سیستمی پێڕەوکراوی هەڵبژاردن تێدا نەبووە، لێ چ لەمبارەوە لە قانوونی ساڵی (١٩٨٠)دا هەبووە وەکوو خۆی ماونەتەوە. لێ پرەنسیپێکی نوێی هێناوەتە کایەوە ئەویش هەڵبژاردنی تەواوکارییە. ماددە (٥٠)ی قانوونەکە بڕیاری داوە هەڵبژاردن لە ماوەی ساڵێکدا بۆ یەکجار بکرێ لەو ناوچانەی کە کورسی بەتاڵیان هەیە، بە مەرجێ لانی کەم ئەنجوومەن شەش مانگێکی مابێ. هەرچی ماددەی (٥١)ە، دەڵێ لە بارێکدا ئەگەر ژمارەی کورسییە چۆڵەکان لە ٥٪ی کۆی ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەن زۆرتر بێ، یان لە ناوچەیەکی هەڵبژاردندا لە نیوەی پتری کورسییەکانی ئەو ناوچەیە چۆڵ بن، هەڵبژاردنی تەواوکاری لە ماوەی (٩٠) ڕۆژی ئەو چۆڵبوونە، ئەنجام دەدرێ. لێ بەمەرجێ ئەنجوومەن تەمەنی شەش مانگ کەمتر نەمابێ.

# 4-2: سیستەمە پێڕەوکراوەکانی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لە دوای (2003)ەوە

### ٤-٢-١: فەرمانی ژمارە (٩٦)ی ساڵی (٢٠٠٤)ی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانی CPA

بە پشتبەستن بەو قانوونەی هەڵبژاردن کە بە فەرمانی سەرەوە دەرچووبوو، لە (٢٠٠٥/١/٣٠)دا هەڵبژاردن بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی بەڕێوەچووە. لەم هەڵبژاردنە دا کار بە سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی RP و بەپێی فۆرمۆڵەی لیستی داخراو کراوە و تەواوی عێراق کراوەتە یەك بازنەی هەڵبژاردن. بەپێی [ماددە ٣١/ أ]ی قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق-یش بۆ قۆناخی گواستنەوە TAL کۆمەڵەی نیشتمانی لە (٢٧٥) ئەندام پێکدێ و هەڵبژاردن لە ڕێگەی دەنگدانێکی گشتی و نهێنی و ڕاستەوخۆوە بەڕێوەدەچێ. کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان-یش نیزامی ژمارە (١٧)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی بۆ بەجێگەیاندنی قانوونی هەڵبژاردن دەربارەی دابەشکردنی کورسییەکان، دەرکردووە.

### ٤-٢-٢: ڕاپرسیکردن لەسەر دەستوور لە (١٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥)دا

بەپێی ماددە [٦١]ی قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناخی گواستنەوە TAL دوا کاتی بۆ نووسینەوەی گەڵاڵەنامەی دەستوور و پاشان ڕاپرسیکردن لەسەر ئەو پرۆژە دەستوورەی دیاری کراوە. بە گوێرەی بڕگە (ج)ی هەمان ماددەی قانوونی ناوبراو، چۆن دەستوور پەسند و دەڕاستێندرێ دەڵێ: «ئەودەمە ڕاپرسیی گشتی بەسەرکەوتوو دادەنرێ و گەڵاڵەنامەی دەستوور دەڕاستێندرێ، کە زۆرینەی هەڵبژێران لە عێراقدا دەنگی بۆ بدەن و دوو لەسەر سێی هەڵبژێران لە سێ پارێزگادا، یان زێتر ڕەتی نەکەنەوە«. ئا لێرەدا دەردەکەوێ

که سیستەمی پێڕەولێکراوی هەڵبژاردن، سیستەمی زۆرینەی سادە بووە، چونکە هزر ناکرێ لە کردەکانی ڕاپرسیدا سیستەمێکی دیکە پەیڕەو بکرێ. ئەوە نەبێ کە مەرجێکی بۆ دانراوە کە دوو لەسەر سێی هەڵبژێران لە سێ پارێزگا، یان زێتر ڕەتی نەکەنەوە. کۆمیسیۆن نیزامی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دەرکردووە و ئەنجامەکانی ڕاپرسی لەسەر دەستووری تێدا خشتەبەند کردووە، مەبەست لە وشەی (هەڵبژێران)ی بە پشتبەستن بە بڕیارێکی کۆمەڵەی نیشتمانی لە (٢٠٠٥/١٠/٥)دا، ڕوون کردبۆوە کە هەڵبژێران ئەو کەسانەن کە بە کردەوە لە پرۆسەی ڕیفراندەمدا دەنگی خۆیان دەدەن.

### ٤-٢-٣: قانوونی ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەڵبژاردن

کۆمەڵەی نیشتمانی قانوونێکی نوێی بە ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی بۆ هەڵبژاردن دەرچوواند و بەپێی مادده (٢٨)ی قانوونی ئاماژەپێکراوی سەرەوە، فەرمانی ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٤)ی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان هەڵوەشاوەتەوە. لە هۆکارە پێویستەکانی پەسندکردنی ئەم قانوونەدا هاتووە (بۆ دانانی سیستەمێکی هەڵبژاردن کە نوێنەرایەتییەکی زۆرتری هەڵبژێران بکات، ئەو ژی سیستەمی فرە بازنەییە لەگەڵ فەرامۆش نەکردنی لایەنی باشەکانی سیستەمی یەك بازنەیی). ئەم قانوونەش، لە ڕووی مەرجەکانی هەڵبژێر، مەرجەکانی پاڵێوراو، مەرجی دانانی ناوی ئافرەتێکەوە لە ڕێزی سێ ناوی یەکەمینی هەر لیستەیەکدا و دوو ناو لە ڕێزی شەش ناوی یەکەمینی لیستەکان، هاوشێوەی قانوونی پێشە خۆی بووە. ئیدی عێراق بە گوێرەی پارێزگاکان کراوەتە (١٨) بازنەی هەڵبژاردن و بۆ هەر بازنەیەکیش ژمارەیەك کورسی تەرخانکراون بەشێوەیەك کە هاوڕێژە بێت لەگەڵ ژمارەی هەڵبژێرە تۆمارکراوەکان لە (٢٠٠٥/١/٣٠)دا[١٠٣] و (٢٣٠) کورسی بۆ هەموو بازنەکان دانراوە و بۆ (٤٥) کورسییەکەی دیکەیش[١٠٤] عێراق وەك یەك بازنەی هەڵبژاردن چاوی لێ کراوە کە بە گوێرەی شێوازی RP بێنە دابەشکردن.

---

١٠٣- بڕگەی دووەمی مادده (١٥)ی قانوونی هەڵبژاردن، ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠٠٥

١٠٤- بڕگەی یەکەمی مادده (١٥)ی قانوونی هەڵبژاردن، ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠٠٥.

دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ کە ئەم قانوونە پێڕەوی لە سیستەمی[١٠٥] RP کردووە، کە بە ڕای ئێمە دەستەبەرێکی بنەڕەتیی گرنگ بووە بۆ حزبە بچووکەکان و پێکهاتەکانی گەلی عێراق، بۆ؟ چونکە ئەم سیستەمە زۆر دادپەروەرانەترە بۆ نوێنەرایەتیی پێکهاتەکان، بە پێچەوانەی سیستەمی زۆرینە کە دەنگی ئەو هەڵبژێرانەی تێدا دەفەوتێ کە دەنگیان بۆ پاڵێوراوێك داوە و زۆرینەی نەهێناوە. ئەم شێوازی نوێنەرایەتیی ڕێژەییە بۆ ئەو دەوڵەتانە گرنگە کە فرە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینیین، یان تازە لە بن دەستی ڕژێمگەلێکی دیکتاتۆری، یان لە شەڕێکی ئەهلی ڕاست بوونەتەوە و قورتاریان بووە تا دەستەبەری ئەوە بکرێ زۆرترین قەوارە و حزب نوێنەرایەتییان لە پارلەماندا هەبێ.

## ٤-٢-٤: قانوونی هەمووارکردنەوەی قانوونی ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەڵبژاردنەکان، کە ژمارە ٢٦ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

لەکاتێکدا خولی یەکەمی ئەنجوومەنی نوێنەران هەندەی نەمابووە کۆتایی بێت، ئەنجوومەن ویستوویە قانوونێکی نوێی هەڵبژاردن دەربکا و بە گوێرەی ئەویش هەڵبژاردن بۆ ئەندامانی خولی دووەم بەڕێوەبچێ، لێ ئەنجوومەن نەشیاوە قانوونێکی نوێ دەربکات، چونکە ئەندامانی ئەنجوومەن لەسەر کۆمەڵێك پرس و بابەت ناتەبا و ناکۆك بوون و هەندێ لە ئەندامانی ئەنجوومەن بەرهەڵست بوون کە هەڵبژاردن لە پارێزگای کرکووك بە گوێرەی ئەو تۆمارەی هەڵبژێران بەڕێوەبچێ کە لە لایەن کۆمیسیۆنەوە ئامادە کرابوو و هەر بەپێی ئەو تۆمارەش هەڵبژاردن بۆ خولی یەکەمی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ساڵی ٢٠٠٥ دا بەڕێوەچووبوو. هەروابێتەوە، ئەندامان لەسەر شێوازی پاڵاوتنیش ناتەبا و ناکۆك بوون، چونکە قانوونی ژمارە (١٦) لە مادده (٩)دا بە دەق دەڵێ «پاڵاوتن بە گوێرەی شێوازی لیستی داخراو و بەپێی سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی دەبێت»، لەکاتێکدا ئاراستەی زۆرینەی ناو ئەنجوومەن لەگەڵ ئەوەدا بوون کە بە گوێرەی سیستەمی RP و بە شێوازی لیستی کراوە، یان نیمچە کراوە بێت. لێ پاش ئەوەی ئەندامانی ئەنجوومەن لەوە خاترجەم بوون کە لەسەر دەرچوواندنی قانوونێکی

---

١٠٥- مادده (١٦)ی قانوونی هەڵبژاردن، ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠٠٥

تازەی هەڵبژاردن ڕێکناکەون، ئاراستەی زاڵ بووە هەمواركردنەوەی هەندێ مادده و بنەواشە و حوكمەكانی قانوونی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٥ تا بە گوێرەی قانوونە هەمواركراوەكە هەڵبژاردن بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران بەڕێوەبچێت. پاش وتووێژێكی درێژخایەن، دەنگ لەسەر قانوونی هەمواركردنەوە، قانوونی ژمارە (٢٦)ی ساڵی (٢٠٠٩) درا (واتە قانوونی هەمواركردنەوەی قانوونی ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەڵبژاردنەكان). لێ دەستەی سەرۆكایەتیی [كۆمار] ئەو قانوونەی نەڕاستاند، چونكە ناڕازیبوون بە ژمارەی كورسییە تەرخانكراوەكانی هەندێ پارێزگا و پاش ئەوە ئەنجوومەنی نوێنەران گەیشتە ڕێككەوتن و بڕیارێكی دەركرد كە (یاداشتێكی شرۆڤە و لێكدانەوە)ی بۆ قانوونی هەڵبژاردن گرتبووە خۆ. پاش ئەوە ئەوجا دەستەی سەرۆكایەتی، قانوونی هەمواركردنەوەی لە ٩ی شوباتی ٢٠٠٩ دا ڕاستاند و یاداشتی شرۆڤە و لێكدانەوەكەش لە (٢٠٠٩/٢/١٣)دا.[١٠٦]

بە گوێرەی ماددەی (١)ی قانوونی هەمواركردنەوەكە، مادده (١٥)ی قانوونی ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٥) هەڵوەشایەوە و كورسییەكی پارلەمان بۆ هەر سەدهەزار كەس بە گوێرەی ئامارەكانی وەزارەتی بازرگانی بۆ ساڵی (٢٠٠٥) تەرخانكرا بە خستنەسەری ڕێژەی (٢,٨٪) بۆ هەر پارێزگایەك، هەروا هەندێ كورسیش بۆ پێكهاتەكان تەرخان كران، پێنج كورسی بۆ پێكهاتەی مەسیحی لە پارێزگاكانی بەغدا و نەینەوا و هەولێر و كەركووك و دهۆك. بە مەرجێ عێراق بۆ ئەو پێكهاتەیە یەك بازنەی هەڵبژاردن بێت. یەك كورسی بۆ سابینەی مەندایی لە پارێزگای بەغدا و، كورسییەك بۆ پێكهاتەی ئێزدی و كورسییەكیش بۆ پێكهاتەی شەبەك لە پارێزگای موسڵ و بەشداریی ئەو پێكهاتانەش لە لیستەكانی دیكەدا هیچ كاریگەری بۆ سەر ئەو ڕێژانەی سەرەوە نابێ. هەرچی مادده (٣)ی قانوونەكەیە، ماددەكانی (٩، ١٠، ١١، ١٦)ی هەڵوەشاندەوە و لە جێگەیاندا ئەو ماددەیە دانرا كە پاڵاوتن بە شێوازی لیستی كراوە دەبێ. بە مەرجێ ژمارەی پاڵێوراوان لە هەر لیستێكی هەڵبژاردندا نابێ لە سێ كەس كەمتر بێ و لە دوو هێندەی ژمارەی كورسییە تەرخانكراوەكانی هەر پارێزگایەك زێتر بێ. ئێمە پێمان وایە كە لێرەدا یاسادانەر زاراوەیەكی وردی بۆ شێوازی پاڵاوتن دانەناوە كە برێتییە لە

---

١٠٦- ئەم قانوونە لە ژمارەی ٤١٤٠ی ڕۆژنامەی الوقائع العراقیە لە ٢٨ی شوباتی ٢٠٠٩دا بڵاوكرایەوە.

شێوازی پاڵاوتن بە گوێرەی سیستەمی (لیستی داخراو لەگەڵ «التفضیل») [١٠٧] چونکە ئەم ماددەیە ئەو مافەی بە هەڵبژێری عێراقی داوە کە دەنگ بە لیستێك بدات، یان بە لیستێك و بە یەکێ لە پاڵێوراوەکانی هەمان لیست بدات. هەرچی شێوازی دابەشکردنی کورسییەکانی نوێنەرایەتیشە بە گوێرەی سیستەمی RP و بە پێڕەویکردن لە تێکڕای هەڵبژاردن، پاشان دابەشکردنی دەنگە ڕاستەکانی هەر لیستێکی هەڵبژاردن بەسەر تێکڕای هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی ژمارەی ئەو کورسییانەی کە بە بەر لیستێکی دیاریکراو دەکەوێت، هەرچی دابەشکردنی کورسییەکانی لیستێکی دیاریکراویشە لە نێوان پاڵێوراوەکانی هەمان لیستدا ئەوا بە گوێرەی سیستەمی زۆرینەی سادە ئەنجام دەدرێ. بۆ دابەشکردنی باقی کورسییەکانی پارێزگاش، ئەوا بەسەر لیستە براوەکاندا دابەش دەکرێ کە تێکڕای هەڵبژاردن، یان زیتریان هێناوە، هەرچی ئەو لیستانەن کە دەنگەکانیان نەگەیشتووەتە ڕادەی تێکڕای هەڵبژاردن، ئەوا هیچ کورسییەکیان پێ نادرێ و دەنگەکانیان فەرامۆش دەکرێ لە قۆناخەکانی دواتری کورسیی دابەشکردندا و دەنگەکانیان بۆ قەوارە براوەکان دەڕۆن. پێمان وایە ئەو سیستەمە بۆیە دانراوە تا بە قازانجی ئیئتلاف و حزبە گەورەکان بکەوێتەوە و بەم شێوەیە سەرجەم حزب و تەوژمە سیاسییەکان بەپێی ڕێژەی نوێنەرایەتییان لە کۆمەڵگە، جێگەیان لەناو ئەنجوومەندا بۆ ناکرێتەوە و نوێنەرایەتیان نابێ. ئەمەش پێچەوانەی ڕێسای گشتیی سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەییە کە دەبێ نوێنەرایەتی هەموو دەستە و گرۆ و حزبە سیاسییەکان بکات.

بە بڕوای ئێمە پێویستە هەندێ تێبینی لە بارەی قانوونی هەموارکردنەوە، قانوونی ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ تۆماربکەین، چونکە باندۆرەکانی ئەنجامی هەڵبژاردن و قانوونی هەموارکردنەوە جێگەی بایەخ بوون، گرنگترینی ئەو تێبینیانەش بریتین لە:

١) قانوونی هەموارکردنەوە لە بڕگەی (٤)ی ماددەی (٣)ی قانوونەکە، میکانیزمی دابەشکردنی ئەو کورسییانەی داناوە کە پاش قۆناخی یەکەمی دابەشکردن، بەتاڵ دەمێننەوە. ئەو ژی بە دابەشکردنی ئەو کورسییانە بەسەر

---

١٠٧- ابراهیم عبد العزیز شیحا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٨

لیستە براوەکاندا بەپێی ڕێژەی ئەو دەنگانەی بەدەستیان هێناوە. ئەم میکانیزمە، چەند لیستێکی لە وەدەستهێنانی کورسی لە پارلەماندا بێبەشکرد، وێرای کە کۆی گشتی دەنگەکانی ئەو لیستانە ڕێژەیەکی گەورەی دەنگەکانی هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن پێکدەهێنن، لێ ل گۆڕ قانوونی هەموارکردنەوە، ئەو دەنگانەی بەو لیستانە دراون، نەگەیشتوونەتە تێکڕای هەڵبژاردن و بەو لیستانە دەدرێن کە لەبنەڕەتدا هەڵبژێران دەنگیان پێ نەداون. ئا بەم شێوەیە یاسادانەر بە هێزی قانوون بڕیاری داوە خواست و ویستی هەڵبژێر بە زۆری بۆ بەرژەوەندی لیستە براوەکان بگۆڕێ. دادگەی باڵای فیدراڵی لە بڕیاری ژمارە (١٢) لە (١٤)ی ٦ی ٢٠١٠)دا بڕیاری نا دەستووریی ئەو بڕگەیەی داوە بەو پێیەی پێچەوانەی دەقی ماددە (٢٠)ی دەستوورە و، لە دوتوێی بڕیارەکەدا هاتووە «دادگە بڕیاری نادەستووریبوونی بڕگە (٤)ی ماددە (٣)ی قانوونی ژمارە (٢٦)ی ساڵی (٢٠٠٩) ی دا. بە مەرجێ ئەم حوکمە کاریگەری بۆ سەر پرۆسەی دابەشکردنی کورسییە بەتاڵەکان نەبێ لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ساڵی (٢٠١٠) دا پاش ئەوەی کە ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە لە (١ی ٦ی ٢٠١٠)دا لەلایەن دادگەی باڵای دەستوورییەوە ڕاستێندراون».

٢) قانوونی هەموارکردنەوە، چەند ماددەیەکی قانوونی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەڵوەشاندەوە و هەموارکردەوە لەوانە ماددەکانی (٩، ١٠، ١١، ١٥، ١٦) و ماددەکانی دیکەی قانوونەکەش وەکوو خۆیان ماونەوە. ماددە (١٧)ی قانوونەکە بە هەر چوار بڕگەکەیەوە وەکوو خۆیان مانەوە کە میکانیزمی دابەشکردنی کورسییەکانی قەرەبووکردنەوە ڕوون دەکەنەوە. بۆ ئەمەش دەبێ ئەم هەنگاوانە هەڵبنرێنەوە: دابەشکردنی کۆی دەنگە ڕاستەکان لە عێراقدا بەسەر ژمارەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران کە بریتییە لە (٣٢٥) بۆ دەرهێنانی تێکڕای هەڵبژاردن. پاشان دابەشکردنی دەنگەکانی هەر لیستێك بەسەر ئەو تێکڕای نیشتمانییە و پاشان دەست بە دابەشکردنی ئەو کورسییانە دەکرێ بەسەر ئەو قەوارانەی کە هیچ کورسییەکیان لە بازنەکانی هەڵبژاردن (واتە پارێزگاکان) بەدەست نەهێناوە، ئەگەر کۆی دەنگە ڕاستەکانیان لە هەموو پارێزگاکاندا بگاتە تێکڕای نیشتمانی، یان لە تێکڕای نیشتمانی زێتر بێ. ئەگەر پاش ئەمەش کورسیی بەتاڵ بمێنێتەوە بەسەر قەوارە براوەکاندا دابەش دەکرێ بە گوێرەی ڕێژەی ئەو دەنگانەی بەدەستیان هێناوە.

بەپشتبەستن بەوەی کە لە سەرەوە هاتووە، ئێمە پێمان وایە دابەشکردنی کورسییەکانی قەرەبووکردنەوە پێچەوانەی بنەواشەکانی ئەم ماددەیە و دەبوایە بە گوێرەی بڕگەی (٣)ی ماددەکە ئەو کورسییانە بەسەر ئەو قەوارانەدا دابەش بکرایە کە کۆی دەنگەکانیان لە ئاستی عێراقدا گەیشتبووە تێکڕای نیشتمانی کە بە حیسابێکی سادە و ساکار لە (٢٧) هەزار دەنگ کەمتر بووە. ئا ئاوا دەرفەت بۆ هەندێ قەوارەی دیکە دەکرایەوە کە کورسی نوێنەرایەتیان لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا بەربکەوێت، بەڵام لە ئەنجامی جێبەجێ نەکردنی ئەم ماددەیەدا ئەو قەوارانە لە کورسیی نوێنەرایەتی بێبەش کران. چونکە ئەم ماددەیە وەکوو خۆی مابووەوە و قانوونی هەموارکردنەوە هەڵینەوەشاندبووەوە، لەوما هێشتا بەرکار بووە و دەبوایە کاری پێ بکرێ. هەر بۆ زانین کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە ئەنجامی تانەی هەندێ قەوارەی براوەدا، لە بڕیارێکی خۆی پاشگەزبووەوە دەربارەی چۆنیەتی پڕکردنەوەی کورسییەکانی قەرەبووکردنەوە بەپێی بەشی پێنجەم لە (نیزامی دابەشکردنی کورسییەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران، نیزامی ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠١٠) و، بڕیاری دا بنەواشەکانی ماددە (١٨)ی قانوونی ژمارە (١٦) جێبەجێ بکات. کۆمیسیۆن بەپشتبەستن بەهەمان هۆی هەڵنەوەشاندنەوە، یان هەموارکردنەوەی ماددە (١٨)ی قانوونی ژمارە (١٦)، خۆی لە پیادەکردنی ماددە (١٧) دزیەوە کە لە بنەڕەتدا ئەم ماددەیە هەڵنەوەشابووەوە و هەموارنەکرابووەوە. ناشزانین لەبەر چی نوێنەرانی لیستە بچووکەکان لە دادگەی باڵای فیدراڵی تانەیان لە شێوازی دابەشکردنی کورسییەکانی قەرەبووکردنەوە نەدا.

### ٤-٢-٥: قانوونی ژمارە (٤٥)ی ساڵی (٢٠١٣)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق

ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران کە لە (٧ی ٣ی ٢٠١٠) ا بەڕێوەچوو سۆنگەی تانەی زۆری لایەنەکان بوون، هەروابێتەوە بە گوێرەی بڕگەی (٤)ی ماددە (٣)ی قانوونی ژمارە (٢٦)ی ساڵی (٢٠٠٩)یش، تانە لە نادادپەروەری و نادەستووریی میکانیزمی گۆڕینی دەنگەکان بۆ کورسیی نوێنەرایەتی، دەدرا. لەوما داوا خراوەتە بەردەم دادگەی باڵای فیدراڵییەوە. دادگەی ناوبراویش بڕیاری ژمارە (١٢)ی لە (١٤ی ٦ی ٢٠١٠)دا دەرکردووە

و جەختی لە نادەستووریی بڕگەی (٤)ی مادده (٣)ی ئاماژەپێکراو کردبۆوە.
لەم بڕیارەدا هاتووە «بەپشتبەستن بەو شتانەی پێشوو، بۆ ئەم دادگەیە ڕوون بووەتەوە کە دابەشکردنی کورسییە بەتاڵەکان پێش و پاش هەموارکردنەوەی ئاماژە پێکراو، دەنگی هەڵبژێر بۆ پاڵێوراوێکی کە دەنگی بۆ داوە، بەبێ ویستی خۆی بۆ پاڵێوراوێکی دیکە گوازراوەتەوە کە لە بنەڕەتدا دەنگی بۆ نەداوە. ئەمەش پێچەوانەی دەقی مادده (٢٠)ی دەستوورە کە بە دەق دەڵێ: « هەموو هاووڵاتیان چ پیاو بن چ ئافرەت مافی بەشداریکردنیان لە کاروباری گشتی و شادبوون بە مافە سیاسییەکان هەیە بە مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و پالاوتنیشەوە». هەروا وەکوو لە مادده (٣٨/یەکەم)ی دەستووردا هاتووە دەستەبەری «ئازادیی ڕادەربڕین بە هەموو شێوەکان» کراوە و، پرۆسەی گواستنەوەی دەنگی هەڵبژێران بەبێ ویستی خۆیان لەو پاڵێوراوەی کە دەنگیان بۆ داوە بۆ پاڵێوراوی لیستێکی دیکە کە هەڵبژێر خواستی نەبووە دەنگ بە هیچ پاڵێوراوێکی ئەو لیستە بدات، ئەمەش پێشێلکردنێکی مافی هەڵبژێرە لە دەنگدان و هەڵبژاردن و ئازادیی ڕادەربڕین و پێشێلکردنێکی دەقی مادده (٢٠) و مادده (٣٨/یەکەم)ی دەستوور پێکدەهێنێ، لەکاتێکدا نابێ و ناکرێ قانوونێك دابنرێ کە پێچەوانەی دەستوور بێ و ڕێگە لە ئازادیی ڕادەربڕین بگیرێ و بە پشتبەستن بە بنەواشەکانی هەردوو مادەی (٢٠ و ٣٨/یەکەم)، دادگای فیدراڵی بڕیاری نادەستووریی بڕگەی (٤)ی مادده (٣)ی قانوونی ژمارە (٢٦)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی داوە (قانوونی هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەڵبژاردن).

لەوما پاش وتوویژ و بێنەوبەرە چ لەناو ئەنجوومەن و چ لە دەرەوەیدا، پێشنیاری قانوونێکی نوێ خرایە بەردەم ئەنجوومەن و لە ئەنجامدا قانوونی ژمارە (٤٥) لە (٢٥ی ١١ی ٢٠١٣)دا دەرچوو، کە لە ژمارە (٤٣٠٠)ی ڕۆژنامەی الوقائع العراقیە لە (٢ی ١٢ی ٢٠١٣)دا بڵاوکرایەوە و لە هۆیە پێویستەکانی دانانی ئەم قانوونەشدا هاتووە: (بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی ئازاد و پاك و بێگەرد بکرێ و بەو پەڕی شەفافیەتەوە ئەنجام بدرێ و نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینەی خواست و ویستی هەڵبژێران بەڕێوەبچێ و دەرفەت بکرێتەوە بۆ کێبەرکێیەکی ڕەوای دوور لە کارکردیی دەرەکی و بەرەو پێشبردنی پرۆسەی دیموکراتی ئەم قانوونە پەسندکراوە).

ئەم قانوونە بەسەر (٨) بەش و (٤٨) ماددەدا دابەش کراوە. بڕگەی (١)

ی مادده (١١)، ژمارەی کورسییەکانی پارلەمانی بە (٣٢٨) ئەندام داناوە کە (٣٢٠)یان بەسەر پارێزگاکاندا دابەش کراون و بە گوێرەی بڕگەی (٢)ی هەمان ماددەش (٨) کورسی بۆ کۆتای پێکهاتەکانی گەلی عێراق دانراوە. هەرچی بڕگەی (٣)ی ئەم ماددەیە، بۆ کورسییە تەرخانکراوەکانی پێکهاتەی مەسیحی و سابیئە، عێراقی کردووە بە یەك بازنەی هەڵبژاردن. بەڵام لەم ماددەیەدا وشەی (عێراق) ئاماژەی پێ نەکراوە.

وەك پاشبەندی ئەم قانوونە ئەم خشتەیەی خوارەوەی لەگەڵدا هاوپێچ کراوە کە ژمارەی کورسییەکانی هەر پارێزگایەك و کورسییە تەرخانکراوەکانی هەندێ پێکهاتەی تێدا دیاری کراون.

| زنجیره | پارێزگا | ژمارەی کورسی | کورسی بۆ مەسیحیان | کورسی بۆ ئێزدییان | کورسی بۆ سابیئە | کورسی بۆ شەبەك | كۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەغدا | 69 | 1 | 0 | 1 | 0 | 71 |
| 2 | نەینەوا | 31 | 1 | 1 | 0 | 1 | 34 |
| 3 | بەسرا | 25 | 0 | 0 | 0 | 0 | 25 |
| 4 | زیقار | 19 | 0 | 0 | 0 | 0 | 19 |
| 5 | بابل | 17 | 0 | 0 | 0 | 0 | 17 |
| 6 | سلێمانی | 18 | 0 | 0 | 0 | 0 | 18 |
| 7 | ئەنبار | 15 | 0 | 0 | 0 | 0 | 15 |
| 8 | هەولێر | 15 | 1 | 0 | 0 | 0 | 16 |
| 9 | دیالە | 14 | 0 | 0 | 0 | 0 | 14 |
| 10 | کەرکووك | 12 | 1 | 0 | 0 | 0 | 13 |
| 11 | سەلاحەدین | 12 | 0 | 0 | 0 | 0 | 12 |
| 12 | نەجەف | 12 | 0 | 0 | 0 | 0 | 12 |
| 13 | واست | 11 | 0 | 0 | 0 | 0 | 11 |
| 14 | قادسیە | 11 | 0 | 0 | 0 | 0 | 11 |
| 15 | میسان | 10 | 0 | 0 | 0 | 0 | 10 |
| 16 | دهۆك | 11 | 1 | 0 | 0 | 0 | 12 |
| 17 | کەربەلا | 11 | 0 | 0 | 0 | 0 | 11 |
| 18 | موسەنا | 7 | 0 | 0 | 0 | 0 | 7 |
| كۆ | 18 | 320 | 5 | 1 | 1 | 1 | 328 |

هەرچی ماددەی (١٢)ی قانوونەکەیە باس لە میکانیزمی دەنگدان بەپێی فۆرمۆڵەی لیست کراوە (ڕاستتر لیستی داخراوە لەگەڵ بە باشزانین) کە هەڵبژێر دەتوانێ چ دەنگ بۆ لیستێکی دیاریکراو بدات و، چ دەنگ بە لیستێك و پاڵێوراوێکی دڵخوازی خۆی لەناو هەمان لیستدا بدات. ئەم ماددەیە دەرفەتی بە تاکە کەسیش داوە کە خۆی بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی نوێنەران بپاڵێوێ.

هەرچی سیستەمی هەڵبژاردنە ئەوا ماددە (١٤)ی ئەم قانوونە باس لە دابەشکردنی کورسییەکان بەپێی سیستەمی (سانت لاگ Sainte-Laguë)ی هەموارکراو دەکا. بۆ زانین ئەم سیستەمە وا دەخوازێ دەنگە ڕاستەکانی هەر لیستێکی هەڵبژاردن بەسەر ژمارەکانی (١، ٣، ٥، ٧، ٩،... تاد) دابەش بکرێ. ئا ئەوها بە گوێرەی ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی هەر بازنەیەك و پاشان دابەشکردنی کورسییەکان بەسەر لیستەکاندا بەپێی بەرزترین بەرەنجامی دابەشکردن لە سەرەوە بۆ خوارەوە تا دوا کورسیی تەرخانکراوی بازنەکە دابەش دەکرێ. لێ یاسادانەری عێراقی بۆ پشتڕاستکردنەوەی بەرژەوەندیی حزبە گەورەکانی ناو ئەنجوومەنی نوێنەران، ئەم فۆرمۆڵەیەی هەموارکردووەتەوە و بڕیاری داوە دەنگە ڕاستەکانی لیستە ڕکابەرەکان بەسەر ژمارەکانی (١,٦، ٣، ٥، ٧، ٩...تاد)دا دابەش بکرێ بە گوێرەی ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن و بە گوێرەی بڕگەی (١)ی ماددە (١٤)ی ئەم قانوونە. بڕگەی (٢)ی هەمان ماددە بڕیاری داوە کە ئافرەتان دەبێ بەلانی کەمەوە (٢٥٪)ی کورسییەکانی پارلەمان پێکبهێنن. هەرچی بڕگەی (٣)ی ماددە (١٣)ە کردوویە بە مەرج کە زنجیرەی ئافرەتان بەڕێژەی ئافرەتێك دوای هەر سێ پیاو لەکاتی ڕێکخستنی لیستی پاڵێوراوانی هەر حزب و لیستێکی ڕکابەر، لەبەرچاو بگیرێ.

وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، ئەنجوومەنی کۆمیسیاران (سیستەمی دابەشکردنی کورسییەکان- ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠١٤)ی دەرکردووە و لە بەشی دووەمدا ژمارەی کورسی هەر پارێزگایەك دیاری کراوە لەتەك دیاریکردنی کورسییە تەرخانکراوەکانی پێکهاتەکان بەپشتبەستن بە قانوونی ژمارە (٤٥) و بەشی ئافرەتان لە هەر پارێزگایەکدا بە پشتبەستن بە قانوونەکە و دەقی دەستوور، بەمشێوەیەی خوارەوە:

| زنجیره | پارێزگا | ژمارەی کورسی | کورسی تەرخانکراو بۆ پێکهاتەکان | ژمارەی کورسییەکانی ئافرەتان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەغدا | 69 | 2 کورسی: بۆ پێکهاتەی مەسیحی<br>1 کورسی بۆ پێکهاتەی سابیئە1 | 17 |
| 2 | نەینەوا | 31 | 3 کورسی: 1 بۆ مەسیحییان و 1 بۆ ئێزدییان و 1 بۆ شەبەکان | 8 |
| 3 | بەسرا | 25 | 0 | 6 |
| 4 | زیقار | 19 | 0 | 5 |
| 5 | بابل | 17 | 0 | 5 |
| 6 | سلێمانی | 18 | 0 | 4 |
| 7 | ئەنبار | 15 | 0 | 4 |
| 8 | هەولێر | 15 | 1 بۆ کریستیانان | 4 |
| 9 | دیالە | 14 | 0 | 4 |
| 10 | کەرکووک | 12 | 1 بۆ کریستیانان | 3 |
| 11 | سەلاحەدین | 12 | 0 | 3 |
| 12 | نەجەف | 12 | 0 | 3 |
| 13 | واست | 11 | 0 | 3 |
| 14 | قادسیە | 11 | 0 | 3 |
| 15 | میسان | 10 | 0 | 3 |
| 16 | دهۆک | 11 | 1 بۆ کریستیانان | 3 |
| 17 | کەربەلا | 11 | 0 | 3 |
| 18 | موسەنا | 7 | 0 | 2 |
| کۆ | 18 | 320 | 8 | 83 |

هەرچی بەشی سێیەمە لە سیستەمی دابەشکردنی کورسییەکان، ئەوا تەرخانکراوە بۆ ئەو هەنگاوانەی کە دەبێ بۆ مەبەستی دابەشکردنی کورسییەکان بەسەر لیستە ڕکابەرەکانی هەڵبژاردن بە گوێرەی فۆرمۆڵەی سانت لاگ هەڵبهێنرێنەوە، بەڵام بە گوێرەی ئەو بیدعەیەی کە لە لایەن فراکسیۆنە پەرلەمانییەکانی ناو ئەنجوومەنی نوێنەران داهێنراوە، دەبوایە هەوەڵجار دەنگە ڕاستەکانی هەر لیستێکی هەڵبژاردن بەسەر (١،٦) دابەش بکرێ ئەوجا بەسەر ژمارەکانی (٣، ٥، ٧،...)دا بە گوێرەی ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی هەر پارێزگایەك کە کورسییەکان بەپێی بەرزترین بەرکەوتی دابەشکردن لە سەرەوە بۆ خوارەوە بێنە دابەشکردن تا هیچ کورسییەکی بەتاڵ نەدەمایەوە.

ئەمە هەنگاوی یەکەم، هەنگاوی دووەم پێوەندیی بە دابەشکردنی کورسییەکانی هەر لیستێکەوە هەیە بەسەر پاڵێوراوەکانی هەمان لیستدا. واتە هەر لیستێك لە هەنگاوی یەکەمدا دەردەکەوێ چەند کورسیی پارلەمانی بەردەکەوێ. پاشان ئەو کورسییانە بەسەر پاڵێوراوەکانی ئەو لیستەدا دابەش دەکرێ بە گوێرەی دەنگەکانیان لە سەرەوە بۆ خوارەوە، لە بارێکدا دەنگەکانی دوو پاڵێوراو، یان زێتر یەکسان بن لەناو لیستێکی هەڵبژاردندا، ئەوا بەئامادەبوونی نوێنەرانی لیستە ڕکابەرەکان، تیروپشکیان بۆ دەکرێ.

لە هەنگاوی سێیەمدا، حیسابی کۆتای ئافرەتان دەکرێ و چۆن ئەو کۆتایە لە نێوان لیستە براوەکانی هەڵبژاردندا دابەش دەکرێ. چونکە بە دوور دەزانرێ ئافرەتان خۆیان ڕێژەی ٢٥٪ی کۆی ژمارەی کورسییەکانی بازنەیەکی هەڵبژاردن بەدەستبهێنن، ئەودەم بە ناچاری دەبێ ئەم هەنگاوانە هەڵبهێنرێنەوە:

أ) هەر کورسییەك پاش سێ پیاوی براوەی هەڵبژاردن بۆ ئافرەت دادەنرێ. هەڵبەت ئەو ئافرەتە پاڵێوراوەی کە زۆرترین دەنگی لەناو لیستێکی دیاریکراو هێناوە، کورسییەکەی بۆ تەرخان دەکرێ،

ب) جارێکی دیکە ژمارەی کورسییەکانی ئافرەتان دەژمێردرێنەوە، لەبارێکدا ئەگەر بە گوێرەی کۆتا ژمارەی ئافرەتان کەمتر بوو لە کورسیی تەرخانکراو، ئەو کارڕاییانە دەگیرێنەبەر:

١) ڕێژەی ئافرەتان دیاری دەکرێ لە ڕێگەی دابەشکردنی ژمارەی کورسییەکانی هەر لیستێك بەسەر ژمارە (٣)دا، بەمەرجێ کەرتی دەیی فەرامۆش بکرێ.

٢) حیسابی ژمارەی پاشماوە لە کورسییەکانی ئافرەتان لە هەر لیستێکی

براوە دەکرێ، لە ڕێگەی لێ دەرکردنی ژمارەی کورسیی ئافرەتە براوەکان بەپێی بڕگەی (أ) لە پشکی ئەو لیستە لە ئافرەتان.

ج) کورسییەك بۆ ئافرەتان دیاری دەکرێ پاش هەر پیاوێکی براوە بێ ڕەچاوکردنی ژمارەی ئەو دەنگانەی کە پیاوان بەدەستیان هێناوە.

د) ئەگەر ژمارەی کورسییە خوازراوەکانی ئافرەتان بە گوێرەی ئەوەی لە سەرەوە هاتووە تەواو نەکرا، ئەوا کورسییەك بۆ ئافرەتان تەرخان دەکرێ لەو لیستانەی کە دوو کورسییان بەدەستهێناوە و لە خوارەوە بۆ سەرەوە. ئەوا لە جێگەی ئەو پاڵێوراوە براوەیەی کە کورسی دووەمی بەرکەوتووە، پاڵێوراوێکی ئافرەت لە هەمان لیست کە زۆرترین دەنگی هێناوە، دادەنرێ.

ه) ئەگەر ژمارەی کورسییە داواکراوەکانی ئافرەتان بەم پێودانگەش پڕ نەکرایەوە، ئەو کورسی ئەو لیستانەی کە یەك کورسییان هێناوە لە خوارەوە بۆ سەرەوە بۆ ئافرەتان تەرخان دەکرێ تا ژمارەی داواکراو تەواو دەبێ.

و) ئەو پاڵێوراوە پیاوەی کە زۆرترین دەنگی هێناوە لەو لیستانەی کە لە بازنەیەکی هەڵبژاردندا یەك کورسییان هێناوە، پاڵێوراوێکی ئافرەت لە هەمان لیست کە بە بەراورد بە ئافرەتەکانی دیکەی هەمان لیست زۆرترین دەنگی هێناوە، جێگەی دەگرێتەوە.

هەرچی کورسییەکانی پێکهاتەکانیشە، ئەوا بەر ئەو لیستە دەکەون کە زۆرترین دەنگی هێناوە بە مەرجێ ئەو کورسییە بەو پاڵێوراوە بدرێ کە زۆرترین دەنگی لەناو لیستەکەی خۆیدا هێناوە.

## ٤-٢-٦: قانوونی یەکەمین هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (٤٥)ی ساڵی (٢٠١٣)ی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، کە ژمارە ١ی ساڵی (٢٠١٨)ی دراوەتێ

دوا بە دوای چەند کارڕاییەکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە بارەی دەنگدان و تۆمارکردنەوە، هەروا ل گۆر خولیا و ئارەزووی حزبە سیاسییە گەورە باڵادەستەکانی ناو ئەنجوومەنی نوێنەران کە سیستەمی هەڵبژاردن بە شێوەیەك هەموار بکرێتەوە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەوان و بە گوێرەی تێگەیشتنی ئەوان بۆ سیستەمی هەڵبژاردن تێکبکاتەوە. ئا ئاوا هەندێ دەسکاری قانوونی ژمارە (٤٥) کراوە و قانوونی هەموارکردنەوەکە لە (٢٤ی ١ی

٢٠١٨)دا دەرچووە و لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (١)ی قانوونەکەدا دیاری کراوە کە دەبێ هەڵبژاردن لە (١٢ی ٥ی ٢٠١٨)دا بکرێ. ئەمە یەکەمین جارە کە ڕۆژی هەڵبژاردن بە دەقی قانوون دەستنیشان بکرێ.

لە بڕگەی (چوارەم/٣)ی مادده (١)ی قانوونەکەدا هاتووە کە دەبێ دەنگدان ئیلیکترۆنی بێ. ئەم دەقە ڕوونی دەکاتەوە کە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران تێگەیشتنێکی دروستیان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن و هەنگاو و کارڕاییەکان نییە. چونکە کارڕاییە نوێیەکانی دەنگدان لە ڕێگەی ژماردن و لێکجیاکردنەوەی ئیلکترۆنیی کارتەکانەوە بوون دوور لە هۆکاری مرۆیی (فەرمانبەرانی دەنگدان)، چونکە کارتی دەنگدان وەکوو جاران لە لایەن هەڵبژێرانەوە بەدەست ئاماژە و خەتی لێ دەدرێ. وەك نەریت، ئەنجوومەنی نوێنەران ئەم هەموارکردنەوەیەی پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن بە کەمتر لە سێ مانگ دەرچواندووە و قانوونی هەموارکردنەوەکە لە ژمارەی (٤٤٨١)ی ڕۆژنامەی (الوقائع العراقیە) لە (١٩ی ٢ی ٢٠١٨)دا بڵاوکراوەتەوە و ئا ئاوا وەکوو دەزانرێ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوە دەبێ کاری پێ بکرێ و جێبەجێ بکرێ. بڕگە (چوارەم)ی مادده (٢)ی قانوونەکە کردبوویە مەرج کە دەبێ ئەو کەسەی نامزەد دەکرێ بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی نوێنەران، بڕوانامەی بەکالۆریۆس، یان هاوشانی ئەو بڕوانامەیەی هەبێ. هەرچی بڕگەی (حەفتەم)ی ماددەی ناوبراوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نابێ ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران و ئەو کەسانەی پۆست و پلەی باڵایان لە کۆمیسیۆندا هەیە، خۆیان بۆ ئەندامێتیی ئەنجوومەن بپاڵێون مەگەر دوو ساڵ پێش ڕۆژی خۆپاڵاوتن، کۆتایی بە خزمەتیان لە کۆمیسیۆن هاتبێ. لەکاتێکدا ناوی دامودەزگای دیکەیان نەهێناوە کە ئەرك و فەرمانیان هیچی کەمتر نییە لە ئیشوکاری فەرمانبەرانی کۆمیسیۆن وەکوو کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ، دەستەی لێپرسینەوە و دادپەروەری و دەستەی دەستپاکی و سەرکردەکانی ئاسایشی نیشتمانی، یان حەشدی شەعبی، یان دادوەران، یان وەزیرەکانی پێشتر....

ماددەی (٣)ی قانوونەکە، کورسییەکی بۆ کوردانی فەیلی لە پارێزگای (واست) زێدەکردووە. ڕاستە ئەوە هەنگاوێکی باش بووە، بەڵام هەنگاوێکی تەواو نەبووە، چونکە ژمارەی کوردانی فەیلی لە پارێزگای بەغدا هەندە دەبن کە شایانی تەرخانکردنی کورسییەکی پارلەمانیی بن لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا و ئەمەش کەمترین ئینساف و دادپەروەرییە دەرهەق ئەم کۆمیونیتەیە کە ڕژێمی پێشوو

ڕەگوڕیشەی لە عێراقدا دەرهێنان و گەنجەکانی لێ لە سێدارەدان و ئەوانی دیکەی لێ گلدانەوە و پاشان ڕەوانە و هەتلەی ئێرانی کردن.

ماددە (٤)ی قانوونەکە، بڕگەی (١)ی ماددە (١٤)ی قانوونی ژمارە (٤٥)ی ساڵی (٢٠١٣)ی دەستکاری کردووە کە سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی و فۆرمۆڵەی سانت لاگی وەکوو خۆی هێشتووەتەوە. بەڵام بەشێوەیەك دەستکاری تێدا کردووە کە دەنگەکان بەسەر (١,٧، ٣، ٥، ٧، ٩... تاد)دا دابەش بکرێن، لەبری وەی کە بە (١,٦) دەست پێ بکا وەکوو لە قانوونی پێشوودا وا بووە. ئەمەش ڕێبازی حزبە گەورەکان بووە کە دەست لە هەوکی حزبە بچووکەکان بنێن و دەرفەت بە حزب و ئاراستە مەدەنی و چەپڕەو و لیبراڵەکان نەدەن کە بێنە ناو پارلەمانەوە. هەرچەند ئاراستەی واش هەبووە کە دابەشکردنە بە (١,٩) دەست پێ بکا. وەك دەزانرێ ئەم سیستەمە تایبەتمەندیی خۆی لەدەست دەدات پاش ئەوەی یەکەمین دابەشکردن لە (١,٤) تێبپەڕێ، چونکە ئەودەم سیستەمەکە زێتر لە فۆرمۆڵەی (دی هۆندت) نزیك دەبێتەوە. ئەمەش ساغی دەکاتەوە کە دەستەبژێری حوکمڕان لە عێراقدا هەمیشە دەیەوێ بە شێوازی جیا جیا واقیع بۆ بەرژەوەندیی خۆی بقۆزێتەوە، تەنانەت لە ڕێگەی قانوونیشەوە.

ماددەی (٥) دەڵێ دەبێ پرۆسەی ژماردن و لێکجیاکردنەوەی کارتەکانی دەنگدان لە ڕێگەی ئامێری ئیلیکترۆنیی خێراکردنی ئەنجامەکانەوە بێ. ئەمەش هەنگاوێکی باش و گرنگ بوو بۆ پەلەکردن لە ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان، سەرباری دوورخستنەوەی هۆکاری مرۆیی (فەرمانبەرانی دەنگدان) لە ژماردن و لێکجوداکردنەوەی کارتەکانی دەنگەکان.

بەڵام ماددەی (٦)ی قانوونی هەموارکردنەوە، باس لە هەندێ کارڕایی و هەنگاو دەکا کە پێویست ناکەن بە دەقی قانوون بێنە باسکردن. چونکە ئەو کارڕاییانە لە لایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە بەکارهاتوون و پێشتر لە کارڕاییەکانی هەڵبژاردنی ٢٠١٤ی ئەنجوومەنی نوینەراندا دە عەمەل هاتوون.

### ٤-٢-٧: قانوونی دووەمین هەموارکردنەوە، ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٨)ی قانوونی ژمارە (٤٥)ی ساڵی (٢٠١٣)ی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران

پێش دوو مانگ لە وادەی هەڵبژاردنەکانی خولی چوارەمی ئەنجوومەنی

نوێنەرانی عێراق، هەموارێکی دیکەی قانوونی ژمارە (٤٥)ی ساڵی (٢٠١٣) دەرچووە و لە ژمارە (٤٤٨٣)ی ڕۆژنامەی وەقایعی عێراقی لە (١٢ی ٣ی ٢٠١٨) دا بڵاوکراوەتەوە. ئەمەش بە مانای ناجێگیریی پرۆسەی یاسادانان لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا دێت بە تایبەتی لە بارەی ڕێکخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە. لێرەدا وەکوو تێبینی دەکرێ یاسادارێژ لە سەپاندنی ئەو مەرجەی پێشووتری خۆی هاتووەتە خوارێ کە دەبێ پاڵێوراو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێ. بۆ ئەم مەبەستەش بڕگەیەکی بۆ مادده (٢)ی قانوونی هەموارکردنەوەکە زێدەکردووە کە ڕێگە دەدات ٢٠٪ی لیستی پاڵێوراوانی حزبە سیاسییەکان بڕوانامەی ئامادەییان هەبێ. دیارە دیسان ئەوەش لە ئەنجامی گوشاری حزبە سیاسییەکان بووە بە تایبەتی ئەوانەیان کە نوێنەریان لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا هەیە.

لە سۆنگەی نەسازانی فراکسیۆنەکان و حزبە سیاسییەکان لە بارەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکانی پارێزگاکانەوە کە ماوەیەك بوو پرۆژە قانوونێکی نوێ لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە گەڵاڵە کرابوو و درابووە ئەنجوومەنی نوێنەران. لەوما قانوونی هەموارکردنەوەکە لە مادده (٦)دا دەڵێ: هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بە شێوەیەکی جودا لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران دەکرێ و پاشان کاتێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دیاری بکرێ کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێ. لێ ئەو ماوەیەی مابوو تا کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان هەندە نەبووە، بۆیە قانوونەکە بە دەق دەڵێ: لە ڕۆژی پەسندکردنی ئەو قانوونە لە ئەنجوومەنی نوێنەران (١١ی ٢ی ٢٠١٨) دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە و کاری پێ دەکرێ تا دەرفەتێك بە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بدرێ لیستی پاڵێوراوان ڕێکبخات و لە مەرجە داخوازکراوەکان وردبێتەوە کە داخوا پاڵێوراوان ئەو مەرجانەیان تێدا هەیە، یان نا، هەلبەت پاش ئەوەی کە قانوونەکە مەرجی بڕوانامەی سەرلەنوێ گۆڕیوە کە پێشتر لە هەموارکردنەوەی یەکەمدا دەستکاری کرابوو.

### ٤-٢-٨: قانوونی سێیەمین هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (٤٥) ی ساڵی (٢٠١٣)ی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، کە ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠١٨)ی دراوەتێ

ئەم قانوونە پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە (٦ی ٦ی ٢٠١٨)دا دەرچووە، لە ژمارە (٤٥٠٦)ی وەقایعی عێراقی لە (١٧ی ٩ی ٢٠١٨)دا بڵاوکراوەتەوە.

ئەو قانوونە، حوکمگەلێکی تێدایە لە بارەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، میکانیزمی ژماردن و لێکجوداکردنەوەی کارتەکانی دەنگدان و ئەو لایەنەی کە ئەو ئەرکە ئەنجام دەدا. ئەم حوکمە زۆر نامۆیە لە تەواوی جیهاندا کە قانوونێك دەربچێت بۆ ڕێکخستنی پرۆسەیەکی هەڵبژاردن کە پێشتر ئەنجام درابێت و بەڕێوەچووبێت. هۆیەکەش ڕوونە، ئەویش سەرنەکەوتنی زۆرینەی ئەندامەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی خولی سێیەم بووە کە خۆیان بۆ ئەندامێتیی خولی چوارەم پاڵاوتبۆوە. ڕوون و خویایە کە ئەنجوومەنی نوێنەران تا ڕادەیەکی زۆر و بە پلەیەی یەکەم پەرۆشی ئەندامەکان و حزبە سیاسییەکانیان بووە لەکاتی دەنگداندا.

ئەم قانوونە کە ئەنجوومەنی نوێنەران دەنگی لەسەر داوە، بنەواشەی سەیر و نامۆ و دژ بە زۆر ماددەی دەستووری و هەموو عورفێکی قانوونی لە عێراق و لە جیهاندا تێدایە. ئاخر ئەو قانوونە، بنەواشەگەلێکی بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنێك تێدایە کە پێش چەند حەفتەیەك ئەنجامە بەراییەکانی شۆك بوون بۆ زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەن. وەکوو دەزانرێ هەر قانوونێك لەو ڕۆژەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی عێراقی بڵاودەکرێتەوە و لە لایەن سەرکۆمارەوە دەڕاستێندرێ، کاری پێ دەکرێ. بەڵام ماددە (٨)ی قانوونی هەموارکراوی ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠١٨) (سێیەمین هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە ٤٥ی ساڵی ٢٠١٣ی هەموارکراو) بە دەق دەڵێ: ئەم قانوونە لە ڕۆژی دەنگدان لەسەر قانوونی ناوبراو کاری پێ دەکرێ. ئاخر ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ئایندەی سیاسیی خۆیان دەترسان و لەوەش سەیرتر هۆیەکانی دەرچوونی قانوونەکە بە دەق ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ساغ بووەتەوە ئامێری ئیلکترۆنیی خێراکردنی ئەنجامەکان بەکار نایێ و ئەمەش پێچەوانەوەی واقیع و ڕاستییە، چونکە پشتی بە ڕاپۆرتێکی حکوومەت بەستبوو کە دەڵێ «دەزگای موخابەراتی عێراقی ڕایگەیاندووە کە دەکرێ لە پاش نۆ سەعات سیستەمی تایبەتیی هەناردنی ئەنجامەکان تێکبدرێ». لێ وەك دەزانرێ هۆکاری هەناردن پشت بە ئینتەرنێت نابەستێ تا دەستکاری ئەنجامەکان بکرێ. هەروابێتەوە ٩٥٪ بەسەرەوەی ئەنجامەکان لە هەموو ئێستگەکانی عێراقدا، پاش تەنیا (٦) سەعات گەیشتوونەتە ئۆفیسی نیشتمانیی سەنتەری داخیلکردن و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان. بەڵام کۆمیسیۆن وای بەباش زانیوە کە لە ڕێگەی هەناردنی USBی تایبەت بە ئامێرەکان لەگەڵ ئەنجامە هەناردراوەکاندا، وردبینی لە ئەنجامەکاندا بکا و ئەنجامە بەراییەکان ڕانەگەیەنێت. ئەم هەنگاوەش بوار و

دەرفەتی بۆ تانەلێدان لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و تەواوی پرۆسەی هەڵبژاردن و ئامێرەکانی ژماردن و لێکجوداکردنەوەی ئیلیکترۆنی، کردەوە.

ماددەی (١)ی قانوونەکە ماددەی (٣٨)ی قانوونی ژمارە (٤٥) هەڵوەشاندووەتەوە و لە جێگەیدا حوکمێکی دیکەی هێناوەتە گۆڕێ کە پێوەندیی بە دووبارە ژماردنەوە و لێکجوداکردنەوەی دەنگەکانە لە تەواوی سەنتەر و مەڵبەندەکانی هەڵبژاردندا. لەکاتێکدا ژماردن و لێکجوداکردنەوەی دەنگەکان لە ئێستگەکاندا دەکرێ نەك لە مەڵبەندەکاندا، چونکە هەر مەڵبەندێك لە ژمارەیەك ئێستگە پێکهاتووە و فۆرمی ئەنجامەکان لە لایەن ئێستگەکانەوە ڕێکدەخرێ نەك لە لایەن سەنتەر و مەڵبەندەکانەوە و ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە ئەم قانوونە بەپەلەپەل داڕێژراوە و ئەو ڕاستییەش دووپات دەکاتەوە کە زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەن لە سروشت و ڕاستیی و وردەکارییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن تێ نەگەیشتوون. ئەم ماددەیە بڕیاری دووبارەکردنەوەی هەژمار و لێکجیاکردنەوەی دەنگەکانی داوە لەو ئێستگانەی کە لە بنەڕەتدا هەڵوەشێنرابوونەوە. ئەمەش لەسەرینی گوشاری سیاسیی ئەو حزبانە بووە کە زەرەرمەند بوون لە جێبەجێکردنی هەژماردن و لێکجیاکردنەوەی ئیلکترۆنی، بۆ سەر ئەندامانی ئەنجوومەن کە دووبارە لێکۆڵینەوە و وردبینی لە سکالاَ سوورەکان و لە ڕاپۆرتەکانی دایرەی پرۆسەکان بکرێتەوە کە لە ئەنجامی ئەو ڕاپۆرتانەدا ئەنجوومەنی کۆمیسیاران بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئێستگەکانی دابوو. دەگەڕێینەوە و دەڵێین کە پشێوی و بێسەروبەرییەکی ڕوون و ئاشکرا بە داڕشتنی ئەو ماددەیەوە دیارە، چونکە بە دەق باس لە دووبارە هەژماردن و لێکجیاکردنەوەی دەنگەکان بە دەست دەکات لە مەڵبەندەکانی هەڵبژاردندا، لەکاتێکدا لە دیماهیی بڕگەکەدا قانووندارێژ دەڵێ کە دەبێ هەژماردن و لێکجیاکردنەوەی دەنگەکان تەنانەت ئێستگە هەڵوەشێنراوەکانیش بگرێتەوە.

ماددەی (٢)ی قانوونەکە باس لە ژمارەکانی بارکۆد و دەرچووی دەزگای ساغبوونەوە دەکا لەگەڵ ئەو کارتانەی لەناو سندووقدان. ئەوەش کارڕاییەکی ئاسایی و سروشتییە و لە لایەن کۆمیسیۆنەوە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٤دا کاری پێ کراوە و بەم پێیەش پێویستی نەدەکرد قانوونەکە ئەمە لەناو ماددەکانی خۆیدا دەقبەند بکات.

ماددەی (٣)، ماددەیەکی سەیر و نامۆیە، چونکە دەنگەکانی هەڵبژێران لە هەڵبژاردنێکدا هەڵدەوەشێنێتەوە کە چەند حەفتەیەك پێشتر ئەنجام دراوە و

بە دەستچنێکی سەیروسەمەرە داڕێژراوە کە زێتر مەبەست هەڵوەشاندنەوەی دەنگەکانی ئاوارە ئێزدی و کریستیانەکان بووە، لەبارێکدا ئەگەر ئەو دەنگانە حیساب کرابانایە، ئەوا نەخشەی هێزە سیاسییەکان لە پارێزگای نەینەوادا گۆڕانی بەسەردا دەهات. ئەوەش پێچەوانەی مافی دەنگدان و ئازادیی ڕادەربڕینە کە دەستوور بە ڕاشکاوی لە ماددەکانی (٢٠) و (٣٨) بە دەق باسی لێ کردوون. ئاخر نابێ و ڕەوا نییە دەنگەکانی ئەو هەڵبژێرانە هەڵبوەشێنرێتەوە کە لە زۆرینەی پارێزگاکاندا دەنگیان داوە و هیچ پێشێلکارییەکیان دەرهەق تۆمار نەکراوە، لە ژمارەیەکی کەمی ئێستگەدا نەبێ کە ڕێژەیان ناگاتە (٢٪)ی کۆی ئێستگەکان لە عێراقدا. لە باری دەرچوونی قانوونێکی وەساشدا، دەبوایە بەسەر هەڵبژاردنەکانی ئایندەدا جێبەجێ بکرێ، چونکە نابێ باندۆرێکی بۆ سەر ڕابردوو هەبێ، تەنیا لە هەندێ باری دەگمەندا نەبێ کە قانوونی تازە بۆ تاوانپێکراو باشتر بێ. پێدەچێ ئەو پاڵێوراوە دەرنەچووانەی کە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران بوون، گەرەکیان بووبێ قانوونێکی وەسا پەسند بکەن، چونکە بە قازانجی خۆیان و بۆ گەڕانەوە بووە بۆ سەر کورسییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران، چونکە ئیمتیازاتێکی خەیاڵیان هەبووە و هەیە. لە ٢٠٠٥یشەوە ئەنجوومەنی نوێنەران بەتەنگ بەرژەوەندیی ئەندامەکانی خۆیەوە بووە.

هەرچی ماددەی (٥)ە، سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە پێمان وایە پێچەوانەی چەند حوکمێکی دەستوورییە، لێ پەکخستنی قانوونێکی دیکەشە کە لە لایەن هەمان ئەنجوومەنەوە دەرچووە، ئەو ژی قانوونی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی کۆمیسیۆنە (هەڵوەشاوە) و بە دەقێکی قانوونی هەڵبژاردن لەو کاتدا بەرکار بووە. ئەم قانوونە پشتی بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی وەزیران بەستووە، کە پێمان وایە دەبێ تیشک بخەینە چەند خاڵێك. بۆ زانین کاری کۆمیسیۆن و بریارە کارگێڕی و تەکنیکی و داراییەکانی، دەبێ سەربەخۆ بن لە هەر مایەی خۆتێکردنێکی هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری بە گوێرەی حوکمەکانی دەستوور و قانوونی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی کۆمیسیۆن خۆی (هەڵوەشاوە). چونکە ئەم قانوونی ژمارە (١١)ەیە، چوارچێوەیەکی بۆ ئیشوکاری کۆمیسیۆن و دەسەڵاتەکانی و میکانیزمی تانەلێدان لە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران داناوە. دیارە دەکرێ لە بەردەم قەزادا، تانە لە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران بدرێ و ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش دەبێ بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی کۆمسیاران

دەربچن و بڵاوبکرێنەوە. ماددەی (٨)ی قانوونی هەڵوەشاوە، دەسەڵاتی ئەنجوومەن و میکانیزمی تانەدان لە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی کۆمیسارانی چارەسەر کردووە. بڕگەی (١)ی ماددەی (٨) بە دەق دەڵێ: (ئەنجوومەن دەسەڵاتێکی «حصری» پەیوەست بە جێبەجێکردنی مەدەنییانەی کارڕاییەکانی هەیە و دەبێ ئەنجوومەن هەر کێشەیەکی جینایی حەواڵەی دەسەڵاتە پسپۆڕەکان بکات ئەگەر بەڵگەیەکی دیتەوە کە لەکەی بۆ سەر پاکی و بێگەردیی پرۆسەی هەڵبژاردن تێدا بێ). لەم دەقەوە ئەنجوومەنی کۆمیسیاران، دەسەڵاتێکی (حصری) هەیە لە جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی و ماددەی (١٠٢)ی دەستووریش بە دەق دەڵێ: (کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، دەستەی دەستپاکی، دەستەی سەربەخۆن و لە لایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە چاودێرییان دەکرێ و بە قانوونیش کاروکردەی ئەو دەستانە ڕێکدەخرێ). بەم شێوەیە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەستەیەکی سەربەخۆیە و بەرفەرمانی هیچ کام لە سێ دەسەڵاتە گشتییەکە نییە بە تایبەتی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن، لێ ملکەچی چاودێریی ئەنجوومەنی نوێنەرانە لە ڕێگەی میکانیزمەکانی کاری لیژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا تایبەت بە چۆنێتیی چاودێریکردنەکە. لەم سۆنگەیەوە، پێمان وایە بڕیاری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە جێگە و کاتی خۆیدا نەبووە و بە دەست وەردان لە دەسەڵاتی دەستەیەکی سەربەخۆ دادەنرێ کە دەستوور بە دەق ئاماژە بۆ سەربەخۆبوونی دەکات. هەرچی قانوونە ئەوا بە دەق باس لە میکانیزمی جێبەجێکردنی کارڕاییەکانی کۆمیسیۆن دەکات و لە بارێکیشدا ئەگەر بەڵگە و ئاماژەی ئەوە هەبوون کە خەوش و کون و کەلەبەرێك لە بێگەردیی پرۆسەی هەڵبژاردندا هەیە، ئەوا ئەنجوومەنی کۆمیسیاران خۆی تایبەتمەندە بە حەواڵەکردنی بۆ ئەنجوومەنی دادوەری. بەکردەوەش، پاش ئەوەی دادگەی باڵای فیدراڵی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی خولی سێی ئەنجوومەنی نوێنەرانی لە (٢٠١٤) دا پەسندکرد، ئەوا ئەنجوومەنی کۆمیسیاران بە گوێرەی بڕیارەکانی خۆی، نێزیکەی سێ هەزار فەرمانبەری دەنگدانی حەواڵەی بەردەم قەزا کرد پاش ئەوەی ساغ بۆوە کە لەو ئێستگانەی کاریان تێدا کردووە پێشێلکاری ڕوویداوە، یان ئەنجوومەنی کۆمیسیاران ئەنجامەکانی هەڵوەشاندوونەتەوە.

هەروابێتەوە بەپێی بڕگە (٢)ی مادده (٨)ی قانوونی هەڵوەشاوەی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان، ئەنجوومەنی کۆمیسیاران دەسەڵاتێکی (حصری)

هەیە بۆ سەروبەرکرۆدنی ئەو کێشە و بێشانەی لە ئامادەکردن و جێبەجێکردنی هەڵبژاردنەکاندا دەکەونەوە، جا چ ئەو هەڵبژاردنە نیشتمانی بێ، یان هەرێمایەتی، یان لەسەر ئاستی پارێزگاکاندا. بڕگەی (٤)ی هەمان ماددەش ڕوونی دەکاتەوە کە نابێ تێهەڵچوونەوە لە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی کۆمیسیاراندا بکرێ مەگەر لەبەردەم دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکاندا. ئا بەم شێوەیە ناکرێ و نابێ تانە لەبەردەم هیچ لایەنێکی دیکەدا، بێ لەو دەستە دادوەرییەی کە لە سێ دادوەر پێکدێت، لە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران بدرێ، یان تێهەڵچوونەوەیان بۆ بکرێ. ئەو دەستە دادوەرییە سەیری ئەو تانانە دەکات کە لە لایەن ئەنجوومەنی کۆمیسیارانەوە خراونەتە بەردەمیەوە، یان ڕاستەوخۆ لە لایەن ئەو کەس و لایەنانەوە کە خۆیان بە زەرەرمەندی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران دەزانن. هەرچی هەردوو بڕگەی (٤) و (٥)ی هەمان ماددەن، ئەوا ئاماژە دەکەن بۆ ماوەی بڵاوکردنەوە و پەخشی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران و ماوەی پێشکەشکردنی تانە و ئەو ماوەیەی کە دەبێ دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکان بڕیار لەو تانانە بدات کە برێتییە لە ماوەی دە ڕۆژ لەو ڕۆژەوەی کە ئەو تانانە لە لایەن ئەنجوومەنی کۆمیسیارانەوە حەواڵە دەکرێن. هەرچی بڕگەی (٦) ماددەکەیە تایبەتە بەوەی کە بڕیارەکانی دەستەی دادوەری بنبڕ و کۆتایین و ناکرێ بە هیچ شێوەیەك تانەیان لێ بدرێ. ئاخر بە گوێرەی ماددە (١٩)ی دەستوور، قەزا سەربەخۆیە و هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەرەوە نییە لە قانوون بترازێ و دادوەران سەربەخۆن هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەرەوە نییە بێ لە قانوون و نابێ هیچ دەسەڵاتێکی دیکە مایەی خۆی لە قەزا، یان لە کاروبارەکانی عەدالەت بکات بەپێی ماددە (٨٨)ی دەستوور. ماددە (٤٧)ی دەستووریش دەڵێ: (دەسەڵاتە فیدراڵییەکان لە دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەری پێکدێن و ئیختیساسەکانی خۆیان بە گوێرەی بنەمای لێکجیاکردنەوەی ئەو دەسەڵاتانە پەیڕەو دەکەن). لە سۆنگەی ئەوەی کە ئەم بابەتە خرابووە بەردەم قەزاوە، قەزاش بەو پێیەی دەسەڵاتێکی فیدراڵییە و پراکتیزەی دەسەڵاتەکانی خۆی بە گوێرەی پرەنسیپی لێکجوداکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەکا، بە بۆچوونی ئێمە ناکرێ دەسەڵاتی جێبەجێکردن باندۆر لەسەر کاری قەزا دابنێت، چونکە بێ لە قانوون هیچ دەسەڵاتێکی دیکە لە سەرووی قەزاوە نییە، واتە کار بە گوێرەی قانوونە پێڕەوکراوەکان دەکرێ لە هەر کێشەیەکدا لە بابەتی کێشەلەسەر لەبەردەم قەزادا.

لەم سەرینەوە، دەکرێ بێژین کە بڕیاری بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران

بە پێکهێنانی ئەم لیژنەیە لە جێگەی خۆیدا نەبووە، بە تایبەتی کە خۆی سەرۆکی هەڤاڵبەندییەکی سیاسی بووە و چووەتە ناو کێبەرکێی هەڵبژاردنەوە و لیستێکی تایبەت بە خۆی هەبووە و چەند کورسییەکی بەدەستهێناوە. بەم پێیەش خۆی بووەتە لایەنێکی بابەتەکە، سەرباری ئەوەش کە زۆرینەی وەزیرەکانی کابینەکەی، وێڕای کە گوایا لەبەر تەکنۆکراتبوون کراونەتە وەزیر، لە لایەن لیست و حزبە سیاسییەکانەوە کاندید کرابوون و لەم سۆنگەیەشەوە ئەندامەکانی ئەنجوومەنی وەزیران بەتایبەتیش ئەوانەیان کە دەرنەچووبوون، بە لایەنێکی زیان پێکەوتووی هەڵبژاردنەکان حیساب دەکرێن. وەکوو ئاماژەمان پێ کردووە دەستوور بە ڕاشکاوی و بە دەق دەڵێ: کۆمیسیۆن، دەستەیەکی سەربەخۆیە و لەم سەرینەشەوە ناکەوێتە بن دەسەڵاتی هیچ کام لە هەر سێ دەسەڵاتەکەوە، تەنیا چاودێریی ئەنجوومەنی نوێنەران نەبێ تەبای هەموو دەستە و وەزارەتەکان کە دەکەونە ژێر چاودێریی ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە جا چ دەستوور ئاماژەی بۆ کردبن، یان نا. قانوونیش «ئیختصاص»ی هەر دەسەڵات و دەستەیەك دیاری دەکا و ڕێگەی قانوونی بۆ ئەوانە داناوە کە زیانیان لە بڕیارەکانی ئەو دەستانە لێ دەکەوێ کە چۆن تانەیان لێ بدەن و بەرهەڵستییان بکەن. ئەوەی کە پێوەندیی بە کۆمیسیۆنەوە هەیە، دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکان، ئەو لایەنە دادوەرییە پسپۆڕەیە کە سەیری تانەی ئەو دەستە و کەسانە دەکا کە زیانیان لە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران پێ کەوتووە. ئەوە بەو مانایە نییە کە دیوانی چاودێریی دارایی و دەستەی دەستپاکی و داواکاری گشتی و هەواڵگری، هەر یەکەیان بە گوێرەی «ئیختیصاص»ی خۆیان ناکارن ڕێوشوێنی پێویست دەربارەی ئیشوکاری کۆمیسیۆن بگرنەبەر و لێکۆڵینەوەی تایبەت ئەنجام بدەن بەپێی ئەو ڕێگایانەی کە قانوون بۆی دیاری کردوون. بەڵام بە بڕوای ئێمە نەك لە ڕێگەی پێکهێنانی لیژنەیەکەوە بە فەرمانێکی سەرۆك وەزیران، گریمان فراکسیۆنەکەی ئەو (٧٥) کورسی لە هەڵبژاردنەکان بهێنابایە، ئایا لیژنەیەکی وەسای پێکدەهێنا؟ با بە ڕاشکاوی بێژم من گومانم هەیە. بەڵام ئەوەش فەرامۆش ناکرێ کە ئەو پاڵێوراو و حزبە سیاسییانەی لەو هەڵبژاردنانە دۆڕاون، یان «بەڵگە»یان بەدەستەوەیە کە دەست لە ئەنجامەکان وەردراوە، مافی ئەوەیان هەیە، پەنا بۆ ئەو ڕێگایانە ببەن کە قانوون بۆی دیاری کردوون. بە تایبەتی کە دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکان لە بارەی تانەکانەوە بڕیاری خۆی داوە و کۆمیسیۆنیش کارڕاییەکانی جێبەجێ کردوون، پاش ئەوە دەوری دادگای باڵای فیدراڵی دێت کە دەبێ ئەنجامە کۆتاییەکانی

هەڵبژاردنە گشتییەکان بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران پەسندبکات بە پشت بەستن بە بڕگە (حەفتەم)ی مادده (٩٣)ی دەستوور کە لەوێدا «ئیختیصاص»ی دادگەی ناوبراو دیاریکراوە کە سەیری ئەنجامەکان دەکا و بڕیارەکانی ئەو دادگایەش بنبڕ و پابەندن بە گوێرەی بنەواشەکانی مادده (٩٤)ی دەستوور بۆ هەموو دەسەڵاتەکان.

هەرچی سیستەمی هەڵبژاردنە، ئەوا ئەم هەموارکردنەوەیە لای لێ نەکردووەتەوە، چونکە ئەو هەڵبژاردنانە بە گوێرەی بنەواشەکانی قانوونی ژمارە (٤٥)ی ساڵی (٢٠١٣) و هەموارکراوەکانی بەڕێوەچوون.

سێیەم قانوونی هەموارکردنەوە بەو شێوە ئارەزوومەندانەیە و جێبەجێکردنی و ئەو ئەنجامانەی لێی کەوتنەوە، کەوتنە بەر ڕەخنەیەکی زۆرەوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە چەند دادوەرێك بۆ ژماردنەوە و لێکجوداکردنەوەی دەنگەکان بەدەست دانران، گۆڕانێکی ئەوتۆ لە ئەنجامەکان نەکەوتنەوە، گۆڕانی چەند کورسییەك نەبێ. ئەو گۆڕانانەش هەر هەموویان پێچەوانەی سیستەمی دابەشکردنی کورسییەکان بوون و لە ئەنجامی ئەوەشدا ئەو گۆڕانانە کەوتنە بەر ڤیتۆ و هەڵوەشاندنەوە بە بڕیارەکانی دادگەی باڵای فیدراڵی؛ (بڕیاری ٢١٣/فیدراڵی/٢٠١٨، بڕیاری ٢١٤/فیدراڵی/ ٢٠١٨، بڕیاری ١٧/ فیدراڵی/ ٢٠١٨، بڕیاری ١٥/ فیدراڵی/ ٢٠١٩). بەسەدان تانە پێشکەش بە دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکان کران، لێ هەر هەموویان لە ماوەی (٤٨) سەعاتدا ڕەتکرانەوە، بێ ئەوەی دەستەی دادوەری چاوێکیان لێ بکات، هەر چەند هەندێکیان تانەی ماقوڵ و بەجێ و ڕێش بوون، چونکە بە دوور دەزانرێ قەزا ئەو بڕیارانە هەڵبوەشێنێتەوە کە لەلایەن ئەو دادوەرانەوە دەرچووبن کە خۆی بۆ ئەم مەبەستە دایانبوون. ئەمەش دووپاتی دەکاتەوە کە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان بە ئەرکێکی قەزا بە گوێرەی دەستوور ناژمێردرێ و ئەمەش شێوازی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنمان بیر دەخاتەوە لە لایەن دەسەڵاتی دادوەری لە هەندێ وڵات و سروشتی پرۆسەی هەڵبژاردن و بڕیارە دادوەرییەکان و ماوەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان...

وەك ئەنجامێکی ڕەتکردنەوەی هەموو تانەکان لە لایەن دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکانەوە، هەندێ لە پاڵێوراوە زیان پێ کەوتووەکان بە پشتبەستن بە مادده (٥٢)ی دەستوور پەنایان بۆ دادگەی باڵای فیدراڵی برد، پاش ئەوەی داخوازی و تانەکانیان لە لایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە بۆ دادگەی فیدراڵی نێردران، کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ هەندێکیان کرد.

هەرچی ئەوەی تایبەتیشە بە قانوونی سێیەمین هەموارکردنەوە، ئەوا چەند داوایەك

پێشکەش بە دادگەی فیدراڵی کران و تیایاندا باس لە نا دەستووریبوونی چەند مادده و بڕگەیەکی ئەو قانوونە کرابوو، هەندێ لەو داوایانە ڕەتکرانەوە و گرنگترینیان لە بڕیاری (٩٩، ١٠٤، ١٠٦/ فدراڵی/ ڕاگەیاندن/ ٢٠١٨)دا کۆکرانەوە. بەپێی ئەم بڕیارە، ماددەی (٣)ی قانوونی سێیەمین هەموارکردنەوە بە نادەستووری دانرا، کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە دەرەوەی وڵات و جووڵەی دانیشتوانی پارێزگاکانی ئەنبار و سەلاحەدین و نەینەوا و دیالە و ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان لەناو ئاوارەکانی خێوەتگەکان و دەنگدانی تایبەت و حەپس و زیندانیان و دەنگدانی تایبەت لە هەرێمی کوردستان هەڵوەشێنرانەوە. بەڵام مخابن، ئەنجامی کاری ئەو دادوەرانەی کە بۆ کاری کۆمیسیۆن تەرخان کرابوون، هەمان ئەنجامیان لێ کەوتەوە، بە تایبەتی ئەو ئەنجامانەی پێوەندییان بە هەڵوەشاندنەوەی دەنگەکانی ئاواران لە خێوەتگەکان هەبوو و زۆرینەشیان دەنگی ئێزدی و کریستیانەکان بوون کە لەو خێوەتگایانە دادەنیشتن.

بۆ زانین ئامێرەکانی ژماردن و لێکجوداکردنەوەی ئیلیکترۆنی شیاویی خۆیان سەلماند و زۆر پێشێلکارییان نەهێشت و هەموو حزبێکیان خستەوە قالب و جێگەی ڕاستەقینەی خۆیان لەبەردەم گەلی عێراقدا. ئەمەش بەو مانایە نایێت کە پەردە بەسەر ئەو کەسانەدا بدرێت و بپارێزرێن کە دەستکاری ئەنجامەکان و ساختەکارییان کردووە، چونکە ماقوڵ نییە تۆمەت بە شیر و شمشێر بکرێ لە کردەی کوشتوبڕ و سەربڕیندا، بەڵکە دەبێ تۆمەت بخرێتە ئەستۆی شیربەدەست و ئەو کەسانەی کە فەرمانی کوشتوبڕیان دەرکردووە، ئا ئەوها دەبێ سزای توندی ئەو کەسانە بدرێ و ئەوانەی ڕێگەیان بۆ خۆش کردووە و پەردەیان بەسەردا داوە و سوودمەند بوون، هەرچەند پلە و پایەی وەزیفی و سیاسی و کۆمەڵایەتییان بەرزیش بێ.

## ٤-٢-٩: قانوونی ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران:

ئەنجوومەنی نوێنەران لەم قانوونەدا بڕیاری داوە چیتر پێڕەوی لە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی نەکرێ و لە جێگەیدا سیستەمی زۆرینە جێبەجێ بکرێ، چونکە بەپێی بڕگە (٢)ی ماددەی (١٥)ی ئەو قانوونە، شێوازی پاڵاوتنی لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەندا بەپشتبەستن بە پاڵاوتنی فەردی دیاری کردووە. ئەم شێوازەش لە سیستەمی زۆرینەدا پەنای بۆ دەبردرێ و پێڕەودەکرێ، بەڵام لە چەند

جێیەکدا ئەو قانوونە ئاماژە بۆ لیستیش دەکات. لە مادده (١)ی قانوونەکەدا باس لە لیستی کراوە دەکات کە لەگەڵ سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەییدا دەگونجێ، ئەمەیش میکانیزمی دەنگدانە لەو سیستەمانەدا، هەروا ناوی لیست لە مادده (١١) و مادده (١٤)شدا هاتووە کە کردوویە بە مەرج پاش هەر سێ پیاو، دەبێ ناوی ئافرەتێك دابندرێ. بۆ زانین کارتی دەنگدان لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا لەسەر بنەمای ناوی پاڵێوراوان دیزاین دەکرێ بۆ بردنەوەی ئەو کورسییانەی کە بۆ ئەو بازنەیە تەرخان کراون. هەروابێتەوە لە مادده (٤٦)یشدا ئاماژەی بۆ کراوە.

بڕگەی (٣)ی ماددەی (١٥) باس لە ڕیزبەندی پاڵێوراوان بە گوێرەی بەرزترین دەنگ دەکات و ئەو پاڵێوراوەش بە براوە دادەنرێ چ بەپێی سیستەمی زۆرینەی سادە بێ، یان زۆرینەی ڕێژەیی. ئەوەش ناولێنانێکی قانوونی ڕاست و دروستە، لەکاتێکدا قانوونەکە زاراوەی براوەی یەکەمی بەکارهێناوە و بەپێی ئەم سیستەمەش پێویست بە ڕیزبەندیی پاڵێوراوەکان ناکات تا بزانرێ کێ زۆرترین دەنگی هێناوە تا بە براوەی ئەو بازنەیە دابنرێ. وێدەچێ زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران ئەوە نەزانن کە سیستەمی براوەی یەکەم پێویستی بە بازنەی تاك ئەندامی هەیە، لێ ئەگەر بازنەکە فرە ئەندام بێ، ئەوا سیستەمەکە پێی ناگوترێ سیستەمی براوەی یەکەم، بەڵکە سیستەمێکی دیکەی زۆرینەیە، جا سیستەمی بلۆك (کیتلە) بێ، یان سیستەمی دەنگی سنووردار بێ، یان سیستەمی یەك دەنگی ڕانەگوێزراو. هەروا قانوونەکە شێوازی دەنگدانی هەڵبژێرانی دیاری نەکردووە، چونکە هەر پارێزگایەك کراوەتە چەند بازنەیەکی هەڵبژاردن، واتە بوونەتە چەند بازنەیەکی فرە ئەندام. ئەمەش پێویست دەکات میکانیزمی دەنگدان دیاری بکرێ بە تایبەتی کە ئەو بڕگەیە باس لە ڕیزبەندیی ناوەکان دەکا بە گوێرەی ئەو دەنگانەی بەدەستیان هێناوە. سەیر ئەوەیە ئەو بڕگەیە باس لە سیستەمی براوەی یەکەم دەکا، بەڵام لە کۆتایی هەمان بڕگەدا دەڵێ (ئا ئاوا بە نسبەت پاڵێوراوەکانی دیکە). لەم بارەدا کە دەنگ لە هەر بازنەیەکدا تەنیا بە یەك پاڵێوراو دەدرێ، لەکاتێکدا ئەو بازنانە، بازنەی فرە ئەندامن و لێرەشدا ئەو سیستەمەی کە پێڕەوی لێ دەکرێ بریتییە لە سیستەمی یەك دەنگی ڕانەگوێزراو کە ئەم ماددەیە ئاماژەی بۆ نەکردووە، ئەوەش لە دەقی بڕگەی (٤)ی هەمان ماددەدا دەردەکەوێ کە باس لە دوا کورسی و یەکسانیی دەنگەکانی نێوان دوو پاڵێوراو دەکا بۆ بەدەستهێنانی ئەو کورسییە.

بەگوێرەی سیستەمی یەك دەنگی ڕانەگوێزراو، دەبێ بازنەکانی هەڵبژاردن

بازنەی فرە ئەندام بن نەك تاك ئەندام، بەڵام شێوازی دەنگدان وەکوو شێوازی سیستەمی زۆرینەی سادە (براوەی یەکەم) دەبێ، کە هەڵبژێر تەنیا بۆی هەیە دەنگ بە یەك پاڵێوراو بدات و زێتر لە یەك کورسیی بەتاڵ لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن هەیە و ئەو پاڵێوراوانەی زۆرترین دەنگ دەهێنن ئەو کورسییانە پڕ دەکەنەوە. چەند حزبێن کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان دەرفەتیان بۆ هەڵدەکەوێ کورسی ببەنەوە، دەوەستێتە سەر ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن، چەند ئەو ژمارەیە کەم بێتەوە، هەندەش دەرفەتی ئەو حزبە بچووکانە، یان تازە و لیبراڵی و چەپڕەو و عەلمانییانە کەمتر دەبێتەوە. ئەم سیستەمە لە ئەردەن پێڕەوی لێ کراوە و کۆمەڵێ گرفت و کۆسپی کۆمەڵایەتی و سیاسی لێ کەوتووەتەوە کە بوونەتە مایەی ئەوە دەنگ دژی ئەو سیستەمە بەرز ببێتەوە و داوای گۆڕینی بکەن.

بەڵام لە عێراقدا ڕەوش تەواو بەشێوەیەکی دیکەیە و حزبەکان دەتوانن دەنگ بۆ پاڵێوراوەکانی خۆیان کۆبکەنەوە و لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا دەنگەکان بەسەر پاڵێوراوەکانی خۆیان دابەش بکەن و زۆرینەی کورسییەکانی بازنەکە بۆ خۆیان ببەن بە تایبەتی ئەم سیستەمە لە بازنەگەلێکدا پەنای بۆ دەبردرێ کە ژمارەی ئەندامەکانی کەم بن.

هەرچی خەوشەکانی ئەو سیستەمەیە، جێبەجێکردنی ئەو سیستەمە بە قازانجی حزبە بچووکەکان نییە، چونکە دەنگەکانیان لەسەر ئاستی نیشتمانی پەرتوبڵاون، کە لەوانەیە نەکارن هیچ کورسییەك بەدەست بهێنن. هەروا ئەم سیستەمە تەبای سیستەمی یەك دەنگی ڕاگوێزراوە، دەبێتە هۆی دابەش و دابەشکاریی لەناو حزبە سیاسییەکاندا. چونکە پاڵێوراوەکانی هەر حزبێك لە نێوان خۆیاندا کێبەرکێی یەکتر دەکەن، سەرباری کێبەرکێکردن لەگەڵ پاڵێوراوی حزبەکانی دیکەدا. چونکە هەڵبژێر تەنیا بۆی هەیە لە نێوان چەند پاڵێوراوێکی حزبێکی سیاسیدا تەنیا دەنگ بە یەك پاڵێوراو بدات لە بازنەیەکی فرە ئەندامێتیی هەڵبژاردندا.

وەك دەزانرێ ئەو قانوونە زۆر دژبەری و خەوش و کێماسی تێدایە، چ لە ڕووی داڕشتنی زمانەوانی و قانوونییەوە بێ و چ ناتەبایی نێوان حوکمەکانی ئەو قانوونە. بۆ نموونە، دژبەری نێوان مادده (٤٦) و مادده (١٥). هەروابێتەوە ماددەی (١٦) زێدەیە تەنیا بڕگەی یەکەمی ماددەکە نەبێ، ئەمە سەرباری بوونی سەختی و دژواریی تەکنیکی و کارڕایی لە جێبەجێکردنی چەند ماددەیەکی ئەو قانوونە، بۆ نموونە وەکوو هەردوو ماددەی (٣٨ و ٣٩).

# 4-3: قانوونەکانی هەڵبژاردنی تایبەت بە ئەنجوومەنەکانی ئەو پارێزگا و قەزا و ناحییانەی لە هەرێمێکدا ڕێک نەخراون

**٤-٣-١: قانوونی ژمارە (٣٦)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەکانی ئەو پارێزگا و قەزا و ناحییانەی لە هەرێمێکدا ڕێك نەخراون.**

بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، ئەنجوومەنی نوێنەران قانوونی ژمارە (٣٦)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکانی پارێزگا و قەزاکان دەرکرد و لە (٨ی ١٠ی ٢٠٠٨)دا ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی کۆمار پەسندی کرد.[١٠٨] ئەم قانوونە باس لە بابەتە هەرە گرنگەکانی قانوونەکانی هەڵبژاردن دەکا وەکوو دیاریکردنی سیستەمی پێڕەولێکراوی هەڵبژاردن، مەرجەکانی هەڵبژێر، بازنەکانی هەڵبژاردن، پرۆپاگەندە و هەڵمەتی هەڵبژاردن، تاوانەکانی هەڵبژاردن، دابەشکردنی کورسییەکان بەسەر پاڵێوراواندا و بابەتی دیکە. ئەم قانوونە، ددان بە سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی دادەنێ و دەنگدان بە گوێرەی سیستەمی لیستی کراوە کە پێمان وایە ناوی وردی ئەو سیستەمە (سیستەمی داخراوە لەگەڵ بەباشترزانین). چونکە هەڵبژێر مافی ئەوەی هەیە دەنگ بۆ لیستێك بە گشتی بدات، یان دەنگ بە لیستێك بۆ یەکێ لەو پاڵێوراوانەی کە لەناو لیستەکەدان، بدات.[١٠٩] سنووری کارگێڕیی پارێزگاش، بە یەك بازنەی هەڵبژاردن دانراوە.[١١٠] هەروا ئەو قانوونە مافی پاڵاوتنی بە پاڵێوراوی تاکەکەسیش داوە بە مەرجێك ناوی لە تۆماری کۆمیسیۆندا هەبێ و پەسندی کردبێ.

---

١٠٨- ئەو قانوونە لە ژمارە ٤٠٩١ی ٢٠١٠/١٠/١٣ی ڕۆژنامەی (الوقائع العراقیە) بڵاوکراوەتەوە.

١٠٩- بڕگەی سێیەم لە مادده ٧ی قانوونی ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠٠٨ی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزا و ناحییەکان.

١١٠- بڕگەی یەکەمی مادده ٢٢ی قانوونی ئاماژە پێکراوی سەرەوە.

بۆ ڕوونکردنەوەی حوکم و بنەواشەکانی دیکەی ئەم قانوونی ژمارە (٣٦)ە، دەبێ ئەو تێبینییە گرنگە بخەینەڕوو، بڕگەی (٥)ی ماددەی (١٣) باس لە شێوازی دابەشکردنی کورسییە بەتاڵەکان بەسەر لیست و پاڵێوراواندا دەکا پاش قۆناخی یەکەمی دابەشکردن. واتە دابەشکردنی ژمارەی دەنگەکانی هەر لیست، یان پاڵێوراوێك بەسەر تێکڕای هەڵبژاردندا، لێرەدا کورسی دەمێنێتەوە و دەبێ بێتە دابەشکردن. (لە باری بوونی کورسیی بەتاڵدا، بەو لیستە کراوە براوانە دەدرێ کە زۆرترین دەنگیان هێناوە بە ڕێژەی ئەو کورسییانەی بەدەستیان هێناوە بۆ تەواوکردنی گشت کورسییە تەرخانکراوەکانی هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن).

بێبەشکردنی ئەو لیستانەی کە دەنگەکانیان نەگەیشتووەتە تێکڕای هەڵبژاردن و دوورخستنەوەیان لە قۆناخەکانی دواتری پرۆسەی دابەشکردنی کورسییەکاندا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە لیستە براوەکان کورسیی ئەوتۆ بە ژمارەیەکی دەنگ کە لە تێکڕای هەڵبژاردن کەمترە لە ئەنجوومەنی پاریزگادا بەدەستبهێنن، لەکاتێکدا لیستەکانی دیکەی لێ بێبەش دەکرێ تەنیا لەبەر ئەوەی ژمارەی دەنگەکانیان، با بە یەك دەنگیش بێ، لە تێکڕای هەڵبژاردن کەمتر بووە. ئەمەش پێشێلکردنێکی خواست و ویستی هەڵبژێرە و پێچەوانەی ئامانجەکانی ئەو قانوونەیە کە دەقی بڕگەی (٢)ی ماددەی (٣) دەڵێ: «یەکسانی لە بەشداریی هەڵبژاردندا»، یان وەك بڕگەی (٤)ی هەمان ماددە دەڵێ: «دابینکردنی عەدالەت و ئازادی و بێگەردیی هەڵبژاردنەکان». ئاخر لێرەدا هیچ یەکسانییەك نابینرێ، چونکە دەنگەکانی هەڵبژێران بۆ هەندێ قەوارەی سیاسی دەڕۆن کە ئەوان دەنگیان بە پاڵێوراوەکانی ئەو قەوارانە نەداوە. بێ لەوە ئەمە جیاکارییەکە لە نێوان حزب و ئیئتلافە گەورەکان و قەوارە بچووکەکاندا، ئەمە بێ لە نادادپەروەری لە دابەشکردنی کورسییەکاندا، خۆی لە خۆیدا پێچەوانەی حوکمەکانی دەستوورە دەربارەی ئازادیی دەربڕین و پێچەوانەی گرنگترین خەسڵەت و ئامانجی سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەییە، ئەویش دابینکردنی نوێنەرایەتییە بۆ سەرجەم توێژ و قەوارە و حزبەکان بە گوێرەی ڕێژەی نوێنەرایەتی و قورساییان لە کۆمەڵگەدا. ئاخر ژمارەی ئەو کورسییانەی کە لیستە براوەکان بەدەستیان هێناوە، بە قەد نوێنەرایەتیی ڕاستەقینە و قورسایی ئەوان نییە لەناو کۆمەڵگەدا. ئەمەش هەڵگێڕانەوەی واقیع و گزی و ساختەکارییە لە ئەنجامەکانی دەنگداندا. کۆی دەنگە ڕاستەکان لە تەواوی پارێزگاکاندا بریتی بووە لە (٧،١٤٣،٦٥٦) دەنگ و کۆی گشتی دەنگەکانی قەوارە براوەکان بریتی

بووه لە (٤،٨٧٧،٨٨٧) دەنگ، واتە بە ڕێژەی (٦٨,٢٩٪)ی کۆی دەنگە ڕاستەکان بووە. هەرچی کۆی دەنگە ڕاستەکانی ئەو قەوارانەیە کە هیچ کورسییەکیان پێ نەبڕاوە، بریتی بووە لە (٢،٢٦٥،٧٦٩) دەنگ، واتە بە ڕێژەی (٣١,٧١٪) بووە. ئەمەش ڕێژەیەکی گەورەیە لە دەنگەکانی هەڵبژێران کە بۆ بەرژەوەندیی حزب و لیستە گەورەکان ڕۆیشتووە و کورسیگەلێکیان پێ بەدەست هێناوە کە لە بنەڕەتدا هی ئەوان نەبووە و بە دژی خواست و ویستی ئەو هەڵبژێرانە بووە. ئەگەر ئەو دەنگانە بکەینە ژمارەی کورسی، ئەوا دەبنە (١٤٠) کورسی لە کۆی ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەکانی پارێزگاکان، کە بۆ بەرژەوەندیی هاوپەیمانێتییە گەورەکان دووبارە دابەش کراونەتەوە.

## ٤-٣-٢: قانوونی ژمارە (٤٤)ی هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (٣٦)ی ساڵی (٢٠٠٨)[١١١] ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاکان

بە گوێرەی ئەم هەموارکردنەوەیە، لە هەندێ ئەنجوومەنی پارێزگادا، کورسی بۆ پێکهاتەکان دانـدراوە. سۆنگەی گەڵاڵەکردن و دانـان و پەسندکردنی ئەم قانوونە ئەوە بووە کە (دەرفەت بە پێکهاتەکان بدرێ لە ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا نوێنەرایەتییان هەبێ و دەنگی خۆیان بەملا و ئەولادا ڕابگەیەنن و گیروگرفت و مافەکانیان تێدا بخەنە ڕوو).

ئـەو پێکهاتانەی کە لە ئەنجوومەنی هەندێ پـارێـزگـادا[١١٢] کورسییان بۆ تەرخانکراوە بریتین: لە پارێزگای بەغدا کورسییەك بۆ کریستیانان (دیان/ فەلە) و کورسییەکیش بۆ سابیئەی مەندایی تەرخان کراون. لە پارێزگای نەینەوا کورسییەك بۆ کریستیانان و کورسییەك بۆ ئێزدییەکان و کورسییەکیش بۆ شەبەکەکان تەرخان کراون. لە پارێزگای بەسرەش، تەنیا کورسییەك بۆ کریستیانان دانراوە.

لە (٣١ی ١ی ٢٠٠٩)دا، لە (١٥) پارێزگای عێراقدا، هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان و کەرکووك نەبن، لە کەشێکی پڕ کێبەرکێی حزبیدا هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکان کراوە.

---

١١١- ئەو قانوونە لە ژمـارە ٤٠٩٨ی ڕۆژی ٢٤ی ١ی ٢٠١٠ی ڕۆژنـامـەی (الوقائع العراقيه) بڵاوکراوەتەوە.

١١٢- سەیری بڕگەکانی (١ و ٢ و ٣)ی یەکەم لە ماددەی (١) قانوونە هەموارکراوەکە بکە.

### ٤-٣-٣: قانوونی دووەمین هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (٣٦)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاکان کە ژمارە (٥٤)ی ساڵی (٢٠١٢)ی پێ دراوە

وەکوو ئامادەسازییەك بۆ هەڵبژاردنی خولی سێیەمی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، ئەنجوومەنی نوێنەران قانوونی ژمارە (٣٦)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاکانی لە چەند جێیەك هەموار کردەوە. بە گوێرەی ئەم هەموارکردنەوەیە، سیستەمی هەڵبژاردن هەروەکوو خۆی ماوەتەوە و هیچ دەستکارییەکی تێدا نەکراوە. لێ گۆڕان لە ژمارەی ئەو کورسییانەدا کراوە کە بۆ پێکهاتەکان دانراون لەو پارێزگایانەی خوارەوەدا:

بەغدا: کورسییەك بۆ کریستیانان، یەك بۆ سابیئە، یەك بۆ کوردانی فەیلی و یەکیش بۆ تورکمانان، واتە (٤) کورسی بۆ پێکهاتەکان لەم پارێزگایە تەرخانکراون.

نەینەوا: کورسییەك بۆ کریستیانان، یەك بۆ ئێزدییان و یەکیش بۆ شەبەکەکان.

بەسرە: یەك کورسی بۆ کریستیانان.

واست: یەك کورسی بۆ کوردانی فەیلی.

بەمجۆرە ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکان بۆ پێکهاتەکان بوونە (٩) کورسی لەکاتێکدا لە یەکەمین هەموارکردنەوەی قانوونەکەدا (٦) کورسییان بۆ داندرابوو.

### ٤-٣-٤: قانوونی ژمارە (١١٤ی ساڵی ٢٠١٢)ی هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (٣٦)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاکان

لە سۆنگەی ئەو هەموو ناڕەزایی و تانانەی کە لیستە هەڤرکەکان لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ی ئەنجوومەنی پارێزگاکانیان دابوون، بە تایبەتی دابەشکردنی کورسییە بەتاڵەکان و ڕاگواستنەوەی دەنگەکانی لیستە دۆڕاوەکان بۆ لیستەکانی دیکە کە لە قۆناخی یەکەمی دابەشکردندا کورسییان بەرکەوتبوو. هەوەڵجار هەندێ لەو تانانەی لە ئەنجامەکان پێشکەش بە دەستەی دادوەریی هەڵبژاردنەکان کرابوون، ڕەتکرانەوە، ئەو لایەنانە ڕوویان لە دادگەی باڵای فیدراڵی نا. دادگەی باڵاش بە بڕیاری ژمارە (٦٧/ فیدراڵی/ ٢٠١٢) لە (٢٢ی ١٠ی ٢٠١٢)دا ئاماژەی بەوە داوە کە بڕگەی (٥)ی مادده (١٣) لە قانوونی ژمارە (٣٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) دەستووری نییە و پێچەوانەی حوکمەکانی مادده

(٢٠) و مادده (٣٨ یەکەم)ی دەستووره، کە پێوەندی بە ئازادیی ڕادەربڕینەوە هەیە، هەروا پێچەوانەی ماددەی (١٤)ی دەستووری عێراقیشە. لە سەرینی ئەمەشەوە، ئەنجوومەنی نوێنەران نووسراوی ژمارە (٩/١/ ٩٤٧٩)ی لە (١١/١١/ ٢٠١٢) بۆ کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق نارد و داوای لێ کردن پێشنیاری خۆیان بۆ هەموارکردنەوەی ئەو ماددەیە، بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران بنێرن. بۆ ئەمەش تەواوی ئەو سیستەمانەی هەڵبژاردن درانە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە پاش پرۆسەی یەکەمی دابەشکردن هیچ کورسییەکی بەتاڵییان تێدا نامێنێتەوە، واتە کاتێ کە ژمارەی دەنگەکانی هەندێ لە لیستەکانی هەڵبژاردن ناگەنە تێکڕای هەڵبژاردن لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا. لەوما کۆمیسیۆنی باڵا پێشنیاری بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران کرد کە سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی وەکوو خۆی بهێڵنەوە لەگەڵ پێڕەویکردن لە یەکێ لەم دوو فۆرمۆڵەیە، یان فۆرمۆڵەی سانت لاگ، واتە دابەشکردنی دەنگە ڕاستەکانی هەر لیستێکی هەڵبژاردن لە هەر بازنەیەکدا بەسەر ژمارە تاکەکانی وەك (١، ٣، ٥، ٧، ٩) و بەمشێوەیە و پاشان دابەشکردنی کورسییە تەرخانکراوەکانی بازنەی هەڵبژاردن بەسەر لیستە هەڤرکەکاندا بە گوێرەی بەرزترین بەرکەوتەی دابەشکردن لە سەرەوە بۆ خوارەوە و بەیەکجار تەواوی کورسییەکانی بازنەکە پڕ بکرێنەوە، یان ئەوەتا دەنگە ڕاستەکانی هەر لیستێکی هەڵبژاردن بەسەر (١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧...)دا بێنە دابەشکردن و پاشان کورسییەکان بە گوێرەی بەرزترین بەرکەوتەی دابەشکردن لە سەرەوە بۆ خوارەوە بێنە دابەشکردن و بەیەکجار هەموو کورسییەکان پڕ بکرێنەوە، واتە فۆرمۆڵەی هۆندت. ئا بەم شێوەیە، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بە نووسراوی ژمارە (خ/١٢/٩٢٦) لە (٢٠١٢/١١/١٤)دا وەڵامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی دایەوە و پێشنیاری پێ کردن کە یەك لەم دووانە؛ واتە شێوازی سانت لاگ، یان هۆندت جێگیربکەن.

شایانی گوتنە، لیژنەی قانوونیی ئەنجوومەنی نوێنەران نووسراوێکی بە ژمارە (٥٩٣) لە (١٢ی ١٢ی ٢٠١٢)دا بۆ کۆمیسیۆنی باڵا ناردەوە و داوای لە کۆمیسیۆن کردووە کە بۆچوونی خۆی دەرببڕێ ئایا دەکرێ لە ڕووی تەکنیکییەوە بەپێی پێشنیاری فراکسیۆنێکی پارلەمانیی سیستەمێکی هەڵبژاردن، واتە سیستەمی زۆرینەی سادە (براوەی یەکەم) جێبەجێ بکرێ و هەر پارێزگایەك بەپێی ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی، بکاتە ئەوەندە بازنە، واتە پاڵاوتن بکاتە تاکەکەسی

له بازنەگەلێکی تاك ئەندامیدا. بەپێی نووسراوی ژمارە (خ/ ١٠٢٩/١٢) له (٢٠١٢ /١٢/١٣)دا کۆمیسیۆن ئەو پێشنیارەی ڕەتکردووەتەوە، بەو بڕوایەی کە جێبەجێکردنی ئەو پێشنیارە پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە و لەگەڵ نوێنەرایەتیی سەرجەم پێکهاتەکان و ئاراستەکانی ناو کۆمەڵگەی عێراقیدا ناگونجێت.

لەئەنجامدا، ئەنجوومەنی نوێنەران دەنگی بۆ هەڵوەشاندنەوەی مادده (١٣) ی قانوونی ژمارە (٣٦) داوە و لە قانوونی چوارەمین هەموارکردنەوەدا بڕیاری پێڕەویکردن لە سیستەمی سانت لاگی داوە، هەرچەند بە ڕاشکاوی و بە دەق لە قانوونەکەدا ئاماژە بۆ ئەم فۆرمۆڵەیە نەکراوە.

له (٢٠ی ٤ی ٢٠١٣)دا، هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنەکانی ئەو پارێزگایانە کراوە کە لە هەرێمێکدا ڕێك نەخراون، بەڵام بە پاساوی ناجێگیریی ڕەوشی تەناهی لە هەردوو پارێزگای ئەنبار و نەینەوا و بە بڕیاری سەرۆکوەزیرانی عێراق، هەڵبژاردن لەو دوو پارێزگایە دواخرا. هەرچەند باری ئاسایش لە پارێزگای ئەنبار لەو کاتدا لەچاو ڕەوشی پارێزگای بەغدا لەبارتر بووە و تەنیا پاش دوو مانگ، لە (٢٠ی ٦ی ٢٠١٣)دا لە هەردوو پارێزگای ناوبراویشدا هەڵبژاردنیان تێدا کراوە و، سیستەمی سانت لاگیان تێدا جێبەجێ کراوە و لە ئەنجامدا گۆڕان لە نەخشەی سیاسی ڕوویداوە و ڕێژەی نوێنەرایەتی حزبەکان لە هەردوو ئەنجوومەنی ناوبراودا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووەتە هۆی ئەوەی کە لە چەند پارێزگایەکدا حزبی دەعوە پۆستی پارێزگاریان لە دەست نەمێنێ.

### ٤-٣-٥: قانوونی ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠١٨)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاکان

پاش ئەوەی فۆرمۆڵەی سانت لاگ لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٢دا پێڕەو کراوە، گۆڕان بەسەر پێکهاتەی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا هاتووە و بەڕێوەبەرایەتیی حکوومەتە خۆجێییەکان و هەڵبژاردنی پارێزگارەکان، لە ئەنجامی ڕاڕایی فراکسیۆنە حزبییەکانی ناو ئەو ئەنجوومەنانە سەقامگیرییان بەخۆیانەوە نەدیتووە. لەوما حزبە سیاسییە گەورەکان کەوتنە خۆ بۆ هەموارکردنەوەی فۆرمۆڵەی سانت لاگ لە ڕێگەی دەسکاریکردنی قانوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانەوە. لێ ئەنجوومەنی وەزیران بۆ گەڵاڵەکردنی قانوونێکی نوێی هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاکان و ئەنجامدانی هەندێ گۆڕانکاریی ڕیشەیی، پاش گفتوگۆیەکی

چەند مانگە کە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش بەشداری لە هەندێ لەو گفتوگۆیانەدا کرد، گەڵاڵەنامەی ئەو قانوونەی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران نارد و پاش گفتوگۆیەکی چڕ وپڕ و گۆڕان لە پڕۆژەکە و دەنگدان، قانوونی ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠١٨) دەرچووە و لە ژمارە (٤٤٩٤)ی ڕۆژنامەی وەقائعی عێراقی لە (٤ی حوزەیرانی ٢٠١٨)دا بڵاوکراوەتەوە.

لە ناونیشانی قانوونەکەدا دەردەکەوێ کە بڕیاری هەڵوەشانەوەی هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنی ناحییەکان دراوە و تەنیا و تەنیا هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاکان دەکرێ، هەرچەند تا ئێستە و پاش تێپەڕبوونی (١٢) ساڵ بەسەر دەرچوونی قانوونی ژمارە (٣٦)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزا و ناحییەکاندا، هەرگیز ئەنجوومەنی قەزا و ناحییەکان هەڵنەبژێردراون. ئەمەش بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە کە ئێرە جێگەی باس نییە. قانوونی ژمارە (١٢)ی ئاماژەپێکراو، سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی و فۆرمۆڵەی سانت لاگ-ی وەکوو خۆی هێشتووەتەوە، بەڵام دەسکاریی فۆرمۆڵە ژمێریارییەکەی کردووە بە جۆرێك کە لە بەرژەوەندیی فراکسیۆنە پارلەمانییەکانی حزبە گەورەکاندا بێ بەشێوەیەك کە پرۆسەی دابەشکردنی دەنگەکان بەسەر ژمارەکانی (١,٧، ٣، ٥، ٧، ٩) دابەش بکرێ نەك وەکوو فۆرمۆڵە بنەڕەتییەکە بە (١، ٣، ٥، ٧، ٩) دەست پێ دەکات.

هەرچی تایبەتیشە بە کورسیی پاڵێوراوەکانی پێکهاتەکان، ئەوا بە گوێرەی ماددە (١٥)ی قانوونەکە هەموار کراوەتەوە و ئەو کورسییەی کە بۆ تورکمانەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگای بەغدا تەرخانکرابوو، لەسەر داخوازی پەرلەمەنتارە تورکمانەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا هەڵوەشێنراوەتەوە و کورسییەك لە بۆ سابینەی مەندایی لە ئەنجوومەنی پارێزگای میسان و کورسییەکیش بۆ کریستیانان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك بە گوێرەی بڕگەی (٥)ی ماددە (٣٥)ی قانوون زێدەکراون. بە گوێرەی بڕگەی (٢)ی ماددە (١٥)ەش، سیستەمی زۆرینەی سادە بۆ دابەشکردنی کورسییە تەرخانکراوەکانی پێکهاتەکان پێڕەوکراوە.

ل گۆڕ ماددەی (٤٥)ی قانوونی ناوبراو، ئەو کەسانەی لەناو دەسەڵاتی جێبەجێکردن کار و فەرمانیان پێ سپێردراوە، بۆیان نییە خۆیان بۆ ئەندامێتیی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاکان بپاڵێون، مەگەر پێش شەش مانگ لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکاندا دەستیان لە کار کێشابێتەوە. بە گوێرەی ماددە (٤٦)یش،

پرۆسەی دەنگدانی تایبەت، واتە دەنگدانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و عەسکەر، لە هەمان ڕۆژی دەنگدانی گشتیدا بەڕێوەدەچێت. ئەم حوکمە، حوکمێکی سەیر و لە بواری کردەنیشدا بەزەحمەت جێبەجێ دەکرێ، چونکە چەمکی دەنگدانی تایبەت، بریتییە لە دەرفەتدان بەو هەڵبژێرانەی کە هەلومەرج و کاودانی کار و پیشەکەیان (بەتایبەتی عەسکەر) ڕێگەیان پێ نادا لە ڕۆژی دەنگدانی گشتیدا بێنە مەڵبەندەکانی دەنگدان و دەنگی خۆیان بدەن، چونکە ئەوانە ئەرکێکیان پێ سپێردراوە و ژمارەیەکی زۆریشیان، بە تایبەتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، ئەرکی پاراستنی مەڵبەندەکانی دەنگدان، مەڵبەندەکانی تۆمارکردن، ئۆفیسەکانی کۆمیسیۆن لە پارێزگاکان و کۆگەکانی کەرەستەکانی دەنگدانیان خراوەتە ئەستۆوە.

لێ ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەو قانوونە ئاماژەی بۆ میکانیزمی دەنگدان و بەکارهێنانی کارتی هەڵبژێر، چ بایۆمیتری بێ و چ ئیلیکترۆنی، نەکردووە هەرچەندە لەکاتی دەرچوونی ئەو قانوونەدا کۆمیسیۆن هەنگاوێکی گەورەی لە پرۆسەی تۆمارکردنی بایۆمیتریی هەڵبژێران هەڵێنابووەوە کە قانوونی ناوبراو لە بڕگەی (١٤)ی ماددە (١)دا لە ناو پێناسەکاندا قامکی بۆ ڕاکێشاوە. بێ لەوەش، قانوونەکە ئاماژەی بۆ پرۆسەی ژماردن و لێکجوداکردنەوەی ئیلیکترۆنیش نەکردووە کە لە هەڵبژاردنەکانی (١٢ی ٥ی ٢٠١٨)ی ئەنجووومەنی نوێنەراندا بەکارهێنراوە، هەر بۆ زانینیش ڕێزدار سەرکۆمار پاش ئەوە و لە (٢٢ی ٥ی ٢٠١٨)دا ئەو قانوونەی ڕاستاندووە و پشتڕاست کردووەتەوە.

ماددەی (٢)ی قانوونی سێیەمین هەمواركردنەوە، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٨) ی قانوونی ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێکدا ڕێك نەخراون، ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاکانی کەم کردبووەوە بە شێوەیەك کە ئەنجوومەنی پارێزگا لە (١٠) ئەندام پێکبێت، ئەگەر دانیشتوانی هەر پارێزگایەکیش بە گوێرەی ئامارەکانی کارتی خۆراك لە ملیۆنێك زۆرتر بێ، ئەوا بۆ هەر (٢٠٠٠٠٠) کەس کورسییەکی دیکە زێدە دەبێ، بە مەرجێك کۆی گشتی ئەندامانی ئەنجوومەنی هەر پارێزگایەك لە (٣٥) ئەندام پتر نەبێ. هەرچی ئەنجوومەنی قەزاشە، ئەوا دەبێ لە (٧) ئەندام پێکبێت. خۆ ئەگەر دانیشتوانی هەر قەزایەکیش لە نیو ملیۆن کەس زێتر بێ، ئەوا بۆ هەر سەد هەزار کەس، کورسییەکی دیکە زێدە دەکرێ.

**٤-٣-٦: قانوونی یەکەمین هەموارکردنەوەی بۆ قانوونی ژمارە (١٢) ی ساڵی (٢٠١٨)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێکدا ڕێك نەخراون و ئەو قەزایانەی سەر بەو پارێزگایانەن، کە ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠١٩)ی دراوەتێ**

ئەو قانوونە، وەك ئاماژەی بۆ کراوە، تەواوکەری قانوونی ژمارە (١٢) بووە سەرباری وەی کە دەسکاری هەندێ ماددەی دیکەی قانوونی ناوبراوی کردووە. ماددەی (٣)ی ئەم قانوونە مەرجەکانی هەڵبژێری هەموارکردووەتەوە و لەمبارەوە بڕگەی (٤)ی ماددە (٥)ی قانوونی ژمارە (١٢)ی دەسکاری کردووە و کردوویەتیە مەرج کە دەبێ هەڵبژێر، ئەوانەیان نەبێ کە لەدایکبووی (٢٠٠٠، ٢٠٠١، ٢٠٠٢)ن، ناوی لە تۆماری هەڵبژێراندا هەبێ و کارتی بایۆمیتریی درێژخایەنی پێ بێت، وە ئەگەر ڕێژەی دابەشکردنی کارتی بایۆمیتری لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا نەگەیشتە ٧٥٪، ئەوا دەکرێ هەردوو کارتی بایۆمیتریی درێژخایەن و کارتی ئیلیکترۆنیی کورتخایەن لە کاتی دەنگداندا پیشان بدرێ لەتەك دوو بەڵگەنامەی دیکەی فەرمی کە دەبێ یەکێکیان ناسنامەی باری کەسێتی، یان کارتی نیشتمانی بێ. لێ لە کاتی دەنگدان بەو قانوونە، ئەو حوکمە مانای خۆی هەبووە، بەڵام پاش ئەوەی لەدایکبووانی (٢٠٠٣)ش مافی دەنگدانیان دەبێ، ئەو مەرجە شتێکی پەسندکراو نییە و ئیدی مەرجی دابەشکردنی کارتی بایۆمیتری چ بگات بەو ڕێژە دیاریکراوە یان نا، ناکرێ کاری پێ بکرێ. پاش تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر دەرچوونی ئەو قانوونەدا، وای دانێ حکوومەت توانیبێتی هەلومەرج و کاودان گونجاوتر بکا و بودجەی بۆ کۆمیسیۆن دانابێ کە بکارێت ژمارەیەکی زۆرتری هەڵبژێران تۆمار بکا، چ ئەوانەی لەدایکبووی تازەن و چ لەدایکبووی دیکەن و کارتی بایۆمیتریی درێژخایەنیان بۆ دەربهێنێ. ئاخر بەکارهێنانی دوو جۆرە کارتی هەڵبژێران، دەرفەت بۆ بەشداربووانی پرۆسەی هەڵبژاردن و چاودێران دەکاتەوە کە گومان لە پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن.

ماددەی (٥)، مەرجەکانی پاڵاوتنی هەموارکردۆتەوە و تەمەنی پاڵاوتنی بۆ (٢٨) ساڵ لە ڕۆژی دەنگدانەوە کەم کردووەتەوە. دەبوایە ئەوە لە ڕۆژی خۆ پاڵاوتن بووایە نەك لە ڕۆژی دەنگداندا، چونکە بابەتی پشتڕاستکردنەوەی ئەو مەرجی تەمەنە لە لایەن کۆمیسیۆنەوە کارێکی پڕ زەحمەتە. هەروا ئەو ماددەیە ڕێگەی بە لیستە ڕکابەرەکانی هەڵبژاردنیش داوە کە ڕێژەیەك لە (٢٠٪) زۆرتر نەبێ لە

لیستی پاڵێوراوان، خودان بڕوانامەی دبلۆم، یان ئامادەیی، یان هاوشانەکانیان بن، لەکاتێکدا بەپێی قانوونی ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠١٨) دەبوایە پاڵێوراو، خودان بڕوانامەی بەکالۆریۆس بوایە. ئەم هەموارکردنەوەیە ساغی دەکاتەوە کە یاسادارێژی عێراقی لە دیاریکردنی مەرجەکانی پاڵاوتندا، لەسەر ڕایەك نەماوەتەوە و ئەوەش بەندە بە باڵادەستیی فراکسیۆنەکانی ناو پارلەمان و ئاقار و مەودای سەپاندنی حەز و ئارەزووی خۆیان لە قانوونی هەڵبژاردندا، جا چ بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران بێ و چ بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکان.

هەروابێتەوە، قانوونی هەموارکردنەوە، سیستەمی هەڵبژاردن، واتە سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی ل گۆڕ لیستی کراوە و بەپێی فۆرمۆڵەی سانت لاگ-ی وەکوو خۆی هێشتووەتەوە. بەڵام ئەم قانوونە فۆرمۆڵە ژمێریارییەکەی جارێکی دیکە هەمواركردووە کە پرۆسەی دابەشکردنی دەنگە ڕاستەکانی بەسەر ئەو ژمارەکانی (١,٩، ٣، ٥، ٧، ٩، ١١) لێ کردووە. لەکاتێکدا فۆرمۆڵە ژمێریارییەکەی قانوونی ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠١٨) بەمشێوەیە بوو: (١,٧، ٣، ٥، ٧، ٩..). ئەمەش وای کردووە کە ئەو فۆرمۆڵە نوێیە زێتر لە فۆرمۆڵەی (هۆندت) نزیك بێتەوە.

ئەمەش ساغی دەکاتەوە کە حزبە گەورەکانی ناو ئەنجوومەنی نوێنەران هەوڵیان بۆ ئەوە بووە، پاش کەمکردنەوەی ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، دەست بەسەر کورسییەکانی ئەو ئەنجوومەنانەشدا بگرن و مافی حزبە بچووك و تازەکان زەوت بکەن و بەشدارییان لە ئەرکەکانی ئەو ئەنجوومەنانەدا پێ نەکەن. بەم پێیەش ئەو ئەنجوومەنانە نوێنەرایەتی سەرجەم ڕۆڵەکانی پارێزگا ناکەن، بەڵکە تەنیا و تەنیا دەربڕی خواستی زۆرینەی فەرمانڕەوا دەبن.

یاسادارێژی عێراقی، بەپێی ماددەی (١١)ی قانوونی هەموارکردنەوە، کارێکی باشی کردووە کە پرۆسەی هەژماردن و لێکجیاکردنەوەی دەنگەکانی کردووە بە ئیلیکترۆنی. هەرچی ماددەی (١٣)ی قانوونی هەموارکردنەوەیە، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی پابەندکردووە کە دەبێ وردبینی لە تۆمارەکانی هەڵبژێران لە پارێزگای کەرکووکدا بکەن و کارتی خۆراك لەگەڵ ناسنامەی باری کەسێتی پێکبگرن تا (٢٠٢٠/١٢/٣١)و ئەو ناوانە بسڕنەوە کە لەو دوو تۆمارەی هەڵبژێرانی پارێزگاکەدا تێکناکەنەوە، ئەو هەڵبژێرانەی لێ دەرچێ کە بە ڕێکارەکانی لیژنەی گەڕان بەدوای ڕاستییەکاندا تێپەڕیون کە ل گۆڕ ماددە

(١٤٠)ی دەستوور لە پارێزگای کەرکووك پێکهێنراوە.

مادده (١٤)ی قانوونی هەموارکردنەوە، مادده (٤٥)ی قانوونی ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠١٨)ی هەڵوەشاندووەتەوە کە دەبێ ئەو کەسانەی لە بواری دەسەڵاتی جێبەجێکردن کاردەکەن لە پلەی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی و بەسەرەوە، بەلانی کەمەوە شەش مانگ پێش خۆپاڵاوتن بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاکان دەست لەکار بکێشنەوە. ئەمەش دیسان نیشانی دەدا کە قانوونەکانی هەڵبژاردن جێگیر نەبوون.

لە مادده (١٥)ی قانوونی هەموارکردنەوەدا، ڕۆژی دەنگدانی تایبەت کراوە بە (٤٨) سەعات پێش دەنگدانی گشتی. بەمەش یاسادارێژ کارێکی باشی کردووە کە دەنگدانی تایبەتی پێش دەنگدانی گشتی خستووە و بڕیاری داوە کە دەبێ بە کارتی بایۆمیترییەوە دەنگی خۆیان بدەن. ماددەیەکی نوێش بە زنجیرەی (٥٠) بۆ قانوونی ژمارە (١٢) زێدەکراوە کە پێوەندی بە ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانەوە هەیە و لە دووەم هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی قانوونی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزایەکان ڕاگوێزراوەتەوە. بەڵام مەرجی زێدەنەکردنی ژمارەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی هەر پارێزگایەك لە (٣٥) کورسی هەڵوەشێنراوەتەوە و ئەمەش تەنیا باندۆری بۆ سەر زێدەکردنی ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای بەغدا هەبووە.

| پارێزگا | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی کورسی بەپێی دانیشتوان | ژمارەی کورسیی پیاوان | ژمارەی کورسیی ئافرەتان | ژمارەی ئافرەتان بە پێی ڕێژەی ٢٥٪ | پێکهاتەکان | تێبینی | ژمارەی گشتیی کورسییەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەسرە | 2985073 | 20 | 15 | 5 | 5 | 1 | کریستیان | 21 |
| قادسیە | 1325031 | 12 | 9 | 3 | 3 | | | 12 |
| موسەنا | 835797 | 10 | 7 | 3 | 3 | | | 10 |
| نەجەف | 1510338 | 13 | 10 | 3 | 3.25 | | | 13 |
| بابل | 2119403 | 16 | 12 | 4 | 4 | | | 16 |
| بەغدا | 8340711 | 47 | 35 | 12 | 11.75 | 3 | کریستیان، سابیئە، کوردی فەیلی | 50 |
| دیالە | 1680328 | 13 | 10 | 3 | 3.25 | | | 13 |
| زیقار | 2150806 | 16 | 12 | 4 | 4 | | | 16 |
| سەلاحەدین | 1637232 | 13 | 19 | 3 | 3.25 | | | 13 |
| کەربەلا | 1250806 | 11 | 8 | 3 | 2.75 | | | 11 |
| کەرکووک | 1639953 | 13 | 10 | 3 | 3.25 | 1 | کریستیان | 14 |
| میسان | 1141966 | 11 | 8 | 3 | 2.75 | 1 | سابیئە | 12 |
| نەینەوا | 3828197 | 24 | 18 | 6 | | 3 | کریستیان، ئێزدی، شەبەک | 27 |
| واست | 1415034 | 12 | 9 | 3 | 3 | 1 | کوردی فەیلی | 13 |
| کۆ | 33678525 | 245 | 183 | 62 | 61.25 | 10 | | 255 |

**٤-٣-٧: قانوونی دووەمین هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠١٨)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاکان، کە ژمارە (٢٦)ی ساڵی (٢٠١٩)ی دراوەتێ**

سەرکۆمار قانوونی دووەمین هەموارکردنەوەی لە (٤ی ١٢ی ٢٠١٩)دا پشتڕاستکردەوە و لە ژمارە (٤٥٦٦)ی ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراقی لە (٩ی ١٢ی ٢٠١٩)دا بڵاوکراوەتەوە. بەپێی ماددەی (١)ی ئەو هەموارکردنەوەیە، کۆتایی بە کاری ئەنجوومەنی ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێکدا ڕێك نەخراون لەگەڵ قەزا و ناحییەکانیان هێنراوە، بە مەرجێ پارێزگار و هەردوو جێگرەکەی لە ڕاپەڕاندنی ئەرك و فەرمانەکانی خۆیاندا بەردەوام بن بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لە قانوونی هەموارکراوی ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێکدا ڕێك نەخراون دەقبەندکراون، بەدەر لە ماددەی (٣٠)ی قانوونی ئاماژە پێکراوی ژمارە (٢١) و بەپێی مادده (٢)ی قانوونی هەموارکردنەوە. هەمان شتیش بە گوێرەی ماددەی (٢)ی قانوونی هەموارکردنەوە، ژمارە (٢٧)ی ساڵی (٢٠١٩) بەسەر بەڕێوەبەری فەرمانگەکان لەو پارێزگایانەدا جێبەجێ دەکرێ.

# 5: قانوونەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا

## 5-1: قانوونەکانی هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان

### ٥-١-١: قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق

ل گۆڕ قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق و قانوونی ژمارە (٢)ی هەمان ساڵی هەڵبژاردنی ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریی کورد کە سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانی دەری کردبوون، لە (١٩ی ٥ی ١٩٩٢)دا بەهەڤڕا هەڵبژاردن بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق و گەڕی یەکەمی هەڵبژاردنی ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریی کورد کراوە. لەم دوو هەڵبژاردنەدا، پێڕەوی لە سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی ل گۆڕ لیستی داخراو کراوە. کورسییەکان بەپشتبەستن بە تێکڕای هەڵبژاردن بەسەر لیستە براوەکاندا دابەشکراون. واتە هەر لیستێکی هەڵبژاردن بە پشتبەستن بە ژمارەی دەنگەکانی پاش دابەشکردن بەسەر تێکڕای هەڵبژاردن، ئەوەندە کورسی بەدەستهێناوە و ڕێزبەندیی پاڵێوراوە دەرچووەکانیش بەپێی زنجیرەی ناوی پاڵێوراوەکانی لیست بووە. هەرچی ئەو کورسییانەی کە لە پرۆسەی یەکەمی دابەشکردن نەهاتبوونە دابەشکردن، ئەوا بەپێی شێوازی بەهێزترین ماوە دابەشکراون. بەڵام ڕێژەی (٧٪)ی دەنگەکان بۆ چوونە ناو پارلەمان دانرابوو، لەکاتێکدا تەنیا سێ پارێزگایەکەی هەرێم ئازادییەکی ڕێژەییان تێدا بووە و کەوتبوونە دەرەوەی کۆنترۆڵی ڕژێمی سەدام حوسێنەوە و دەبوایە بنکەی میلليی ئەو پارلەمانە ساوایە بەرفرە بکرابوایە و تەنیا و تەنیا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و

یەکێتیی نیشتمانی کوردستان قەتیس نەکرایە، چونکە کۆی ڕێژەی دەنگەکانی حزبەکانی دیکە (١١٪) بوون، بێ لەوە هەر کام لە پارتی و یەکێتی، زۆرینەی ڕەهای کورسییەکانی پارلەمانی بەدەست نەهێنابوو. ئەو ڕێژەیە بۆ چوونە ناو پارلەمان، دەورێکی بنەڕەتی بینیوە لە هاتنەئارای ناکۆکییەکی توند لە نێوان هەردوو حزبی سەرەکیدا کە بووە هۆی چەسپاندن و جێگیرکردنی سیاسەتی بەشبەشێنەی (فیفتی- فیفتی) لە نێوان هەردوو حزبدا وەکوو ڕێگەچارەیەك بۆ دەرچوون لەو تەنگژە و قەیرانەی هاتبووە گۆڕێ، بێ ئەوەی بیر لە هەڵوەشاندنەوەی ڕێژەی ٧٪ بکەنەوە. ئەم سیاسەتی پشك پشکێنەیە هۆیەك بووە کە ڕادە و سنوورێك بۆ ئازادیی حزبایەتی دابنرێ. هەروا هۆیەکی هەڵگیرسانی ئەو شەڕە ناوخۆیی هوڤییانەیە بووە کە بۆ ماوەی پێنج ساڵ زێتر درێژەی کێشاوە و تا ئێستاش شونەوار و باندۆری ئەو شەڕە ماوەتەوە.

### ٥-١-٢: قانوونی سێیەم هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق، کە ژمارە (٤٧)ی ساڵی (٢٠٠٤)ی دراوەتێ

وەك ئەنجامێکی درێژەکێشان و بەردەوامیی شەڕی ناوخۆ لە نێوان هەردوو لایەنی فەرمانڕەوا لە ئایاری (١٩٩٤)ەوە تا (١٩٩٨)، پاش کۆتاییهاتنی ماوەی قانوونیی ئەنجوومەنی نیشتمانی کە چوار ساڵ بوو، هەڵبژاردن نەکرایەوە و بە ناچاری تەمەنی کاری ئەنجوومەن جار دوای جار درێژ دەکرایەوە. بەڵام پاش ڕووخاندنی ڕژێمی حوکمڕانی لە بەغدا لە ٩ی ٤ی ٢٠٠٣ و هاتنەئارای پرۆسەیەکی گۆڕانی هەمەلایەنە لە عێراقدا، بڕیار دراوە هەڵبژاردن بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی لە عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکان و ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق لە ٣٠ی ١ی ٢٠٠٥دا بەهەڤڕا ئەنجام بدرێ. لەم سۆنگەیەوە، دەبوایە قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) هەموار بکرێتەوە تا لەگەڵ فەرمانەکانی (٩٢، ٩٦، ٩٧) دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان CPA دا تەبا و گونجاو بێ، چونکە ئەو فەرمانانە چوارچێوەیەکی قانوونی بوون بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا. ئیدی بە گوێرەی قانوونی سێیەم هەموارکردنەوەی قانوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، واتە قانوونی ژمارە (٤٧)ی ساڵی (٢٠٠٤) ئەو هەموارکردنەوەیە ئەنجامدراوە و سیستەمی پێڕەولێکراوی هەڵبژاردن، واتە

سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی ل گۆڕ لیستی داخراو وەکوو خۆی ماوەتەوە و ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەن کراوەتە (١١١) ئەندام[١١٣] و نابوایە ڕێژەی ئافرەتانیش لە (٢٥٪)ی کۆی ئەندامانی ئەنجوومەن کەمتر بێ.[١١٤]

### ٥-١-٣: قانوونی چوارەم هەموارکردنەوەی قانوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق، کە ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی دراوەتێ

بەپێی مادده (٢) قانوونی سێیەم هەموارکردنەوە، دەبوایە کۆمیسیۆنێکی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە هەرێم دابمەزرێنرایە و هەڵبژاردنەکانی لە هەرێمی کوردستان ڕێکبخستبایە. لێ تا ئەودەمە قانوونێکی تایبەتی بۆ پێکهێنانی کۆمیسیۆنێکی وەسا دەرنەچووە، لەوما دەبوایە هەموارێکی دیکەی قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) بکرێتەوە تا کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا بکارێت هەڵبژاردن بۆ خولی سێیەمی ئەنجوومەن بەڕێوەببات، ئیدی هەڵبژاردنەکان لە کاتوساتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی ئەو پارێزگایانەی کە لە هەرێمێکدا ڕێك نەخراون لە (٢٠٠٩ /١/٣١) بەڕێوەنەچوون. قانوونی چوارەم هەموارکردنەوەش تا ٢٠٠٩/٣/٣٠ دەرنەچووە و تا (٢٠٠٩ /٥/٤)یش لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ژمارە (٩٨) بڵاونەکراوەتەوە.[١١٥] پاشان قانوونی پێنجەم هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (١) لە (١٤ی ٥ی ٢٠٠٩)دا دەرچووە، کە بە قانوونی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٠٩) ناسراوە. لە ئەنجامی دواکەوتنی دەرچوونی ئەو هەموارکردنەوەیە، نەدەکرا هەڵبژاردنەکان لە (١٩ی ٥ی ٢٠٠٩)دا بەڕێوەبچن بەپێی خواست و ویستی سەرۆکایەتیی پارلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێم لە کوردستان- عێراقدا، لەوما ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ پارلەمانی کوردستان و

---

١١٣- ماددەی (١) لە قانوونی سێیەم هەمواری قانوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق، ژمارە ٤٧ی ساڵی ٢٠٠٤.

١١٤- مادده (١٠)ی قانوونی ژمارە ٤٧ی ساڵی ٢٠٠٤.

١١٥- بە پێی مادده (١)ی قانوونی چوارەم هەمواری قانوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق، قانوونی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٩، ناوی (پارلەمانی کوردستان- عێراق) جێگەی ناوی (ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق)ی گرتەوە.

هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی هەرێم بە گوێرەی قانوونی سەرۆکایەتیی هەرێم، ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) بۆ (٢٠٠٩/٧/٢٥) دواخراوە.

بە گوێرەی ئەو هەموارکردنەوەیە، هیچ دەسکارییەکی سیستەمی هەڵبژاردن نەکراوە و سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی بەپێی لیستی داخراو هەر وەکوو خۆی ماوەتەوە، تەنیا مەرجی ئەوە بووە کە نابێ هیچ لیستێکی هەڵبژاردن لە سێ پاڵێوراو کەمتر پێکبهێنرێ. بۆ دابەشکردنی کورسییەکانیش بە گوێرەی سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی پشت بە تێکڕای هەڵبژاردن بەستراوە. پاشان ژمارەی دەنگە ڕاستەکانی هەر لیستێکی هەڵبژاردن بەسەر تێکڕای هەڵبژاردندا دابەش کراوە بۆ دیاریکردنی ژمارەی کورسییەکانی هەر لیستێکی هەڵبژاردن. هەرچی پێوەندیی بە دابەشکردنی کورسییە بەتاڵەکانیش بووە، ئەوا پێڕەوی لە شێوازی پاشماوەی هەرە بەهێز و یەك لە دوای یەك لە سەرەوە بۆ خوارەوە کراوە. بێ لەوەش نابوایە ڕێژەی نوێنەرایەتیی ئافرەتان لەناو هەر لیستێکدا بە گوێرەی چوارەمین هەموارکردنەوە، لە ٣٠٪ کەمتر بێ.[١١٦] هەروا بڕیار دراوە (٥) کورسی بۆ کلدان- سریان- ئاسووری و (٥) کورسیش بۆ تورکمانەکان و کورسییەکیش بۆ ئەرمەنەکان تەرخان بکرێ.[١١٧] هەرچی مەرجەکانی پاڵێوراویشە، بە گوێرەی ماددەی (٣)ی قانوونەکە، تەمەنی پاڵێوراو بۆ (٢٥) ساڵ کەم کراوەتەوە و بەنسبەت ئەو تانانەی لە بڕیارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش دەدرێن دەرهەق بە سکاڵاکانی هەڵبژاردن، ئەوا قانوونەکە بڕیاری داوە دەستەیەکی دادوەریی سێ کەسی ناتەرخان لە دادگەی تەمییزی هەرێمی کوردستان- عێراق پێکبهێنرێ.

لێرەدا پێویستە قامك بۆ هەوڵ و کۆششی پەرلەمانی کوردستان ڕابکێشرێ کە ڕاپرسی لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بکرێ. لە (٢٢ی ٦ی ٢٠٠٩) دا، پەرلەمانی کوردستان دەنگی لەسەر قانوونی یەکەمین هەموارکردنەوەی قانوونی پەسندکردنی ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی دەستووری هەرێمی کوردستان دا، واتە قانوونی ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٩). بە گوێرەی ئەم هەموارکردنەوەیە دەبوایە پرۆسەی ڕیفراندەم لەسەر پرۆژەی دەستوور لە ٢٥ی ٧ی ٢٠٠٩دا

---

١١٦- ماددەی چوارەم لە قانوونی چوارەم هەمواری سەرەوە، قانوونی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٩.
١١٧- مادده (٣٦) (دووبارە) لە قانوونی چوارەم هەموار، ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٩.

ڕێکبخرێ و بەڕێوەبچێت. لەم سەرینەشەوە، سەرۆکایەتیی پارلەمان نووسراوی ژمارە (٩٠٢/٣/٤)ی لە ٢٥ی ٦ی ٢٠٠٩دا بۆ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ناردووە تا پرۆسەی ریفراندەم لەسەر پرۆژەی دەستوور هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەندامانی پارلەمان و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی هەرێم لە ٢٥ی ٧ی ٢٠٠٩دا ڕێکبخات. لێ ئەودەمە مانگێك کەمتر مابووە بۆ ڕێکخستنی پرۆسەی ڕیفراندەم لە کاتی بڕیارلێدراودا. لەوما کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پێشنیاری بۆ سەرۆکایەتیی پارلەمان کردووە کە هەڵبژاردنی ئەندامانی پارلەمانی کوردستان و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بۆ ماوەی بیست ڕۆژ دوا بخات و پێکەوە لەگەڵ ڕیفراندەم لەسەر پرۆژەی دەستوور لە (١١ی ٨ی ٢٠٠٩)دا ئەنجام بدرێن و بۆ ئەمەش کۆمیسیۆن نووسراوی ژمارە (خ/٩/١٣٤٠) ی لە (٢٠٠٩/٧/٦)دا ئاراستەی سەرۆکایەتیی پارلەمانی کوردستان کردووە، لێ سەرۆکایەتیی پارلەمان پێشنیارەکەی کۆمیسیۆنی ڕەتکردووەتەوە. لەم سۆنگەیەشەوە کۆمیسیۆن پۆزشی هێناوەتەوە کە ناتوانێ لە هەمانکاتدا، واتە لە (٢٥ی ٧ی ٢٠٠٩)دا پرۆسەی ڕیفراندەم لەسەر پرۆژەی دەستوورەکە بەئەنجام بگەیەنێ.

ئێمە پێمان وایە کە دەبوایە سەرۆکایەتیی پارلەمانیی کوردستان بەو پێشنیارە ڕازی بوایە و کاتی بەڕێوەچوونی هەر سێ پرۆسەکەی، واتە هەڵبژاردنی ئەندامانی پارلەمان و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و ڕاپرسی لەسەر پرۆژەکەی دەستووری بۆ (١١ی ٨ی ٢٠٠٩) دوابخستبایە. ئاخر دواخستنی پرۆسەی ڕیفراندۆم لەسەر پرۆژەکە بۆ ماوەی (٢٠) ڕۆژ کەمتر، هیچ باندۆرێکی لە هەرێم نەدەبوو و، دەبوایە دەرفەتی بە کۆمیسیۆنی باڵا بدابوایە، کە ئامادەسازیی لۆجیستی و تەکنیکی بۆ سازدان و بەڕێوەبردنی هەر سێ پرۆسەکە بکات. ئەوەتا لەوساوە تا ئێستە (١٢) ساڵ تێپەڕیوە و تەنانەت کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش لە هەرێمدا پێکهاتووە، هێشتا دەرفەتێك نەهاتۆتە پێش و بڕیارێکی سیاسی نەدراوە کە ڕاپرسیی گشتی لەسەر پرۆژەی دەستوور بکرێ. ئا بەم شێوەیە، دەرفەتێکی مێژوویی گرنگ لە دەست دراوە کە گەلی کوردستان دەبووە خاوەنی دەستوورێکی تایبەت بە خۆی لە چوارچێوەی عێراقدا، لەکاتێکدا دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق لە مادە (١٢٠)ی خۆیدا ئەو مافەی بە هەرێم داوە کە دەستوورێکی تایبەت بە خۆی دابنێت. ئەمەش ئەنجامێکی ئەو پێداگرییەی

سەرۆکایەتیی پارلەمانی کوردستان بووە کە دەیەویست لەو کاتەدا ڕاپرسی بکرێ کە یەکەمین هەموارکردنەوەی قانوونی بڕیاردانی پرۆژەی دەستووری هەرێم وادەکەی دیاری کردبوو، بەبێ ڕاوێژی پێشوەختە لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا بۆ دیاریکردنی کاتێکی گونجاو بۆ ڕاپرسی پێش ئەوەی قانوونی هەموارکردنەوەکە پەسند بکرێ. تا ئێستا هەرێمی کوردستان، بە حکوومەت و گەلەوە، بە دەست باندۆر و شونەوارە جیاجیاکانی نەبوونی دەستوورێکەوە دەناڵێنن....

## ٥-١-٤: قانوونی پێنجەم هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستانی هەموارکراو، کە ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی دراوەتێ

ماوەیەکی کورت دوای چوارەم هەموارکردنەوە، قانوونی ژمارە (١)ی هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان بۆ جاری پێنجەم هەموارکراوەتەوە و لە ژمارە (١٠٠)ی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە (٢٠٠٩/٥/١٤)دا بڵاوکراوەتەوە. لەم قانوونەدا، هەندێ دەسکاری کراوە بەتایبەتی ئەو بڕگانەی پێوەندییان بە هەڵمەتی هەڵبژاردن و ئەو سزایانەوە هەبووە کە بۆ پێشێلکارییەکانی بواری هەڵبژاردن داندراون، چونکە قانوونی ژمارە (١) لەمبارەوە کون و کەلەبەرێکی خویا و ڕوونی تێدا هەبووە.

لەم قانوونەدا سیستەمی هەڵبژاردن هیچ گۆڕانێکی تێدا نەکراوە، بەڵام ماددەیەکی نزێ بۆ قانوونەکە زێدە کراوە کە پێوەندیی بەو حاڵەتانەوە هەیە کە ئەندامێکی پارلەمان لەبەر هەر هۆیەك بێ، کورسییەکەی لەدەست دەدا و کێ جێگەی دەگرێتەوە. لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددە (پێنجەم)دا هاتووە لە بارێکدا ئەندامێکی پارلەمان لە لیستێکی ناهاوبەند (غیر مؤتلفە)دا کورسییەکەی لەدەستدا، ئەو پاڵێوراوەی دوای ئەو لە لیستەکەی خۆی بەگوێرەی ئەو ڕیزبەندییەی تێیدا هاتووە، جێگەی دەگرێتەوە. لێ بە گوێرەی بڕگە (دووەم)ی هەمان ماددە لە بارێکدا ئەندامێکی پارلەمان لە لیستێکی هاوبەندا کورسییەکەی لە دەستدا، ئەو پاڵێوراوەی دوای ئەو دێ لە هەمان قەوارەی سیاسی کە هاوبەندی کردووە، جێگەی دەگرێتەوە. بەڵام ئەگەر کورسییە بەتاڵەکە هی قەوارەیەك بێ کە هیچ پاڵێوراوێکی نەمابێ، ئەوا ئەو کورسییە ترخان دەکرێ بۆ پاڵێوراوێکی دیکە لە

قەوارەیەكی سیاسیی تر كە ڕادەی كەمی ژمارەی ئەو دەنگانەی بەدەستهێنابێت كە بۆ پڕكردنەوەی كورسییەك پێویستە، بەپێچەوانەی ئەمە، ئەوا كورسییەكە بەتاڵ دەمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر كورسییەكە تایبەت بە افرەتێك بێت، ئەوا مەرج نییە ئافرەتێكی دیكە جێگەی بگرێتەوە، مەگەر كاریگەری بۆ سەر ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەتان لە پارلەماندا هەبێ.

## ٥-١-٥: قانوونی حەفتەم هەمواركردنەوەی قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵبژاردنی پارلەمانی كوردستان، كە ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠١٣)ی دراوەتی

ئەم قانوونی حەفتەم هەموركردنەوەیە، گۆڕانێكی گرنگی لە سیستەمی هەڵبژاردندا كردووە. ماددەی (٢) قانوونی هەمواركردنەوە دەڵێ «هەڵبژاردنەكان بە دەنگدانی نهێنیی ڕاستەوخۆ بەپێی سیستەمی لیستی كراوەی سنووردار ئەنجام دەدرێن». ئالێرەدا یاسادانەری كوردستانی زۆر سەركەوتووتر بووە لە یاسادانەری عێراقی لە دیاریكردنی سروشت و وەسفی لیستەكەدا. دیارە تا دەرچوونی ئەم هەمواركردنەوەیە، قانوونی ژمارەی (١)ی ساڵی (١٩٩٢) سیستەمی لیستی داخراوی بەكارهێناوە. بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٤)ی قانوونی هەمواركردنەوە میتۆدی دەنگدانی دیاری كردووە كە تیایدا هاتووە: «دەنگدەر بۆی هەیە ناوی یەكێك لەو قەوارە سیاسییانەی لە پسوولەی دەنگداندا نووسراون نیشانە بكات و ناوی یەكێك لە پاڵێوراوانی هەمان قەوارە نیشانە بكات، یان تەنها ناوی قەوارە سیاسییەكە نیشان بكات». هەرچەند قانوونی هەمواركردنەوە سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی ل گۆڕ فۆرمۆڵەی ماوەی هەرە بەهێز وەكوو خۆی هێشتووەتەوە، بەڵام بڕگەی (سێیەم)ی ماددە (٧) كە تایبەتە بەو كورسییانەی دوای قۆناخی یەكەمی دابەشكردن بەتاڵ دەمێننەوە دەكا و دەڵێ بەو قەوارانە دەدرێ كە دەنگەكانیان نەگەنە تێكڕای هەڵبژاردن پاش قۆناخی یەكەمی دابەشكردن و گەورەترین پاشماوەیان هەیە یەك لە دوای یەك، جا لە پرۆسەی یەكەم دابەشكردندا كورسییان هێنابێ یان نا. لەكاتێكدا پێش ئەم هەمواركردنەوەیە، قانوونی هەڵبژاردن، كورسییە بەتاڵەكانی تەنیا بەو قەوارانە دەدا كە كورسییەك یان زێتریان لە پرۆسەی یەكەمی دابەشكردندا هێنابێ و زۆرترین ماوەیان هەبێ.

ئەم هەموارکردنەوەیە لەگەڵ داخوازی و مەرجەکانی سیستەمی پێڕەوکراوی هەڵبژاردن ڕێکدێتەوە و لەگەڵ ئەو جۆرە لیستەی هەڵبژاردن تەبا و گونجاوە کە لە هەڵبژاردنی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پێڕەوی لێ کراوە. هەرچەندە خەسڵەت و بچمێکی هەرە گرنگی لیستی نیمچە کراوە ئەوەیە کە ئازادییەکی زۆر بە دەنگدەر دەدا کە لەنێو لیستێکی هەلبژاردندا دەنگ بە پاڵێوراوێك بدات، لێ ئەو سیستەمە یەکێ لەو هۆیانە بووە کە باندۆری بۆ سەر بابەتی شارەزایی و لێهاتوویی داخوازیکراو هەیە کە دەبێ لە ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوینەران یان پەرلەمەنتارێکی کوردستاندا هەبێ، تا بکارێ ئەو ئەرکانەی کە کەوتوونەتە ئەستۆیەوە و بریتین لە یاسادانان و چاودێری، ڕاپەڕێنێ. ئاخر ئەم دوو ئەرك و پسپۆڕییە پێویستیان بە هاوسەنگی و سەقامگیریی فیکری و مەعریفە و لێزانی و لێهاتوویی هەیە. لەوما کارێکی بەسوود دەبێ کە پارلەمانی کوردستان چاو بە سیستەمی هەڵبژاردندا بگێڕێتەوە و وازلە فۆرمۆڵەی ماوەی هەرەبەهێز بهێنێ و فۆرمۆڵەیەکی دیکەی ژمێریاری بەکاربهێنێ کە تێکڕای هەڵبژاردن و پاش یەکەم دابەشکردن کورسیی بەتاڵی تێدا نەمێنێ، بەڵکە بە یەکجار تەواوی کورسییە تەرخانکراوەکانی بازنەی هەڵبژاردن بێنە دابەشکردن و هیچ کورسییەکی بەتاڵ نەمێنێتەوە. دیارە پێشتریش، دادگەی باڵای فیدراڵی بڕگەیەکی لە قانوونی ژمارە (٢٦)ی تایبەت بە هەلبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران بەنادەستووری داناوە، چونکە ئەم سیستەمەی بەکارهێناوە و لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠١٠) دا کورسییەکان بە لیستی دیکە دراون، ئەوەش بە گوێرەی بڕیاری دادگە (ژمارە ١٢/فیدراڵی/٢٠١٠) لە (٢٠١٠/٦/١٤)دا. وەك دەزانرێ بەپێی مادده (٨٤) ی دەستووریش، بڕیارەکانی دادگەی فیدراڵی بنبڕن و دەبێ هەموو دەسەڵاتە گشتییەکان، بە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانیشەوە پێیانەوە پابەند بن و لەم سۆنگەیەشەوە، پێویست بووە ئەم سیستەمەی هەڵبژاردن هەمواربکرێتەوە. هەروابێتەوە سیستەمی لیستی داخراو، وێڕای لایەنە خراپ و کون و کەلەبەرەکانی، لایەنی باشیشی هەیە کە جەخت لەسەر بوونی شارەزایی و لێهاتوویی دەکاتەوە لە کاتی ناوزەدکردنی پاڵێوراواندا، جا چ لیستی هەڵبژاردن داخراو بێت یان لیستی کراوەی سنووردار بێ.

وەلێ لە عێراقدا ڕەوش تەواو جودایە چونکە حزبەکان دەشوێن دەنگ بۆ پاڵێوراوەکانی خۆیان کۆبکەنەوە و لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا دەنگەکانیان

لەنێواندا دابەش بکەن بە شێوەیەك کە زۆربەی کورسییەکانی ئەو بازنەیە ببەنەوە نەمازە ئەو سیستەمەیان لە بازنەگەلێکی کەم ئەندامێتی کاری خۆی دەکا.

هەرچی خەوشە هەرە گرنگەکانی ئەو سیستەمەن، ئەوا پێڕەویکردن لەم سیستەمەیان بە قازانجی حزبە بچووکەکان نییە، چونکە دەنگەکانی ئەو حزبانە لەسەر ئاستی نیشتمانی پەرتوبڵاون و لەوانەیە هیچ کورسییەك نەهێنن. هەروا ئەم سیستەمە، تەبای سیستەمی یەك دەنگی ڕاگوێزراوە، دابەشبەندی لەنێو حزبە سیاسییەکان لێ دەکەوێتەوە، چونکە پاڵێورەکانی یەك حزبی سیاسی دەکەونە کێبەرکێ لەگەڵ یەکتردا، ئەمە سەرباری کێبەرکێکردن لەگەڵ پاڵێوراوەکانی حزبێن دن، ئاخر هەڵبژێر بۆی هەیە لە بازنەیەکی فرە ئەندامێتیی هەڵبژاردندا، تەنیا دەنگ بۆ پاڵێوراوێکی قەوارەیەك بدات.

هەروابێتەوە، بۆ زانینیش ئەم قانوونە ناکۆکی و خەوش و کون و کەلەبەرێکی زۆریشی تێدایە چ لە ڕووی داڕشتنی زمانەوانی و قانوونییەوە بێ، چ لە ڕووی دژبەریی نێوان بنەواشە و حوکمەکانییەوە. هەر بۆ نموونە دژبەریی نێوان ماددەی (٤٦) و ماددە (١٥)، هەروا ماددەی (١٦)، بڕگەی یەکەمی نەبێ دەنا زێدەیە و پێویست نییە، ئەمە سەرباری بوونی کۆسپ و سەختی و دژواریی تەکنیکی و کارڕایی لە پیادەکردنی گەلێ لە ماددەکانی ئەو قانوونە هەروەکوو ماددەی (٣٨) و ماددە (٣٩).

# 5-2: قانوونەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستاندا

**٥-٢-١: قانوونی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستاندا**

لە (٣١ی ١ی ٢٠٠٩)دا هەڵبژاردن بۆ خولێکی دیکەی ئەنجوومەنی پارێزگانی هەرێمی کوردستان نەکرایەوە، هەرچەند ساڵی (٢٠٠٥) لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی عێراقدا، هەڵبژاردن بۆ خولی یەکەمی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێم کرابوو. ئاخر دەرچوونی هەم قانوونێکی تایبەت بە ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان و هەم قانوونێکیش بۆ هەڵبژاردنی ئەو ئەنجوومەنانە دواکەوتبوون. لە (٣ی ٥ی ٢٠٠٩)دا قانوونی ژمارە (٣)ی تایبەت بە ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێم دەرچوو[١١٨]. ئەو قانوونە لە (٦) بەش و (٤١) ماددە پێکدێت. تا ڕادەیەکی زۆر ئەو قانوونە پشتی بە قانوونی ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی تایبەت بە ئەنجوومەنەکانی ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێکدا ڕێك نەخراون بەستووە و دەقاودەق گەلێك بڕگە و ماددەی لێ ڕاگواستووەتەوە.

بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، قانوونی ژمارە (٤)ی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزا و ناحییەکان لە هەرێمی کوردستان لە (٦ی ٧ی ٢٠٠٩)دا دەرچووە.[١١٩] ئەم قانوونەیان بەسەریەکەوە (٣٥) ماددەیە و بەسەر (٧) بەش دابەش بووە کە باسی مەرجەکانی پاڵاوتن، مەرجەکانی لیستی تێدا کراوە کە نابێ لە سێ کەس کەمتر بێ و لە ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی بازنەیەکی هەڵبژاردنیش زۆرتر بێ، یان کە نابێ

---

١١٨- ئەو قانوونە لە ژمارە ١٠٠ی ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان لە ١ی ٦ی ٢٠٠٩دا بڵاوکراوەتەوە.

١١٩- ئەو قانوونە لە ژمارە ١٠٢ی ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان لە ١٣ی ٧ی ٢٠٠٩دا بڵاوکراوەتەوە.

ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەتانیش لە ٣٠٪ کەمتر بێ. هەروا لەم قانوونەدا، سیستەمی پێڕەولێکراوی هەڵبژاردن ل گۆڕ شێوازی دەنگدان بە لیستی داخراو جێگیرکراوە و سنووری کارگێریی هەر پارێزگایەکیش، بە یەك بازنەی هەڵبژاردن دانراوە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا و، سنووری کارگێڕیی قەزاش بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی قەزا و هەمان شتیش دەرهەق بە ئەنجوومەنی ناحیە. هەرچی بەشی پێنجەمە، باس لە پرۆپاگندەکانی هەڵبژاردن دەکا و بەشی شەشەمیش بۆ تاوانەکانی هەڵبژاردن تەرخان کراوە. لێ هەرگیز هیچ هەڵبژاردنێك بۆ ئەنجوومەنی قەزا و ناحییەکان، نە لە پارێزگاکانی هەرێم و نە لە تەواوی عێراقدا بەڕێوە نەچووە.

بۆ ڕوونکردنەوەی بڕگە و ماددەکانی ئەو قانوونە، دەبێ هەندێ تێبینی هەرە گرنگ بخەینە پێش چاو:

١. ماددەی (٦)ی ئەم قانوونە دەڵێ: سیستەمی لیستی داخراو لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمدا پیادە دەکرێ. ئەو سیستەمەش ئەو دەرفەتە بە هەڵبژێر نادا کە بە ئارەزووی خۆی ئەو پاڵێوراوەی دەیەوێ دەنگی پێ بدا، ئاماژەی بۆ بکا جا چ لەبەر دەستپاکی ئەو پاڵێوراوە بێ، یان لەبەر لێهاتوویی بێ، یان لەبەر هەر هۆیەکی دیکە، بەڵکە هەڵبژێر دەبێ دەنگی خۆی بە تەواوی لیستەکە بدا، هەرچەند لەوانەیە متمانە و باوەڕی بە تەواوی پاڵێوراوەکانی ناو لیستەکەش نەبێ، ئەمەش وای کردووە کە قەوارە سیاسییەکان بە مەزەندە و ئارەزووی خۆیان ڕێزبەندی بۆ ناوی پاڵێوراوەکانی ناو لیستەکانی خۆیان بکەن. ئێمە پێمان وایە ئەمە بەرتەسککردنەوەی ئازادیی هەڵبژێرە کە پێویستە دەنگی خۆی بەو کەسە بدا کە ئەو بە چاکی دەزانێ و لە هەمانکاتدا دەبێتە کزی و لاوازیی ڕایەڵکەی نێوان هەڵبژێر و ئەندامی ئەنجوومەن، چونکە ئەندامی هەڵبژێردراو باوەڕی وایە کە بەسایەی ئەو حزبەوە بووەتە ئەندامی ئەنجوومەن کە ئەوی بۆ ئەو پۆستە پاڵاوتووە نەك بە سایەی دەنگی ئەو هەڵبژێرانەی کە دەنگیان بۆ داوە. ئەوەش ئەو باوەڕە بەهێز دەکا کە یاسادارێژ مەبەستی بووە باری حزبایەتی و توندوتۆڵی حزبی لە هەرێمدا بپارێزێ، لەوەش زێتر لە بارێکدا کە ئەندامی ئەنجوومەن، ئەندامێتی خۆی، لەبەر هەر هۆیەك لەدەست بدات، ئەو پاڵێوراوەی لە لیستێکی ئیئتلافیدا کە لە دوای وی دێ جێگەی ناگرێتەوە،

بەڵکە ئەو پاڵێوراوەی دوای ئەو دێ لە هەمان قەوارەی هاوپەیماندا لەناو لیستە هاوپەیمانییەکەی هەڵبژاردندا[١٢٠]. بە ڕای ئێمە ئەم حوکمە هیچ لێکدانەوەیەك هەڵناگرێ ئەوە نەبێ کە یاسادارێژ لە خەمی توندوتۆڵیی فراکسیۆن و هەڤاڵبەندی و قەوارە سیاسییەکاندا بووە.

٢. ئەم قانوونە مافی پاڵاوتنی بە تاکە کەس نەداوە کە ئەویش تەبای قەوارەکان لە نك ئەو لایەنەی هەڵبژاردن بەڕێوە دەبا خۆی ناونووس بکا و بپاڵێوێ، جا چ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق بێ چ کۆمیسیۆنی تایبەت بە هەڵبژاردنەکانی هەرێم بێ کە لەو هەڵبژاردنانەی لە عێراقدا کۆمیسیۆن سەرپەرشتی کردوون، بەگوێرەی ڕێکارەکانی ڕاستاندن کە لە هەڵبژاردنەکاندا کاریان پێ کراوە. ماددەی پێشوو، ئەو مافەی بە تاکە کەس نەداوە. بە ڕای ئێمە ئەوە پێچەوانەی مافی بەشداریی سیاسییانەی هاووڵاتییە بە مافی هەڵبژاردن و پاڵاوتنیشەوە بۆ ئەنجوومەکانی نوێنەرایەتی کە لە زۆرینەی دەستوورەکانی دونیادا، لەوانە ماددەی (٢٠)ی دەستووری عێراقدا هاتووە کە دەڵێ: هاووڵاتیان، چ پیاو بن چ ئافرەت مافی بەشداریان لە کاروباری گشتی و پێڕەوکردنی مافە سیاسییەکاندا هەیە بە مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و پاڵاوتنیشەوە.

٣. بڕگەی (٣) لە ماددەی (٩)ی ئەم قانوونە ئەو کورسییانەی کە پاش قۆناخی یەکەمی دابەشکردنی کورسییەکان دەمێننەوە بەپشتبەستن بە بەهێزترین پاشماوە دابەش دەکرێنەوە. بەڵام تەنیا ئەو لیستانە دەگرێتەوە کە لە قۆناخی یەکەمی دابەشکردنی کورسییەکاندا، کورسییان بەدەستهێناوە. ئەم ماددەیە کە بڕیاری دابەشکردنی کورسییە بەتاڵەکانی داوە بەپێی بەهێزترین پاشماوە، بەڵام تەنیا ئەو لیستانەی کورسییان بەدەستهێناوە دەگرێتەوە نەك ئەو لیستانەیان کە دەنگەکانیان نەگەیشتووەتە تێکڕای هەڵبژاردن، چ تێگەیشتنی دەستەواژەی (بەڕێژەی) مانای ڕێژە و ڕێژەکاریی بگەیەنێ لە نێوان ژمارەی ئەو کورسییانەی کە قەوارەکە وەدەستیهێناوە و ژمارەی کورسییە بەتاڵەکان هەروەکوو لە دابەشکردنی کورسییە بەتاڵەکان

---

١٢٠- بڕگەی دووەمی ماددەی ١٠ی قانوونی هەلبژاردمی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزا و ناحییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق، ژمارە ٤یساڵی ٢٠٠٩.

ئەنجامدرا لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، چ بەپشتبەستن بێ بە بەهێزترین پاشماوە یەك لە سەرەوە بۆ خوارەوە بە نسبەتی ئەو قەوارانەی کە کورسییان بەدەستهێناوە، ئەمەش لە دیماهیدا واتە خواست و ویستی هەڵبژێران بە شێوەیەك شرۆڤە دەکرێ کە بە قازانجی هەندێ لیست بکەوێتەوە. ئەم حوکمە بە ڕای ئێمە بە قازانجی حزب و قەوارە گەورەکان بڕیاری لێ دراوە و ئەمەش هەمان حوکمی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە کە لە باسی قانوونی هەڵبژاردندا ئاماژەمان بۆ کرد. بە باوەڕی ئێمە ئەمەش لە کۆتادا پێچەوانەی فەلسەفەی سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەییە و دەبێتە هۆی کێماسی لە پرەنسیپی بڵاوکردنەوەی دیموکراسی کە بڕگەی (یەکەم/ب) لە ماددەی (٢)ی دەستووری عێراقی بە ڕاشکاوی باسی لێ کردووە (نابێ قانوونێك دابڕێژرێ و دابندرێ کە پێچەوانەی پرەنسیپەکانی دیموکراسی بێ) و پێشتریش ئاماژەمان بۆ دوو بڕیاری دادگەی باڵای فیدراڵی کرد دەربارەی قانوونی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی ئەو پارێزگایانەی کە لە هەرێمێکدا ڕێك نەخراون، ئەمەش پێویست بە چاوپێداگێڕانەوە دەکات.

٤. ماددەی (٣٢) (دووبارە) چەند کورسیەکی بۆ پێکهاتەکان لە هەرێم تەرخان کردووە. بەڵام ئەو ماددەیە باسی لە شێوازی پێڕەولێکراوی دابەشکردنی دەنگەکان نەکردووە لەنێوان لیست و پاڵێوراوە براوەکاندا بە تایبەتی کە یەك کورسی تەرخانکراوە بۆ کلدان سریان ئاشووری لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی و یەك کورسیی بۆ ئەرمەن لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆکدا. کەواتە چار نییە و دەبێ سیستەمی زۆرینەی سادە پەیڕەو بکرێ، لە کاتێکدا پێویست دەکا دابەشکردنی کورسییەکانی دیکە بە گوێرەی میکانیزمی دەرهێنانی تێکڕای هەڵبژاردن (نوێنەرایەتی ڕێژەیی) و کورسییە بەتاڵەکانیش بەپێی شێوازی بەهێزترین پاشماوە بێ. لەوما دەبوایە و پێویست بوو شێوازی دابەشکردنی کورسییەکان بە حوکمگەلێکی ڕاشکاوانە و بە دەق لە قانوونەکە ڕوونبکرابایەوە. هەروا ئەم ماددەیە هیچ کورسییەکیشی بۆ پێکهاتەی ئێزدی لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆك تەرخان نەکردووە. بە ڕای ئێمە دەبوایە بە لانی کەمەوە دوو کورسی لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆك بۆ ئێزدییەکان تەرخان بکرابایە، نەك وەکوو پێکهاتەیەکی نەتەوەیی، بەڵکە وەکوو پێکهاتەیەکی ئایینی ڕەسەن و دێرین

کە تایبەتمەندیی ڕوون و ئاشکرای خۆی هەیە.

**٥-٢-٢: قانوونی هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزا و ناحییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، کە ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠١١)ی دراوەتێ**

یەکەمین قانوونی هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستاندا، چەند گۆڕانێکی بنەڕەتی لە قانوونی هەڵبژاردندا کردووە لە ڕووی سروشتی لیستەکان، مەرجەکانی پاڵاوتن و ژمارەی پاڵێوراوانی لیستەکانەوە. سۆنگەی ئەم گۆڕانکارییەش دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕان لە قانوونەکانی هەڵبژاردنی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پارێزگاکان و هەم ئەنجامی داخوازیی چەند ئەندامێکی پارلەمانی کوردستان بووە کە ئەو هەموارکردنەوەیە ئەنجام بدرێ.

بەپێی ماددە (٤)ی ئەم قانوونە، واز لە لیستی داخراو هێندراوە و بڕیاردراوە شێوە و فۆرمی لیستی کراوەی سنووردار بەکاربهێندرێ، واتە ئەو مافە بە هەڵبژێر دراوە کە لەتەك ئاماژەکردن بۆ لیستی قەوارەیەکی سیاسی، دەنگ بە پاڵێوراوێکی ناو لیستەکەش بدات، یان هەر تەنیا دەنگ بە قەوارەکە خۆی بدات. بۆ زانین سیستەمی هەڵبژاردن، کە نوێنەرایەتیی ڕێژەیی بوو وەکوو خۆی مایەوە.

بەگوێرەی ماددەی (٥)یش دەکرێت ژمارەی کاندیدەکان دوو هێندەی ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی بازنەیەکی هەڵبژاردن بێ، لێ زێتر نەبێ.

هەرچی ماددەی (٦) و (٧)ی قانوونەکەن، جێبەجێکردنی سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەییان ل گۆڕ لیستی کراوەی سنوودار داڕشتووەتەوە و ئەو گیروگرفتانەیان نەهێشتووە کە پێوەندییان بە دابەشکردنی کورسییە بەتاڵەکانەوە هەبووە پاش پرۆسەی یەکەمی دابەشکردن بە گوێرەی شێوازی ماوەی هەرە بەهێز. واتە ئەو مافەی بە سەرجەم لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن داوە، لە بارێکدا کە ئەو دەنگانەی ماویانەتەوە دەرفەت بە بەدەستهێنانی کورسییەکی هەڵبژاردن بدات بەپێی ڕێزبەندیی لە بەرزترین ماوەی دەنگەکانەوە بۆ خوارەوە، جا چ ئەو لیستانە لە پرۆسەی یەکەمی دابەشکردنی کورسییەکاندا کورسییەك، یان زێتریان بەدەستهێنابێ، یان هیچ کورسییەکیان بەدەست نەهێنابێ.

ماددەی (٨)ی قانوونی هەموارکردنەوە دەڵێ لە بارێکدا ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگا کورسییەکەی لەبەر هەر هۆیەك، لەدەست بدات، ئەوا ئەو پاڵێوراوەی دوای خۆی لە هەمان لیستی هەڵبژاردندا جێگەی دەگرێتەوە و ئەو وردەکارییەی لە ماددەی (١٠)ی قانوونی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩)دا هەبوو، وەلاناوە و ئەو دەقە قانوونییەی کە لە ماددە (٨)ی قانوونی هەموارکردنەوەدا هاتووە، لە جێگە داناوە.

ئەم قانوونی یەکەمین هەموارکردنەوەیە بەپێی بڕیاری ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەرچووە.

# 5-3:  قانوونی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

**٥-٣-١: قانوونی ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵبژاردنی سەرکردەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد**

بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، لە (٨ی ٤ی ١٩٩٢) دا قانوونی ژمارە (٢)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵبژاردنی (سەرکردەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد) دەرچووە.

گەڕی یەکەمی هەڵبژاردنەکان لە (١٩ی ٥ی ١٩٩٢)دا لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق بەڕێوەچوو و بەپێی ماددەی (٨)ی قانوونی ناوبراو، هیچ کام لە کاندیدەکان، زۆرینەی ڕەهایان نەهێنا و ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد هەڵنەبژێردرا، بەو هیوایەی کە پاش ماوەیەکی دیکە، گەڕی دووەمی هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدرێ. لێ ناتەباییەکانی نێوان هەردوو حزبی فەرمانڕەوا گەیشتنە پلەیەکی گەورەی ئەوتۆ کە نەکرێ گەڕی دووەمی هەڵبژاردن لە نێوان هەردوو کاندیدی یەکەم و دووەم، واتە لە نێوان بەڕێز مەسعود بارزانی و خودێ لێخۆشبوو جەلال تالەبانیدا ئەنجام بدرێ.

**٥-٣-٢: قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان**

گەڕی دووەمی هەڵبژاردن بۆ پۆستی (سەرکردەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد) لە ساڵی (١٩٩٢)دا بەڕێوەنەچوو. ئیدی ئەو پۆستە بەتاڵ مایەوە و بە ناچاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان قانوونی ژمارە (١٩)ی ساڵی (١٩٩٣) ی (دەستەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان)ی دەرچوواند[١٢١]. لێ ئەم قانوونە

---

١٢١- یاسای دەستەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی عێراق، کە لە ٢٠ی ١٢ی ١٩٩٣دا پەرلەمان پەسندی کردووە و بە بڕیاری ٤٨ ی سەرۆکی ئەنجوومەن لە ٢٢ی ١٢ی هەمان ساڵدا دەرچووە.

پاش چوار ساڵ بەپێی قانوونی ژمارە (٨)ی ساڵی (١٩٩٧) هەڵوەشێنرایەوە. لە پاش ئەوە دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم لە نێوان سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆکوەزیراندا، بەپێی قانوونی ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) دابەشکران[١٢٢]. پاش ئەو پەرەگرتنە سیاسییانەی لە هەردوو گۆڕەپانی عێراقی و کوردستانیدا لە دوای نیسانی (٢٠٠٣) هاتنە ئاراوە، دەرچوواندنی قانوونێکی نویێ بۆ تەواوکردنی ڕێکخستنی لایەنە دەستووری و قانوونییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لەوانە سەرۆکایەتیی هەرێم بووە کارێکی پێویست و لەم سۆنگەیەوە قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) لە (٧ی ٦ی ٢٠٠٥)دا دەرچوو، لە هۆیە پێویستەکانیشدا هاتووە کە (قۆناخی ئایندە وا دەخوازێ هەڵوێست و بۆچوون و تواناکان بۆ وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کوردستانی عێراق بۆ ئازادی و دیموکراسی و فیدراڵی، یەکبخرێن و لەم سەرینەشەوە دانان و داڕژتنی ئەم قانوونە پێویست بووە).

ماددەی (١٧)ی ئەو قانوونە دەڵێ: «سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە لایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامەکانی هەڵدەبژێرێت بۆ (ویلایەتی) یەکەم.» لەکاتێکدا لە ماددەی (٢)دا هاتووە کە پاش بەکۆتاهاتنی ماوەی (ویلایەتی) یەکەم، هاووڵاتیانی کوردستان- عێراق بە دەنگدانێکی گشتی و نهێنی و ڕاستەوخۆ سەرۆکێك بۆ هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێرن. هەرچی ماددەی (٨)ە دەڵێ: ئەو پاڵێوراوەی زۆرینەی سادەی دەنگەکان بەدەست بێنێ، بە براوە دادەنرێ. واتە سیستەمی پێڕەوکراو برێتی بووە لە سیستەمی زۆرینەی سادە، یان (براوەی یەکەم). دەربارەی مەرجەکانی پاڵاوتن بۆ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان- عێراق، ئەوا یاسادارێژ مەرجی پلەی خوێندنی بەلاوە ناوە، واتە دەکرێ کەسێکی نەخوێندەواریش خۆی بۆ بەرزترین پۆستی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمدا بپاڵێوێ. بە ڕای ئێمە ئەمە کێماسی و کەلەبەرێکی قانوونەکەیە و دەبێ لە ئایندەدا ئەو کێماسییە نەهێڵدرێ بە تایبەتی ئەم مەرجانە دەقاودەق لە قانوونی ژمارە (٢)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەرێمی کوردستاندا ڕاگوێزراونەتەوە.

---

١٢٢- یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٧ پێی دەگوترێ یاسای وەستاندنی کار بە یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٩٢ی (یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد).

### ٥-٣-٣: قانوونی یەکەمین و دووەمین هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

بە گوێرەی ماددەی (١)ی قانوونی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٦)، واتە قانوونی یەکەمین هەموارکردنەوەی قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)، پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم بڕیاری لێدراوە کە لە هەمانکاتدا دەبێتە جێگری فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگە.

هەرچی دووەمین هەموارکردنەوەی قانوونی سەرۆکایەتیی هەرێمیشە، ئەوا بە گوێرەی قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٩) دەرچووە و بەپێی ئەم هەموارەش گۆڕان بەسەر دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، بەڵام هیچ گۆڕانێك بەسەر سیستەمی هەڵبژاردن، یان فۆرمۆڵەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمدا نەهاتووە.

بەڕێز مەسعود بارزانی لە کۆبوونەوەی ڕۆژی (١٢ی ٦ی ٢٠٠٥)دا و بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (٣)ی پارلەمانی کوردستان و ماددەی (١٧)ی قانوونی ژمارەی (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی سەرۆکایەتیی هەرێم، لە لایەن پارلەمانی کوردستانەوە، بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردراوە و لە ٢٠٠٦دا قانوونی سەرۆکایەتیی هەرێم بۆ دیاریکردنی جێگری سەرۆك هەموارکرایەوە.

پێویستە ئاماژە بۆ ماددەی (٢)ی قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بکرێ کە تێیدا هاتووە: دەبێ سەرۆکی هەرێم لە هەڵبژاردنێکی نهێنی و ڕاستەوخۆ لە لایەن هەڵبژێرانی هەرێمی کوردستانەوە هەڵببژێردرێ. لە پاش بەکۆتاهاتنی (ویلایەتی) یەکەم، پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی هەرێم لە (٢٥ی ٧ی ٢٠٠٩)دا بەڕێوەچوو کە بەڕێز مەسعود بارزانی بە زۆرینەیەکی ئاشکرا و خویا سەرکەوت، ل گۆڕ دەقی ماددەی (٨) کە باس لە بەدەستهێنانی زۆرینەی سادەی دەنگە ڕاستەکانی دەنگدەران دەکا.

### ٥-٣-٤: قانوونی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠١٣)ی درێژکردنەوەی (ویلایەت)ی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

لە سۆنگەی ئەنجام نەدانی هەڵبژاردن بۆ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و کۆتاییهاتنی ماوەی (ویلایەتی) بەڕێز سەرۆکی هەرێم و بۆ نەهاتنەئارای بۆشایی

دەستووری، پارلەمانی کوردستان لە (٣٠ی ٦ی ٢٠١٣)دا لە کۆبوونەوەیەکی بەدەنگەدەنگ و دژایەتیی ئەندامە بەرهەڵستکارەکانی ناو پارلەمان، دەنگی بۆ درێژکردنەوەی (ویلایەتی)ی بەڕێز سەرۆکی هەرێم دا. لێ سەرەڕای ئەوەش، ئەو قانوونە بە زۆرینەی دەنگەکان پەسندکرا و لە مادده (١)ی قانوونەکەدا هاتووە کە تا (١٩/ ٨/ ٢٠١٥) ویلایەتی سەرۆکی هەرێم درێژ دەکرێتەوە و جارێکی دیکە درێژ ناکرێتەوە. بەمشێوەیە دەرچوونی ئەم قانوونە ڕادەیەکی بۆ ئەو گەنگەشەیەی ئەودەم دانا کە داخوا بەڕێز مەسعود بارزانی مافی خۆ پاڵاوتنەوەی بۆ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان هەیە، یان نا. بۆ زانین حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن داوایان دەکرد کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەناو پەرلەماندا هەڵببژێرێ تا بتوانرێ لە لایەن ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانانەوە لە هەرێم لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێ.

### ٥-٣-٥: قانوونی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٧)ی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمدا و، قانوونی ژمارە (١٠)ی ساڵی ((٢٠١٨))ی هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

پاش بەکۆتاهاتنی ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم و نەگەیشتن بە ڕێککەوتنێکی سیاسی بۆ پڕکردنەوەی پۆستی سەرۆکایەتی، بە تایبەتی لە نێوان هەردوو حزبی سەرەکیدا، هەروابێتەوە وەك ئەنجامێکی داوای حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە پێویستە سەرۆکی هەرێم لەناو پارلەماندا هەڵببژێردرێ نەك لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی ڕاستەوخۆوە، لەوما پاش (١٩ی ٨ی ٢٠١٥)ش بەڕێز مەسعود بارزانی بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی شوورا لە هەرێمی کوردستاندا لە پۆستەکەی خۆیدا مایەوە و لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی خۆیدا بەردەوام بوو، چونکە هەم هێشتا جێگرەوەیەکی بۆ دانەنرا بوو و هەم تا بۆشایی دەستووریش لە هەرێمدا پەیدا نەبێ. بەڵام پاش ڕووداوەکانی (١٦)ی ئۆکتۆبەر و لە ئەنجامی هێرش و پەلاماری هێزەکانی عێراق و «حەشدی شەعبی» بۆ سەر هەرێمی کوردستان و بەرپابوونی شەڕوشۆڕ لە ئاکامی بەڕێوەچوونی ڕیفراندەم لە (٢٥ی ٩ی ٢٠١٧) دا و دەنگدانی زێتر لە (٩٢٪) هەڵبژێرانی هەرێم و ناوچە زۆرینە کوردنشینە کێشەلەسەرەکانی دەرەوەی هەرێم بە قازانجی سەربەخۆیی هەرێم، پەرلەمانی

کوردستان دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی لە نێوان هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریدا دابەشکرد و لە (٢٩ی ١٠ی ٢٠١٧)دا پارلەمان دەنگی بە پرۆژەی قانوونەکە دا تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی هەرێم و هەڵبژاردنی ئەندامانی خولی پێنجەمی پارلەمانی کوردستان. باندۆری پرۆسەی ڕیفراندەم بۆ سەر باری سیاسی و تەناهی لە عێراق و هەرێمدا خویا و ئاشکرا بوو، هێرش و پەلامارێکی میدیایی و سیاسی توند لە لایەن حزبە سیاسییە شیعی و تەنانەت سوننەکانیشەوە بۆ سەر سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد، ئەمە بێ لە هەڵوێستی ناجێگیر و ڕاڕای چەند حزبێکی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا کە لایەنگری پرۆسەی ڕیفراندەم بوون، یان بەشدارییان تێدا کردبوو و پاش ڕووداوەکانی (١٦)ی ئوکتۆبەر کەوتنە بەرەی دژەوە.

پارلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەی (١١ی ٧ی ٢٠١٨)دا دەنگی بۆ هەڵپەساردانی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم و بەردەوامیی کارکردن بە قانوونی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٧)ی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم دا. لە مادده (١)ی قانوونی ناوبراودا دەڵێ: هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم هاوکاتی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پارلەمانی کوردستاندا ئەنجام نادرێ و ئەندامانی خولی پێنجەمی پارلەمانی کوردستان پاش هەڵبژاردنیان بابەتی سەرۆکایەتیی هەرێم، یەکلادەکەنەوە.

### ٥-٣-٦: قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٩)ی کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

دوای ئەوەی پارلەمانی کوردستان قانوونی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٤)ی تایبەت بە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی پەسندکرد، کۆمیسیۆنێکی تایبەت بە هەرێم و گرێدراو بە پارلەمان هاتەئاراوە و لە (٣٠ی ٩ی ٢٠١٨)دا ئەو کۆمیسیۆنە تایبەتە هەڵبژاردنی ئەندامانی خولی پێنجەمی پارلەمانی کوردستانی ئەنجامدا کە پارتی دیموکراتیی کوردستان پلەی یەکەم و (٤٥) کورسی بردەوە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پلەی دووەم و (٢١) کورسی و بزووتنەوەی گۆڕانیش پلەی سێیەم و ژمارەی کورسییەکانی کەمبۆوە و بووە (١٢) کورسی. پاش ئەوە هەموو چاوەکان خرانە سەر کاراکردنەوەی

سەرۆکایەتیی هەرێم تا پراکتیزەی ئەو دەسەڵاتانە بکات کە لە قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) و هەموارکردنەوەکانیدا هاتوون. پاش ئەوە، زۆرینەی حزبە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە پێویستە سەرۆکی هەرێم لە لایەن پەرلەمانی هەرێمەوە هەڵببژێردرێ، نەك بە دەنگدانێکی گشتی و ڕاستەوخۆوە. لەم سەرینەشەوە، پەرلەمانی کوردستان لە (٨ی ٥ی ٢٠١٩)دا دەنگی بۆ قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٩)ی کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دا و هەردوو قانوونی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٨) و ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٧)ی تایبەت بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم و هەڵپەساردانی ئەرك و فەرمانەکانی، بە گوێرەی ماددەی (١) و (٢)ی قانوونەکە هەڵوەشێنرانەوە.

بە گوێرەی ماددەی (٣)ی قانوونەکە، وەك هەڵاواردنێکی حوکمی مادده (٢)ی قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی تایبەت بە سەرۆکایەتیی هەرێم، سەرۆکێك بۆ هەرێم هەڵدەبژێرێ کە هەموو ئەو دەسەڵاتانەی لە قانوونی سەرەوە و هەموارەکانی داهاتوون، پیادە دەکا تا ئەو دەمەی دەستوورێك بۆ هەرێم کوردستان دادەنرێ و پەسند دەکرێ کە دەبێ دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم و شێوازی هەڵبژاردنی تێدا جێگیر بکرێ. هەر لەو ماددەیەدا هاتووە کە «سەرۆکی هەرێم دوو جێگری دەبێ».

لە ماددەی (٤)دا هاتووە کە پارلەمانی کوردستان داواکاریی خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەردەگرێ کە لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامان هەڵدەبژێردرێ. واتە ئەو پاڵێوراوە بە براوە دادەنرێ کە دەنگی نیوەی ژمارەی ئەندامانی پارلەمان بەدەست بهێنێ، لە بارێکدا هیچکام لە پاڵێوراوەکان زۆرینەی ڕەها نەهێنێ، ئەوا هەڵبژاردن لە نێوان ئەو دوو پاڵێوراوەی کە زۆرترین دەنگیان هێناوە دووبارە دەکرێتەوە. هەرچی ماددەی (٥)یشە، باس لە ماوەی سەرۆکایەتیی هەرێم دەکات کە لەگەڵ کۆتاییهاتنی ماوەی خولی پارلەماندا ئەویش بە دیماهی دێت. بەپشتبەستن بەم قانوونە، پارلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەی ڕۆژی (٢٨ی ٥ی ٢٠١٩)دا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆك هەڵبژارد بە زۆرینەی (٦٨) دەنگ لە کۆی (٨١) ئەندامی ئامادەبووی کۆبوونەوەی پارلەماندا. لەکاتێکدا پەرلەمانی کوردستان لە (١١١) ئەندام پێکدێت. ئاخر هەندێ فراکسیۆنی پارلەمانی، بە فراکسیۆنی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیشەوە کە لە (١٩٩٢)ەوە هاوبەشێکی بنەڕەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە دامەزرانی حکوومەتی هەرێمەوە، بایکۆتی ئەو کۆبوونەوەی ناوبراویان کرد.

پاشان سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان، بەڕێز مەسرور بارزانی ڕاسپارد کە کابینەی حکوومەت پێکبهێنێ، بەو پێیەی ناوبراو پاڵێوراوی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کە فراکسیۆنێکی بە ژمارە هەرە گەورەی ناو پارلەمانی کوردستانە. شایانی گوتنە ڕاسپاردنی سەرۆکی حکوومەت تا هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ بۆ هەرێم دواکەوت. بە ڕای ئێمە ئەو دواکەوتنە، هیچ پاساوێکی قانوونی نەبووە، چونکە تا (٨ی ٥ی ٢٠١٩) قانوونی ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠١٧)ی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم بەرکار بووە، واتە تا دەرچوونی قانوونی ژمارە (١)ی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و، پاشان ئەندامانی خولی پێنجەمی پارلەمانیش لە (٣٠ی ٩ی ٢٠١٨)ەوە هەڵبژێردرابوون و بەپێی بڕگەی (٤)ی ماددەی (١) ی قانوونی ژمارە (٢)ی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمیش، ڕاسپاردنی پاڵێوراوی سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێم ببووە دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری لە هەرێمدا. ئەمەش لایەنێکی ئاڵۆز و پاڵۆزیی دیمەنی سیاسی و تەنانەت دەستووری و قانوونی لە هەرێم نیشاندەدات لەبەر نەبوونی دەستوورێك لە هەرێمی کوردستاندا، هەرچەند ماددە (١٢٠)ی دەستووری عێراق بەڕاشکاوانە ئەو دەرفەتەی بە هەرێم داوە کە دەستوورێکی تایبەت بە خۆی هەبێ. ئاخر تا ئێستا ئەو قانوونانەی لە پارلەمانی کوردستانەوە دەردەچن، پشت بە ماددە (٥٦)ی قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) و هەموارکردنەوەکانی دەبەستن. وەکوو دەزانرێ ئەم قانوونەش لە لایەن بەرەی کوردستانییەوە، وەك دەسەڵاتێکی دیفاکتۆ لە کاتی خۆیدا دەرچووە.

ئێمە پێمان وایە کە چەند حوکمێکی قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) ی سەرۆکایەتیی هەرێم پێویستیان بە گۆڕان و دەسکارییە. گرنگترینیان میکانیزمی هەڵبژاردنی سەرۆکە. دیارە ڕێگەی هەرە دروست ئەوەیە کە سەرۆك لە هەڵبژاردنێکی گشتی و ڕاستەوخۆ و نهێنیدا هەڵبژێردرێ، ئەوەیش لەبەر ئەو دەسەڵاتە گرنگانەیە کە لە قەبەڵ سەرۆکی هەرێم کراون و، سیستەمی پێڕەولێکراوی هەڵبژاردنیش ببێتە سیستەمێکی زۆرینەی ڕەها، واتە ئەو پاڵێوراوە

بە براوە دابنرێ کە زیاتر لە نیوەی دەنگە ڕاستەکانی دەنگدەران لە هەڵبژاردنێکی ئازادی گشتی و ڕاستەوخۆدا بەدەست بهێنێ.

هەروا پێمان وایە و بە گرنگیشی دەزانین کە ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بکرێتە پێنج ساڵ نەك چوار ساڵ تا دەستەبەری بەردەوامیی ژیانی سیاسی بکرێ و هیچ بۆشاییەکی دەستووری پەیدا نەبێ و پراکتیکە دەستوورییەکان پاش بەکۆتاهاتنی ماوەی هەر خولێکی پەرلەمانی پەکیان نەکەوێ. هەمان ڕەوش و باریش لە عێراق لە ئارادایە و دەبێ چاوی پێدا بگێڕدرێتەوە و ماوەی ویلایەتی سەرکۆمار و سەرۆکی هەرێم بکرێنە پێنج ساڵ و تەنیا بۆ جارێکی دیکە هەڵببژێردرێنەوە، واتە هەم پاڵێوراوی سەرۆکی عێراق و هەم پاڵێوراوی سەرۆکی هەرێم بۆیان نەبێ زێتر لە دوو خولی یەك بە دوای یەك، یان دوو خولی لێکجودا ئەو پۆستە وەربگرن.

# دیماهی

له دیماهی ئەم لێ تۆژینەوەیەدا کە جۆرە هەرە گرنگەکانی سیستەمێن هەڵبژارتنێ و جێبەجێکردن و شێوەکانی هەر سیستەمێکمان دایە بەر باس و لێکۆڵینەوە و هەوڵمان دا هەم لایەنە باشەکان و هەم خەوشەکانی هەر سیستەمێکیان بە تەنیا بخەینەڕوو، هەروابێتەوە هەم قانوونەکانی هەڵبژاردنمان لە عێراق شرۆڤە کرد بۆ زانینی ئەو سیستەمانەی هەڵبژاردن کە لە ساتەوەختی سازدان و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکاندا، هەر لە دەرچوونی یەکەمین قانوونی هەڵبژاردنەوە تا ئێستا، پێڕەویان لێ کراوە و تێبینی و بۆچوون و ڕای خۆمان لەسەر جۆرەکانی ئەو سیستەمانەی لە عێراق جێبەجێکراون، دەربڕیوە. لە دیماهیی ئەو باسەدا، سەربارى دەرەنجامەکان، هەوڵ دەدەین کە هەندێ ڕاسپاردە و پێشنیاریش بخەینەڕوو.

# دەرەنجامەکان

١. ئەگەر تێبینی پێڕەویکردن لە سیستەمێن زۆرینە لە چەند دەوڵەتێکدا بکرێ، نادادپەروەریی زۆربەی ئەو سیستەمانەمان بۆ دەردەکەوێ کە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتانەمان وەکوو خۆی ناخەنە پێش چاو. هەروا پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان دەکەونە بەر ستەموزۆرەوە و، دەوری ئافرەتانیش لە بەشداریکردن لە چالاکی سیاسی و لە ئەندامێتیی ئەنجوومەکانی نوێنەرایەتی و دامەزراوە دەستوورییەکانی دەوڵەتدا دەخەنە پەراوێزەوە.

٢. سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی، سیستەمێکە کە بە شێوەیەکی دیار و خویا ویست و خواستی زۆربەی پێکهاتە و تیرە و تایفەکانی کۆمەڵگەی هەر دەوڵەتێك دەردەبڕێ و باشتر نوێنەرایەتی ئاراستە و تەوژمە سیاسی و حزبییەکانی ئارا دەکات.

٣. ناجێگیریی سیاسی و ڕاڕایی هەندێ حزبەکان، بە تایبەتی حزبێن بچووك لە نێوان بەشداریکردن لە حکوومەتدا و کارکردن وەکوو ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسیی دەستووری، سۆنگەی ئەوەن کە پێڕەویکردن لە سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی ببێتە هۆیەکی گرنگ بۆ پێکهاتنی هاوپەیمانی و هەڤاڵبەندیی ڕاڕا و لەسەرینی ئەمەشەوە ناسەقامیریی حکوومەتەکان و نەپڕژانە سەر جێبەجێکردنی ئەرك و بەرنامە و تێڕوانینە ئابووری و سیاسییەکانیان.

٤. بە خوێندنەوەی تاقیکردنەوەی وڵاتان لە جێبەجێکردنی سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی بە تایبەتی لەو دەوڵەتانەی کە هێشتا لە ئاستێکی نزم، یان ناوەنجی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدان، دەردەکەوێ کە ئەو سیستەمە و دیموکراسیی «تەوافووقی» پێوەندییەکی توندوتۆڵیان لە نێواندا هەیە. چونکە پێڕەوکردنی ئەو سیستەمە لەسەر حیسابی زۆرینەی پارلەمانییە، واتە دەشێ بڕیاری سیاسی بکەوێتە بەر ڕەحمەتی کەمینەیەکی پارلەمانییەوە.

٥. ڕایەڵکەیەکی تۆکمە و توند لە نێوان سیستەمێن زۆرینە و سیستەمی دووانەی حزبی و لەوانەیە (سیستەمی تاك حزبی)دا هەبێ، هەرچی سیستەمێن نوێنەرایەتیی ڕێژەیین ئەوا بە شێوەیەکی دیار و خویا بە سیستەمەکانی فرە حزبی و سیاسییەوە گرێدراون.

٦. پێڕەویکردن لە سیستەمەکانی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی و سیستەمێن تێکەڵاو (تەنانەت هەندێ جۆری سیستەمەکانی زۆرینە)ش پێویستی بە بوونی دامەزراوەیەکی خودان شارەزایی زۆر و پسپۆڕ هەیە لە بواری هەڵبژاردنەکاندا کە بتوانێ پرۆسەکانی هەڵبژاردن بەڕێوە ببات و پیادە بکات. چونکە ئەو سیستەمانە، ئاڵۆز و پاڵۆزن بە تایبەتی لە پرۆسەکانی ژماردن و لێکجوداکردنەوەی دەنگەکان و دابەشکردنی کورسییەکانی نوێنەرایەتی بەسەر لیستە براوەکان و پاڵێوراوەکانی هەر لیستێکی هەڵبژاردندا.

٧. ئەگەرچی سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی لە ڕووی میکانیزمی پاڵاوتنەوە بە لیست بەستراوەتەوە، لێ لیست بە تەنێ سەروکاری بەو سیستەمەوە نییە، بەڵکە وەکوو دەردەکەوێ هەندێ جۆری سیستەمی زۆرینەش وەکوو سیستەمی دەنگدان بە کیتلەی حزبی، پاڵاوتنیان بە لیست تێدا پەیڕەودەکرێ.

٨. هەرچەند هەندێ جۆرێ سیستەمی هەڵبژاردن هەن وەکوو «یەك دەنگی ڕانەگوێزراوە، سیستەمی دەنگی سنووردار و سیستەمی بۆردا» کە خەڵکێك

به جۆرێکی تایبەتی سیستەمی هەڵبژاردنیان دەزانن، لێ بە ڕای ئێمە پاش لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لەو سیستەمانە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو سیستەمانە بریتین لە چەند جۆرێکی سیستەمی زۆرینە. هەر لەم سۆنگەیەشەوە ئێمە لەناو جۆرەکانی سیستەمێن زۆرینەمان داناون. چونکە پێوەری جیاوازیی لە نێوان هەردوو سیستەمی زۆرینە و نوێنەرایەتیی ڕێژەیی بریتییە لە چۆنیەتی دابەشکردنی کورسییەکان بەسەر پاڵێوراوان، یان لیستە سەرکەوتووەکاندا. سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی پشت بە دەرهێنانی «تێکڕای هەڵبژاردن»، یان «کۆلکەی هاوبەش» دەبەستێ کە لەو سیستەمەدا ڕێژە و ڕێژەکارییەك لە نێوان ژمارەی دەنگەکانی قەوارەیەکی دیاریکراو و ئەو کورسییانەدا هەیە کە بەدەستی دێنێ. هەرچی سیستەمی زۆرینەیە، پشت بە هەژمارکردنی زۆرینەی ئەو دەنگانە دەبەستێ کە بە لیستێ، یان پاڵێوراوێ دراوە تا بە براوە بزاندرێ. لەوما ئەو سیستەمانەی لە سەرێ ئاماژەمان پێ کردن پشت بەو میکانیزمە دەبەستن و هەر لەم سۆنگەیەشەوە ئێمە لەناو جۆرەکانی سیستەمی زۆرینەمان داناون.

٩. سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی لە گەلێ وڵاتدا بە دەستەبەری پاراستنی فرەیی سیاسی و حزبی دەزانرێ و بە سیستەمێکی هەرە نموونەیی دادەنرێ بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە تازە لە حکوومەتێن دیکتاتۆری، یان لە داگیرکاریی بێگانە ڕزگاریان بووە، چونکە لە سۆنگەی ئەو سیستەمەوە هەموو توێژ و تەوژمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کە لە سایەی سیستەمگەلی دیکتاتۆری و ملهوڕدا پەراوێزخرابوون، نوێنەریان لە ئەنجوومەنەکانی نوێنەرایەتیدا دەبێ.

١٠. یەکێ لە جۆرەکانی خێزانی سیستەمەیلی زۆرینە کە لە هەموو هەڵبژاردنەکانی قۆناخی پاشایەتی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران، هەروابێتەوە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی لە سەردەمی حوکمڕانیی بەعسدا لە (١٩٨٠وە تا ٢٠٠٣) بەکارهاتووە، بریتی بووە لە (سیستەمی کیتلە). بە ڕای ئێمە ئەوە پێوەندیی بە ئاراستەکانی ئەو حکوومەتانەوە هەبووە لە کاتی خۆیدا کە هیچ گرنگیان بە نوێنەرایەتیی سەرجەم تایەفە و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی گەلی عێراق نەداوە کە بە شێوەیەکی دادپەروەر و هاوسەنگ نوێنەرایەتییان لە دەسەڵاتی یاسادانانی وڵاتدا هەبێ.

١١. دەردەکەوێ حزبە گەورە و حوکمڕانەکان لە پێڕەویکردن لە سیستەمەکانی هەڵبژاردن لە زۆر وڵاتاندا، لەوانە ئەزموونی عێراق لە دوای (٢٠٠٣)ەوە، کە

گۆڕانیان بە هۆی دەقگەلێکەوە تێدا دەکرێ، بەشێوەیەك دادەڕێژرێنەوە کە لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەو حزبانە یەکبگرنەوە و دەستەبەری مانەوەیان بن لە دەسەڵاتدا. قانوونی ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ (هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران)، هەروا قانوونی ژمارە (٣٦)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزا و ناحییەکان کە لە هەرێمێکدا ڕێك نەخراون، قانوونی ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠١٨)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاکان، قانوونی ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران باشترین بەڵگەن لەسەر ئەم بۆچوونەمان.

# ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

سیستەمە سەرەکییەکانی هەڵبژاردن، بریتین لە سیستەمی زۆرینە و سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی. هەر یەك لەو دوو سیستەمە لایەنی باشی خۆی هەیە و هەم خەوش و کێماسی. فەقیهەکانی قانوونی دەستووری و داڕێژەرانی سیستەمێن هەڵبژارتن بەپێی شیان و توان، زۆر هەوڵ دەدەن ئەو خەوش و کێماسییانەی ئەو دوو سیستەمە کەم بکەنەوە و سوود لە لایەنە باشەکانی هەردوو سیستەمەکە بەهەڤرا وەربگرن. لەوما پەنا بۆ پێڕەویکردن لە سیستەمە تێکەڵاوەکانی هەڵبژاردن دەبەن. هەر دەوڵەتێ کە پەنا بۆ سیستەمێکی تێکەڵاو دەبات، هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی، میراتی خۆی لە بواری پراکتیکی دیموکراتی و پێڕەوکردنی سیستەمەکانی هەڵبژاردن لە پێش چاودەگرێ. بەپشتبەستن بەو پێشینەیە، ئێمە لێرەدا هەندێ ڕا و پێشنیار لە بارەی هەڵبژاردنە جوداجوداکانەوە دەکەین هەم بۆ عێراق و هەم بۆ هەرێمی کوردستان.

### یەکەم: هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق

١. دەرچوواندنی قانوونێکی نوێی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران کە سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی تێدا بهێڵدرێتەوە، چونکە کاودانی سیاسی و جڤاکی لە عێراقدا سیستەمێك دەخوازێ کە دەستەبەری نوێنەرایەتیی هەموو توێژ و تەوژمە سیاسییەکان و هێزە کۆمەڵایەتییە کاراکان، پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لە ناو دەسەڵاتی یاسادانانی وڵات (ئەنجوومەنی

نوێنەران)دا بکات و پشت بە فۆرمۆڵەی (سانت لاگ)ی بنەڕەتی ببەستێ بۆ دابەشکردنی دەنگەکانی هەر حزبێك لە بازنەی هەڵبژاردندا بەسەر ژمارەکانی (١، ٣، ٥، ٧، ٩) دا و بە گوێرەی کورسییە تەرخانکراوەکانی هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن. چونکە ئەو سیستەمە، نوێنەرایەتییەکی هەرە بەرفرەی لێ دەکەوێتەوە و بە قازانجی حزبە بچووك و تازەکانیشە. چونکە قانوونی ئێستە، قانوونی ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٢٠) زۆر ناتەبایی و دژبەری لە نێوان ماددەکانیدا هەیە، سەرباری درز و کەلێنێکی زۆری تەکنیکی و کارڕایی.

٢. تایبەت بە کورسیی پێکهاتەکانیش، ئێمە بە فەری دەزانین کە ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکان بۆ پێکهاتەی ئێزدی لە پارێزگای نەینەوا زێدە بکرێ. ئەم پێشنیارەش پشتڕاستە بە بڕیاری دادگەی باڵای فیدراڵی، واتە بڕیاری ژمارە (١١/فیدراڵی/ ٢٠١٠) لە (١٤ی ٦ ی ٢٠١٠)دا. بێ لەوە تەرخانکردنی کورسییەك، یان زێتر بۆ ئێزدییەکان لە پارێزگای دهۆك. ئەمە سەرباری زێدەکردنی کورسییەکی دیکە بۆ کوردانی فەیلی لە پارێزگای بەغدا.، یان لە بەرانبەر ئەوەدا هەڵوەشاندنەوەی کورسییەکانی کۆتا بۆ ئەو پێکهاتانەی دەتوانن پاڵێوراوەکانی خۆیان بگەیەننە ناو هۆڵی پارلەمان، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ پاڵاوتن و کێبەرکێ ببەن لەسەر کورسییە تەرخانکراوەکانی کۆتای پێکهاتەکان. بە شێوەیەك تەنیا ئەو کورسییە تەرخانکراوانەی بۆ ئەم پێکهاتانەی خوارەوە بهێڵدرێنەوە: کریستیانەکان و سابیئەی مەندائی، تەرخانکردنی کورسییەکیش بۆ کاکەییەکان.

## دووەم: هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی هەرێمی کوردستان

١- دەرچوواندنی قانوونێکی نوێی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پارلەمانی کوردستان کە پشت بە سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی ل گۆڕ لیستی نیمچەکراوە ببەستێ (لیستی داخراو لەگەڵ بەباشترزانیندا). ئەو سیستەمە بۆ دابەشکردنی دەنگەکانی هەر حزبێکیش لە بازنەی هەڵبژاردندا پەنا بۆ فۆرمۆڵەی سانت لاگ ببات و بەسەر ژمارەکانی (١، ٣، ٥، ٧، ٩) دابەشیان بکات بە گوێرەی ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن و چەند کورسییەکیش بۆ پێکهاتەی ئێزدی، کاکەیی و عەرەبان تەبای ئەوانی دیکە تەرخان بکرێ. ئەو قانوونەش ببێتە جێگرەوەی قانوونی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) و هەموارە زۆرەکانی و، تەنیا و تەنیا تایبەت بێ بە ڕێکخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن.

چونکە قانوونی ژمارە (١) لە لایەن دەسەڵاتێکی یاساداڕێژی نا پسپۆڕەوە، واتە بەرەی کوردستانی، بەو پێیەی کە دەسەڵاتێکی دیفاکتۆی کاتی خۆی بووە، دەرچووە.

## سێیەم: هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان

١. پێمان وایە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە تەواوی عێراقدا پێویستی بە هەڵبژاردنی کەسانێکی وەسا هەیە کە نوێنەرایەتی هەڵبژێرانی پارێزگاکانی خۆیان بکەن و ئەو دەورە بگێڕن کە لێیان چاوەڕوان دەکرێ بەو پێیەی ئەو ئەنجوومەنانە وەکوو حکوومەتگەلێکی خۆجێی وان. لەوما پێمان وایە کە پێڕەویکردن لە (سیستەمی کیتلە)، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنگەلێکی لێهاتووی لێ دەکەوێتەوە، چونکە بە گوێرەی ئەم سیستەمە، هەڵبژێر دەتوانێ زێتر لە یەك پاڵێوراو لە بازنەیەکی فرە ئەندامدا هەڵبژێرێ، واتە هەڵبژێر دەتوانێ بەقەد ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی بازنەکەی، ئەوەندە دەنگە بدات. واتە دەتوانێ لە سەر کارتی دەنگدان، دەنگ بە هەر پاڵێوراوێك و لە چەند لیستێکی جودای هەڵبژاردن بدات بەبێ ئەوەی ئینتیمای حزبی پاڵێوراوان لەبەرچاو بگرێ. لە زۆرینەی سیستەمەکانی بلۆك «کیتلە»دا، هەڵبژێر دەتوانێ چەندی بوێ دەنگ بدات، مادامەکێ ژمارەی ئەو دەنگانەی داویە لە ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی بازنەکەی تێ نەپەڕیوە. لەوما ئەم سیستەمە، دەنگدانی ئازادانەی هەڵبژێری لە نێوان لیستە جوداکاندا و لە نێوان سیستەمی پاڵاوتن بە لیست و پاڵاوتنی تاکەکەس تێکەڵ کردووە، واتە خەسڵەتەکانی سیستەمی لیستی کراوە، بەڵام لێکجیاکردنەوەی دەنگی پاڵێوراوە براوەکان بە گوێرەی سیستەمی زۆرینەی سادە دەبێ، واتە ئەو پاڵێوراوانەی زۆرترین دەنگیان هێناوە لە سەرەوە بۆ خوارەوە و بەپێی ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکان، بە براوە حیساب دەکرێن. بەم پێیە و بە ڕای ئێمە پێڕەویکردن لەم سیستەمە دەبێتە هۆی بازدان بەسەر نەگەیشتنی هەندێ لە پاڵێوراوان بە تێکڕای هەڵبژاردن بە گوێرەی سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی هەروەکوو لە ئەزموونی عێراقی لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ خولی دووەم و لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا دەردەکەوێت و، لە ئەنجامی ئەوەشدا ڕێژەی ئەو دەنگانەی کە هیچ کورسییەکان چنگ ناکەوێ کەم دەبێتەوە. لەوما پێمان وایە زۆر

گونجاو و لەبارتر دەبێ بۆ واقیعی عێراقی کە فرە حزبی تێدا هەیە، ئەم سیستەمە بگرێتەبەر، چونکە لە هەمانکاتدا ئەو ئەنجوومەنانە پێویستیان بە ئەندامی پسپۆڕ و تەکنۆکرات لە بواری جودا جودا هەیە.

٢. قانوونی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاکانی هەرێمی کوردستان هەموار بکرێتەوە و ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی هەر پارێزگایەک بە شێوەیەک کەم بکرێتەوە کە لەگەڵ حوکمەکانی قانوونی ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠١٨)ی ئەنجوومەنەکانی ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێکدا ڕێک نەخراون تەبا و گونجاو بێ و ئەنجوومەنی قەزا و ناحییەکانیش کە تا نهۆ هیچ هەڵبژاردنێکیان بۆ ساز نەدراوە، هەڵبوەشێنرێنەوە.

٣. تەرخانکردنی چەند کورسییەک بۆ پێکهاتەی ئێزدی لە پارێزگای دهۆک، کورسییەک بۆ کاکەییەکان لە پارێزگای سلێمانی یان هەڵەبجە ئەگەر قانوونەکە هەموارکرایەوە بەو پێیەی کۆمیومنیتەی ڕەسەنزادەی ناو کۆمەڵگەی کوردستانن.

**لە دیماهیدا هیڤیا مە ئەوە کە ئەم لێ تۆژینەوە سادەیە، ئامانجی خۆی پێکابێت و دەرەنجام و پێشنیارەکان جێگەی سەرنجی لێکۆڵەران و ئەو کەسانە بن کە گرینگی بە پرۆسەکانی هەڵبژاردن دەدەن.**


نظام الفائز الأول
نظام الجولتين
نظام الصوت البديل
نظام الكتلة
نظام الكتلة الحزبية
النظام المتوازي



# هەڤپێچ

جمهورية العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
مجلس المفوضين

بسم الله الرحمن الرحيم

REPUBLIC OF IRAQ
The Independent High Electoral Commission
كۆماری عیراق
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان

العـدد : ح / ١٢ / ١٠٠٢٩
التاريخ : ١٣ / ١٢ / ٢٠١٢

## مجلس النواب / اللجنة القانونية

### م/ مقترح

**تهديكم المفوضية العليا المستقلة للانتخابات أطيب تحياتها...**

اشارة الى كتابكم بالعدد ( ٥٩٣ ) المؤرخ في ٢٠١٢/١٢/١٢ ، نود بيان ان المقترح الوارد فيه بشأن انتخابات مجالس المحافظات ٢٠١٣ لايمكن تبنيه وتطبيقه حالياً للاسباب الواردة في الاتي :

١. ان الجدول الزمني العملياتي للمفوضية مبني على اساس التمثيل النسبي وقد تم تصميم جميع الاستعدادات على ضوء هذا النظام وبالتالي من الصعب الانتقال الى نظام انتخابي اخر في التطبيق وهو ما ينطوي عليه المقترح الوارد من قبلكم وهو نظام الاغلبية .
٢. ان عملية تقسيم المحافظة الى عدة دوائر على اساس مجموعة من مراكز التسجيل او الاقتراع ( ايهما اقرب للتطبيق ) والمتقاربة جغرافياً لايمكن تطبيقها بسهولة وان هذا العمل يحتاج الى اجراءات مطولة تستغرق مدة زمنية طويلة وهي لاتنسجم مع مايهدف اليه نظام التمثيل النسبي من تمثيل نسبة النساء والمكونات .
٣. جرى العمل طبقاً للمعايير الدولية فيما يخص الدوائر الانتخابية ان يكون لها حدود ووزن الدائرة ، وبذلك فأن تبني قضية تقسيم المحافظة الى عدة دوائر انتخابية يحتاج الى مدة زمنية طويلة لضبط وزن كل دائرة بما يتلائم وعدد سكان تلك الدائرة .
٤. ان تطبيق المقترح اعلاه يتطلب وضع اجراءات جديدة خاصة بتحديث سجل الناخبين وبما يتلائم مع النظام الانتخابي الوارد فيه .

**للتفضل بالاطلاع ... مع وافر التقدير .**

سربست مصطفى رشيد
رئيس مجلس المفوضين
/٢٠١٢/١٢

<u>نسخة منه الى:</u>
- مجلس النواب / مكتب رئيس المجلس / للتفضل بالاطلاع ... مع التقدير .
- مجلس النواب / لجنة الاقاليم و المحافظات غير المرتبطة بأقليم / للتفضل بالاطلاع ... مع التقدير .
- مكاتب السادة المفوضين/ / للتفضل بالاطلاع ... مع التقدير.
- مكتب السيد رئيس الادارة الانتخابية/ للتفضل بالاطلاع ... مع التقدير .
- اللجنة العملياتية / للعلم ... مع التقدير .
- الامانة العامة/ القسم الاداري .. للحفظ .

دريد ١٢/١٣

بسم الله الرحمن الرحيم

| | | |
|---|---|---|
| جمهورية العراق<br>مجلس النواب<br>اللجنة القانونية | مجلس النواب<br>ئه نجومه نى نوينه ران | كوماری عيراق<br>ئه نجومه نى نوێنه ران<br>ليژنه ى ياسايى |

العدد: ٥٩٧

التاريخ: ١٢/١٢/ ٢٠١٢

**إلى/ المفوضية العليا المستقلة للانتخابات**

**م / مقترح**

**تحية طيبة ...**

بناءاً على المقترح المقدم من قبل مجموعة من النواب حول تبني مقترح المرفق، يرجى التفضل ببيان رأيكم حول امكانية المفوضية اجراء الانتخابات بموجب المقترح المقدم من الناحية الفنية.

**مـع التقديـر...**

- **المرافقات :-**
- **المقترح.**

مجلس النواب
اللجنة القانونية
الصادرة

**النائب**

**خالد شواني**

**رئيس اللجنة القانونية**

٢٠١٢/١٢/١٢

- **نسخة منه إلى : -**
- مكتب السيّد رئيس مجلس النواب ( الأستاذ أسامة النجيفي المحترم ) ... مع التقدير .
- مكتب السيّد النائب الأول لرئيس مجلس النواب ( د. قصي السهيل المحترم ) ... مع التقدير .
- مكتب السيّد نائب رئيس مجلس النواب ( الأستاذ عارف طيفور المحترم ) ... مع التقدير .
- الدائرة البرلمانية - قسم المتابعة التشريعية .

هاتف اللجنة : ٠٧٨٠١٩٧٧٠٣٧ — بغداد

## مقترح اجراء الانتخابات وفق آلية الدوائر المتعددة

1-تقسم المحافظة على عدة دوائر وفق الآلية الآتية:-

أ-يقسم ناخبي المحافظة على عدد المقاعد المخصصة لها ويكون الناتج هو عبارة عن عدد من الناخبين وهذا العدد يشكل دائرة انتخابية واحدة.

ب- تشكل الدائرة الانتخابية على أساس مجموعة من مراكز التسجيل الانتخابية او مراكز الاقتراع الانتخابية
( أيهما اقرب للتطبيق ) المتقاربة جغرافيا لتكون الدائرة الانتخابية داخل المحافظة من ضمن الدوائر الانتخابية الأخرى.

ت- يتنافس المرشحون وفق الدائرة الواحدة فقط ولا يحق لهم الترشيح ضمن دائرة انتخابية اخرى.

ث- ان تشكيل الدائرة الانتخابية الواحدة لا علاقة له بالوحدات الإدارية المعروفة في المحافظة وهي القضاء والناحية بل على اساس مجموعة مراكز التسجيل الانتخابية او مراكز الاقتراع الانتخابية .

2-من يحصل على أعلى الأصوات داخل الدائرة الانتخابية يكون هو المرشح الذي يحصل على المقعد المخصص للدائرة.

"التمثيل النسبي"

١- الحدود ودون الدائرة (جغرافيا بحدودها...)
٢- نظام الفائز الأول أو الأغلبية وليس التمثيل النسبي.
٣- المعيار الدستوري للدائرة الانتخابية هو العدد السكاني (الانتخابي) للناخبين.

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
مجلس المفوضين

REPUBLIC OF IRAQ
The Independent High Electoral Commission
كۆماری عیراق
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان

العـدد : ٤/١٢/٩٢٦
التاريخ : ١٤/١١/٢٠١٢

## مجلس النواب/ الدائرة البرلمانية (شؤون اللجان)

## م/ قرار المحكمة الاتحادية

**تهديكم المفوضية العليا المستقلة للانتخابات أطيب تحياتها...**

اشارة الى كتابكم ذي العدد (٩٤٧٩/٩/١) المؤرخ في ( ٢٠١٢/١١/١١) بشأن بيان رأي مجلس المفوضين حول عدم دستورية الفقرة (**خامساً**) من المادة (١٣) من قانون انتخاب مجالس المحافظات والاقضية والنواحي رقم ٣٦ لسنة ٢٠٠٨ المعدل، نقترح تعديل المادة (١٣) من القانون أعلاه لتقرأ وفق الآتي:

**أولا:** تقسم الأصوات الصحيحة لكل كيان على الأرقام الفردية الآتية (١,٣,٥,٧,٩,١١...... الخ) أي بعدد مقاعد الدائرة الانتخابية ثم البحث عن أعلى رقم من نتائج القسمة ليعطى مقعدا وهكذا ، حتى يتم استنفاذ جميع مقاعد الدائرة الانتخابية (سانت ليجو) أو تقسم الأصوات الصحيحة لكل كيان على الأرقام المتسلسلة (١,٢,٣,٤,٥.....الخ) إلى أن نصل إلى اكبر رقم من نتائج القسمة تستنفذ معه جميع مقاعد الدائرة الانتخابية ليكون (مؤشراً مشتركاً)،ثم تقسم عدد أصوات كل كيان على المؤشر المشترك والعدد الصحيح من القسمة يمثل العدد الكلي لمقاعد الكيان وفق المعادلة الآتية:

**عدد مقاعد كل كيان = عدد أصوات الكيان / (المؤشر المشترك) = عدد صحيح (طريقة هوندت)**

**ثانياً:** توزع المقاعد على مرشحي القائمة المفتوحة ويعاد ترتيب تسلسل المرشحين استناداً إلى عدد الأصوات التي حصل عليها المرشح ويكون الفائز الأول هو من يحصل على أعلى عدد من الأصوات ضمن القائمة المفتوحة وهكذا بالنسبة لبقية المرشحين على أن تكون امرأة في نهاية كل ثلاثة فائزين بغض النظر عن الفائزين الرجال.

**ثالثاً:** إذا حصل كيانان نتيجة قسمة الأصوات كما ورد في (**أولا**) على أصوات صحيحة متساوية ضمن الدائرة الانتخابية الواحدة،فتقوم المفوضية بإجراء القرعة بينهم ويعد فائزاً من تحدده القرعة.

**للتفضل بالإطلاع وان المجلس مستعد لإرسال عدد من أعضائه لشرح ماورد في أعلاه.**
**مع وافر التقدير**

**سربست مصطفى رشيد**
**رئيس مجلس المفوضين**

نسخة منه إلى :
- مجلس النواب / اللجنة القانونية... للتفضل بالإطلاع... مع التقدير
مكاتب السادة المفوضين.... للتفضل بالاطلاع... مع التقدير
- مكتب السيد رئيس الادارة الانتخابية... للتفضل بالاطلاع... مع التقدير

REPUBLIC OF IRAQ
The Independent High Electoral Commission
كۆماری عیراق
كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
مجلس المفوضين

العدد: غ/٩/٤٠-١٢
التاريخ: ٦/٧/٢٠٠٩

## برلمان كوردستان- العراق/ السيد رئيس البرلمان المحترم

## م/ الاستفتاء على دستور اقليم كوردستان العراق

تهديكم المفوضية العليا المستقلة للانتخابات أطيب تحياتها...

أشارة الى كتابكم ذي العدد ٩٠٢/٣/٤ في ٢٠٠٩/٦/٢٥ بشأن اجراء الاستفتاء على دستور الاقليم مع انتخابات رئاسة وبرلمان الاقليم في ٢٠٠٩/٧/٢٥ نود بيان الآتي:-

